# پەندی ژیان

پیشکەشەبەگیانی پاکی شەهیدی جوانەمەرگ



کاک ئیدریس بارزانی نەمر

شیعرو نووسینی

ئەحمەد دەشتی

1978

# ناوی کتێب

* پەندی ژیان .
* نوسەر: ئەحمەد دەشتی .1978
* چاپی یەکەم 2001 .
* بەیادی رۆژانی دوورەنیشتمان و کارەساتەکەی شۆرشی ئەیلولی مەزن .
* بە یادی گیانی پاک و بێ گەردی کاکە ئدریسی جوانەمەرگ و هەردەم لەیادم .

بەیادی گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و بە تایبەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گولانی سەرکەوتوو.

بەیادی خۆ ڕاگری و دلسۆزی و وەفای تەواوی ڕۆلەکانی هەمیشە وره بەرزو قارەمانانی ڕێبازیی بارزانی نەمر و هەموو هەڤالانی ئاوارەو دەربەدەرەکانی ئێران و دووره وەلاتان .

* بە یادی هەمووکوردێکی دلسوز و یارو دۆستان و کوردستانە ئازیزەکەم وشاری هەولێری دیرینم.
* ئەم پەڕتوکەم بەناوی( پەندی ژیان)ەوە پێشکەش دەکەم بەگیانی پاکی کاکە ئیدریس بارزانی نەمروهەمیشە لە یادم ئەوسەرکردەو شۆڕشگێڕەی کە هەردەم لە ناو دل و دەروونمان دا زیندووەو هەرگیز نامرێتن،ئەو جوانە مەرگەی کە لەناو خەبات و تێکۆشانی سەختی شۆڕشی مەزنی ئەیلول وشۆڕشی سەرکەوتووی گولان دا تا دوا هەناسەی ژیانی ساتێکیش لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئازادی خوازیمان هەرگیز نەسرەوت و هەمیشە وەک ڕابەرێکی گیانبازو تێکۆشەر لە مەیدانی بەربەرەکانی کردنی داگیرکەران و تەواوی

دوژمنانی دڕندەو زۆردارانی کوردو کوردستان دا بە سەر سەختی وەستاو گیانی پاکی شۆڕشگێڕانەی هەمیشە بەرزو شکەست ناپەزیر بوو، هەمیشە هوشیارو وریاو دوژمن ناسێکی پسپۆرو خەباتگێڕێکی چالاک و وەفادار بە هەڤالان و ڕێبازە مەزنەکەی بارزانی بوو،ماندوو نەناسێکی نەترس و بلیمەت بوو، ئەندازیاری ئاشتبوونەوەو یەکگرتنەوەی تەواوی ڕێزەکانی کوردو کوردستان بوو،مرۆیەکی سەبوورو کارامەو لێ هاتوو بوو،پێشمەرگەیەکی بە تواناو قالبووی گیانی پاکی شۆڕشگێڕی رێبازی بارزانی بوو، بۆ سەرخستنی ئاشتی و یەکگرتنی گەلی کوردلە هەموو ساتێکەوە ئەو مرۆیە مەزنە نموونەی سەروەری و شامێری وخەبات و تێکۆشانی ڕاستەقینەبوو، پاک و دلسۆزی خاک و نەتەوەکەی خۆی بوو،یارو یاوەری هەموو پێشمەرگەو دلسۆزێکی کوردو کوردستان بوو،چقلی ناو چاوی داگیرکەران و دوژمنانی کورد بوو.هەزران سلاو لە گیانی پاکی ئەو قوتابیە سەرکردە مەزنەی ڕێبازی بارزانی قارەمان و نەمرمان .

*

## وێنەی یادگارییم لە گەل دایکی ئازیزم دا



ئەمن کوردێکم دووره وەلاتم    قـــوربانی گەل و ڕێگەی خەباتم
مافی ژیانم لێ زەوت کـــراوه    خاک و لانەی خۆم لێ داگیرکراوه
شانازی دەکەم بەڕێبازی خۆم    بە کوردســـتان و کوردایەتی خۆم
تاکوردستانم سـەربەخۆ نەبێ    دڵی من هـــەرگیز ئاســـوده نابێ
بۆیەلەڕێگەی کوردوکوردسان    من پێشمەرگەمەگیان لەسەردەستان
هەولیمنلەڕێیی سەربەخۆییە    بۆ بەرزی ئالای ڕەمزی کوردییـــە
*

# شارەکەی خۆم



دەبیٚ کەی بیٚ سروەییٚ بێت
هەلم بگریٚ و بمباتەوەشارەکەی خۆم
لەم غوربەتەڕزگارم بیٚ وبگەڕێمەوە
بۆ لای کەس و یارانی خۆم
خۆشەویســـــتم وەلاتەکەم
تۆم خۆش دەویٚ و بۆت پەرۆشم
لێرە هەردەم لە دووری تۆ
پـــڕ لە خەم و دل نەخۆشـــــم
ئاواتەکەم نیشتمانە دڵگیرەکەم
ئەتۆمنت هێناوەتە ئەم غوربەتە
بۆیەش تەنیا وێنەی جوانی و
تۆپەرستی لە پایتەختی دڵی برینم
بۆ هەمیشە ناسڕێتەوە
دەروون پڕی حەزی تۆمە
لەڕوئیاکان تەنیا ئەتۆ وەدی دەکەم
کوردستانی ئارەزووی من
جگە لە تۆ چیترم نیە
تەنیا بۆ تۆ دڵ لیٚ دەدەم
هەر لە ڕێی تۆش قوربانیم و
هەموو ژین و گیانم دەدەم
ڕقم لێرە و لەم غوربەتە

تۆم خۆش دەویّ تۆم خۆش دەویّ
ئەویّ بۆمن دلۆڤان و شادی وخێرە
ئەویّ بۆمن چارەسەری
جەفاو خەم و ژانی ئێرە
ئەویّ بۆمن ئارامیەو بۆم هەوێنە
ئەویّ بۆمن خڕمەرام وخەم ڕەوێنە
تەنیا خاک و وەلاتی خۆم
جێگەی شادی و بەرزی ژینە
هەتا وێل و وا غەوارەو ئاوارەبم
هەرگیزلەژیان دل ئاسودەوئارام نابم
هەر دێمەوە وەلاتەکەی ئازیزەکەم
کڕنوش لەبۆداروبەردو خاکت دەبەم
*

# چەند پەیڤێک

جوانترین و بەسوودترین هەلس وکەوت ورەوشت بۆ هەر مرۆڤێک چاکە کردن و سەربەرزی ژیانە، باشترین هاکاریش لە ژیان دا بۆهەر مرۆڤێک سودوەرگرتن لە پەندو بەسەرهاتەکانی ژیانە، تەواوی گەورە پیاوان و ئەوانەی کە مێژووی سەربەرزی و شانازی میللەتانیان دروست کردووە هەر یەکە بەپێی بیرو باوەڕو بۆچونی خۆی وتەی مەزن ونرخ داریان بۆ میللەتان بە جێ هێشتووە کە هەمووی مایەی سەربەرزی و پێشکەوتن و شادی ژیانی مرۆڤایەتیە، منیش بە وەرگرتنی سود لەو وتە بە نرخانەی مرۆیانی کورد و میللەتانی جیهان ئەم کتێبەم بە شێوەی هۆنراوە نوسیوەتەوەو ناوم لی ناوە (پەندی ژیان) ئەم پەیڤەبەرزو بلندانەم بۆ سودی گشتی بە هۆنراوە نوسیوەتەوە ،خۆئەگەر مرۆ بتوانێ پەند لە هەموو کارە ناپەسەند و ناڕەوا و کارەساتەکان و هۆکارەکانی بەدبەختیەکان و نەهامەتیەکان و ناخۆشیەکانی ژیان و ڕۆژگاران وەربگرێت و هەمیشە گوێ ڕایەل و شەیدای وتەی بەرز و بۆچونە ڕاستییەکانی گەورە پیاوان بێتن، ئەوا زۆر بە دەگمەن مرۆڤ توشی بە نەهامەتی و ڕەنج و ئازاروجەفاو کوێرەوەری دەبێتن ، چونکە مرۆ هەرخۆی هۆکاری هەموو نالەباری و بە سەرهاتە تال و تفتەکانی خۆیەتی ، مرۆ کە دروست بووەو هاتۆتە جیهانەوە بۆ ئەوە پەیدا بووە کە هەمیشە سەربەست و مەردو مەردانە بژیت و هەموو کردەوەیەک و نەریتەکانی ژیانی سەربەرزانەی مرۆڤایەتی هەبێتن و ڕەچاوی بکات و لە هەموو پەیڤ و هاکارو ڕەوشتێکی باش داسەرپشک بێتن و دوور لەکردەوەی خراپ و هەموو ازارەکانی دژ بەمرۆڤ بێتن ، دەبێ هەر کەسێک بۆ خۆی بایی ئەوەندەی تیادا هەبێت و ئەوەندە بزانێت کە کامەباشەیە و کامە خراپەیە ، گرتنی ڕێبازی ڕاست و دروست بۆ بەختەوەری مرۆڤ لەهەموو سات وکاتێک دا دیارەو والایە،تەواوی

ڕێبازەکـانی ژیـانی سـەربـەرزانـە بـۆ هـەمـوو مرۆڤێـک هـەمیشـە کراوەتەوە،ئەوە تەنیاخودی مرۆڤە کە دەتوانێ بڕیاری چاکە کـردن و خراپە کردن بداتن ، دەبێت ئەگەر چاکەت پێ نەکرا خراپەش قـەت نەکەیت ، سروشتی ژیانی هەر کەسایەتی و مرۆڤێک بۆ ئەوەیـە کـە هەرگیز ڕێگەی چەوت نەگرێت و گومڕا نەبێتن و لە ژیان دا شادان و ئازادانەو شەرەفمـەندانـە بـژییتن ، ئـەوەش بـە هـەمـوو کـەسـێک دەکرێتن ئەگەربەڕاستی بیـر بکاتـەوەو گوێڕایـەلـی یاسـا ڕاسـت و دروستەکانی ژیانی خـودا پێـداوی ڕۆژگـاران لـەم جیهانـەدا بێـتن ، جوانترین هاکـارو ڕەوشـتی مـرۆڤیش ئـەوەیــە کـە کـاری بـاش و کردەوەی باش و پـەیڤـی بـاش و بیرکردنـەوەی چـاک فێـر بێـتن و هەرگیز هەق بە خـۆی نـەداتـن کـە کـارە نـاڕەواو ناڕاسـت و دژ بـە خۆشەویستی و دلسۆزی و سەربەرزی لە ڕوانگەی ڕاسـتی دەروونـی خۆی د اجێ بکاتەوەو لە مێشکی خۆی دا بیان ئاخنێتن ، دەبێت هەر مرۆڤێکی ژیرو زانا هەرگیز هەق بە خۆی نەداتن کە مافی خەلکی تـر زەوت بکاتن و زۆر لـە خـەلکـان بکـاتن و ڕێگـری و هـەرگیـز بـێ ویژدانی ودزی و درۆ و نیفاق بـوختـان بـە کـەس نـەکـاتن ، چاکـەو ڕاستی قەت پێشێل نەکاتن ، دەبێت هەمیشە دان بـە مـافی هـەمـوو مرۆڤێک لــە ژیـان دا بنێـتن کـە ئــەوەش مــایەی خۆشـبەختـی و سەرفیرازیە بۆ هەرکەسێک کـە لـە ژیـانی دا دژ بـە هـەمـوو یاسـاو ڕەوشتێکی ناپاکی مرۆڤان و هەلس و کەوتیان بێت و زانایانەو ژیرانە ڕەفتار بکاتن و خۆی نـەخاتـە بـەنـدو داوی نـەزانینـەوە، ئـەوجـۆرە کەسانەش هەمیشە بەختەوەر دەبن و سەرکەوتوونە لە ژیانیان دا کە پێڕەوی چاکەبن ، خۆ هەموو مرۆیەکی ژیر وزاناو بە تواناش هەمیشە پەند لە ژیان دا وەردەگرێت و خراپەکـاری تـوڕدەداتـن و زانایانـەو هوشیارانە ڕەفتار دەکات و چاکە دەکاتە سەرمەشقی ژیانی خۆی لـە هەمـوو سـات و ڕۆژگارێـک دا و هـەمـوو وتـە بـەرزەکـانی ڕێگـەی بەختەوەری و مرۆیاتی کە شامێران و مـەزنـەکـانی ئـەم جیهانـە بـە جێیان هێشتووەو فەرمویانەو باوەڕیـان پـێ بـووە لـە نـاو هـەسـت و

دەروونــی خــۆی دا جێگــە دەکاتــەوەو تــەواوی ڕێبــازە ڕاســت و دروستەکـان لــە نـاو مێشـــکی خـۆی دا دەئاخنێـت، ئـەو پـەنـد و ئامۆژگاریانەو هاکارانەی کە گەورە پیاوان ومرۆیانی ڕابووردووی پڕلە شانازی بۆیان بەجـێ هێشـتوین،ئەومرڤانـەی کـەبـۆ چـەسپاندن و فێربوون و زانایی مرۆڤ گەلێکیان خەبات کردووە دەبێ گوی ڕایەلـی گوفتارو قسە بە نرخـەکانیـان بـین ، دەبێـت ئـەو پـەیڤانـە هـەردەم ژیرانەو زانایانە بیان کەین بە سەر مەشقی هەمـووکردەوە و بۆچـون وگوفتارێکی ڕەوای خۆمان،دەبێ بەسەرهاتە تـاڵ و نالـەبـارەکـانیش بکەین بە ئەندەرزو سەرمەشقی ژیانمان،هەرکەسێ لە ژیـانی دا کـە پەند وەربگرێتن و خۆی لـە ئاستی چاکـە دا بـێ دەنـگ نـەکـاتن و ڕێگەی چەوت و نالەبار تورِ بـداتن و دوور لـە هـەمـوو شـێوەیـەکـی خراپەکاری بوەستێت ئەوا زۆر بە دەگمەن تووشی بە گیرو گرفتەکان وکوێرەوەری و نەهامەتیەکانی ژیان دەبێتن،منیش کە ئەم پەندانەم بەم شێوە ئاراستەی هاوسەر و ڕۆلە ئازیزەکانم لە ژیانی دەربـەدەری و نامۆیی دا کردووەو بەو هیوایەم کە گوێم لێ بگرن و پەند وەربگرن و زاناو ژیر و هوشیار بن و لە ژیان دا بەختەوەر بن و مـەبـەستیشـم سەربەرزی هەموو ڕۆلەیـەکـی دلسـۆزی کـوردەو ڕووم کـەلـەجگـەر گۆشە خۆشەویسـتەکانمـەو هیـوام بـۆ هـەمـوو کـوردێکی دلسـۆز و نیشتمانپەروەریشە و بە ئاواتـەوەم کـە هـەمـوو لـە هـەمـوو پـەنـد وەرگرتن بکەن بە بیـرو بـاوەڕ وکـارو کـردەوەی خۆیـان و هـەمـوو کوردێکیش لە ژیان دا هەرگیز پەند پشت گوێ نەخاتن و هەتاکو لـە ژیان دا سەرکەوتوو سەربەرز بژین.

ئەحمەد دەشتی

بەرلین

2001/7/1

# یادو بیرەوەری

دوای ڕوداوە دڵتەزێنەکـەی  شۆڕشـی ئـەیلـولی مـەزن و ئـەو کـارەسـاتە گـەورەیـەی کـەلـەسـالی 1975 لـە پشـتەوەڕا خەنجەرێکیـی ژەهـراویان لـە بزوتنـەوەی ئـازادیخوازی کـورد و کوردستانمان دا و دوژمنانی گەلی کورد  و ئەو زولمە پڕ لە تاونـەیـان بەرامبەر گەلی کورد کردو دیشمان کە یەزدانی مەزنـیش تۆلـەی لـە هەموو نەیاران کردەوەو بە دەردێکی بردن کە هۆکارەکەی نامـەردی و دڕندەیی ئەو نەیارانەی کوردبوو،دیمان  کە شای ئیران چـەنـد بـە کەسادی و بە چ شێوەیەک لە ناو چـوو، هـەواری بومیـدەنـیش خـوا دەردێکی دایە کە لە ناو هەزاران کەس یەکێک ئەو دەردە دەگرێت و لە ناوی برد، دوا جاریش وا دەبینین کە  سەدام و ڕژێمـەکـەی بـە چ دەردێکەوە گرفتارن و لە دوای ئەو هەموو زەبرو زەنگ و ئەنفال و بـە سەدان گوند خاپوور کردن و سـەدان هـەزار کـورد لـە نـاو بـردن  و کیمییا باران و ئەنفال کردنی کوردسـتان و شـەهیـد کردنـی شـاری هەلەبجەی قارەمان و هەزاران هەزار کارەساتی دژ بە گیانی مرۆڤـی کورد و تا توانیان زەبرو زەنگ و نـاڕەوایـیـان کرد،ئـەمانـە هـەمـووی نیشانەی ئەوەیـە کـە هـەرگیـز زۆرداری کـردن لـە چـەوسـاوەکـان وگەلانی هەژارو ژێر دەستە سەر ناکەوێت و ئاکامەکـەی هـەر سـەر شۆڕی مەرگە،ئەوانەی کە زۆرداری بە رامبەر بە گەلان دەکەن،ڕۆژێ هەر دێتن کە تۆلەیان لێ بێتەوەو تەفرو تونـا بین،ئێمـەی کـوردیش کـە سـالەهـای سـالە دەچـەوسـێنەوەو مـافی چـارەنوسـی خۆمـان نەبووە،هەمیشە مال و دارایی و هەرچی سەروەتی مللیشمانە بە تالان بردراوە، کەلتورو فەرهەنگـی کـوردەواریمـان هـەمـووی لـێ دزراوە، کوردستانمان تەعـریب کراو دەکەن و بە ئایەتی سـورەی ئـەنفـالی قورئانـەوە ئـەنفالیـان کـردین و دەکـەن، کیمیـا بارانیـان کـردین دەکەن،بە هەزارانمان لێ ون و وێـل و ئـاوارەو  دەربـەدەر کـردین و دەکەن، شارو گوندمان داگیر کراو دەکەن، بێگانەکان لە شوێنی بـاوو

باپیرانمان بە زۆری زۆرداری نیشتەجێ کران و دەکەن،بـێ بـەش و دوور لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتییان کردین ودەکەن،هەموو شتێ بـۆ میللەتی خۆیان بە ڕەوا دەبینن و بەلام بۆ گەلی کـوردی هـەژارو بـێ دەرەتان هیچ شتێ تەنیا پەیڤی زیگماکیشمان لێ قەدەغە دەکـەن و پێیمان ڕەوا نابینن،کوردیش وەک هەموو گەلانی ئەم جیهانە خاوەنی خاک و بوونی خۆیەتی،لە گەل ئەو هەموو زەبرو زەنگ و هـەولـی لـە ناو بردنمان بەو پەڕێ دڕندایەتیـەوە دەدەن و هـەرچیـەکـی کـە لـە دەستیان هاتبێ بـۆ لـە نـــــاو بردنـی کـورد و کوردسـتان درێغیـان نەکردووەو ئێستاش هـەر درێغـی ناکـەن، تـەنانـەت بڕیـاری جینـۆ سایدی کوردشیان داوە،بەلام هەرگیز نـەیـان توانیـوە کـە بـە قـەد زەڕەیەک کار لە بیرو باوەڕی کوردایەتـی بکـەن و گـەلـی کـورد لـە خەبات و تێکۆشـان دا لـە پێنـاوی ئـازادی و ڕزگـاری خـۆی دا و لـە بەرگری کردن لە مافی ڕەوای نەتەوایەتـی خۆیـەوە کـاری بکـەن و کۆل بە گەلی کورد بدەن، لە گەل ئەو هەموو زۆر داریەش دا دەبینین کە نەیارانی کورد لـە ئاکـام دا چـۆن خۆیـان گێـرودەی دەسـتی زۆر داری خۆیان دەبن و بە دەردی دڕەنـدەکـانی دیرۆکـی ئـەم جیهانـە دەچن و ئاوا گرفتاری خەم و ئازاران دەبن و دەکەونە بـەر نـەفرینـی تەواوی جیهانیان و ڕویان هـەر ڕەش دەبێـت و بـە هـەزارن تـف و نەفرینیان بۆ دەچێت.

لە سالی 1975دا لە دوای ئەو ڕووداوەگەورەیە و ئەو کارەساتە مەزنەی کە بە هـەزاران ڕۆلـەی کـوردی پـاک و دلسـۆز بـە خـاک و نەتەویەکەمان توشمان بە ژیانی دەربەدەری و ئاوارەیـی هـەنـدەران هات و کەوتینە ژیانێکی تا بلێی سەخت و نالەبارو ناخۆشەوە،کەوتینە بیابانەکانی خوارووی ئێراق و هەزارانمان ون و وێل کران،پتر لە سەد هەزار کوردی خەبـاتگێڕو دلسـۆزانمان ئـاوارەی ئێـران کران،بـەلام هەست و بیر و ڕامانی کوردایـەتـی و خـەبـات و تێکۆشـان و گیـانی شۆڕشگریمان هـەرگیـز کـز نـەبـوو ، بـە پێچـەوانـەوە ئـەو زولـم و زۆرداریەی کە کردیـان زیـاتر هانـدەری هاتنـەکایـەوەی شـۆڕش و

بەرخودان بوو ، هەر لە یەکەم ڕۆژی ئاوارەیی و دەربەدەری بوونمـان دا چاومان لـە ڕۆژێـک بـوو کـە دووبـارە بگـەڕێنـەوە کوردســـتانە شیرینەکەمان و خاکی نیشتمانی خۆمان ڕزگـارو سـەربـەخـۆ ببـێ و شۆڕشێکی تازەو سەر لە نوێ دەست پێ بکـەینـەوەو پـەنـدیش لـە هەموو نالەباری و ڕۆژگارەسـەخـت و ناخۆشـەکانمـان وەربگـرین و نەیـارانی کوردســـتان بـە تـەواوی تـەفـرو تونـا بکـرێن و ئـازاد و سەربەست لە ناو خاک و واری خۆشەویسـتمان دا لـە تـەک خـزم و کەسانمان بە یەکەوە بژین و ئەم ژیانـە سـەختـەی دەربـەدەریمـان نەمێنی و بە ســـــەربـەرزی بـە کوردسـتانی ئـازیزی خۆمـان شـاد ببینەوە ، ئێمە کە کەوتینە ئێرانەوە دوای ژیانییێکی تا بلێی سـەخـت و پڕ لە ناخۆشی ئۆردوگاو نەهامـەتیـەکـان دا دەژیـاین،ڕژێمی ئێرانـی شای گۆڕ بەگۆڕ هەلیـان داشـتین و بـە شـێوەیـەکـی زۆر نامرۆڤانـە سواری ماشێنە ئەڕتـەشـیەکانیـان دەکـرین و هـەر هـەنـدێکیان بـۆ شارێک و شـوێنێ لـە تـەواوی ئێـــران دا پـــەرت وبـلاو کـردین و هەمووومانیان زۆر نامرۆڤانە بە خەیالی توانـەوەمـان لـە نـاو ئێـران دا هەلیان داشـتین وتـا بلێـی ڕەفتاریشـییان لـە گـەلمـان دا لـە کـاتی گواستنەوەمان و دوایش زۆر خراپ بوو ، هەروەک بلێی کە ئەسـیری جەنگ بووبین ، بەبێ ئەوەی کە هـیچ مـافێکی پـەناهـەنـدەییشـمان بدەنێ و ژیانێکی مسۆگەرمان بۆ دابین بکەن ، وەک مرۆڤان چاومـان لێ بکەن و مافێکمان هەبێت ، ئەو هەموو ژن و مندالانەیان سـوواری پشتەوەی ماشێنە ئەرتەشیەکان دەکرد و بـۆ دوور تـرین شـوێن لـە سنووری کوردستانی باشورەوە هەلیان داشتین ، من لە گەل گەلێـک لە هەڤالانم دا لە دوای ئەوەی کە لە ئوردوگای ڕەبـەتـەوە بـە سـەر شارەکـانی دور لـە مـەرزی کوردسـتانەوە دابـەش کـراین کـەوتینـە مازەندەران و لەوێش لە شاری گونبەد کاوس گیرساینەوە ، هـەر لـە یەکەم ڕۆژەوە ئێمەیان بۆ ئیمام زادە یەحیایـەک بـردو لـە نـاو ئـەو گۆڕستانە جێ نشینیان کردین ، ئیمام زادە یەحیا ئەو شـوێنەیـە کـە خەلک دێنە زیارەتی و گۆڕستانێکە کە مـردووی لـێ دەشـێرنەوە،لـە

هەر چوار دەورەی ئیمامزادە یەحیادا حەوشـەیـەکـی گـەورەیـان بـە خـــانوو دروســـت کـــردووە کـــە ئـــەو خانوانـــە ژێـــرەوەیـــان گۆڕستانە،خانوەکان ژووری سێ بە چوار مەترین،هـەر ژوورەیـان بـە خانەوادەیەک دا،جا هەرچەند نەفەر بایە حسابی بۆ نەدەکـرا ، هـی وا هەبوو 10 سەر خێزان بـوو هـەروەک دووسـەر خێـزان دەژمێـردراو ژوورێکیان دەدایێ ئـەو شـــــوێنە کـە هـەم زیـارەت گـا بـوو هـەم گۆڕستان،تا بلێی ژیانی لێ سەخت بوو،لە هەموی ناخۆشتر ئەوە بـوو کە ڕۆژانی هەینی خەلک دەهاتنە ئەو شوێنە ئەوا سەیری ئێمـەییـان دەکرد و وەک بلێی زۆریان بەلاوە سەیر بووین کە ئەو مال و مندالانە لەو شوێنە داندراون و دەلین ، ئێمە کە چاومان بەو خەلکـە دەکـەوت وا لێمان موڕ دەبونەوە بەڕاستی نا ئـارام دەبـووین بـەلام چـارەمـان نەبوو ، لەگەل ئەو هەموو ئـازارو ڕەنـج و دەربـەدەریـەمـان دا ڕۆژێ نەبوو کە دیمەنی لە گۆڕنانی مردوێکیش نەبینین ، ئێمە کـە هـەمـوو ڕۆژێک ئەو دیمەنەمان دەدی دلتەنگ تر دەبووین و ژیانمان تا بلێـی سەخت و ناخۆشتر دەبوو ، ئێمە هەموو لامان گەلێک لەو وزەعەو لـەو شوێنەدا بێـزارو نـا ئـارام بـووین ، بـەلام هـیچ شتێکیشـــمان پـێ نەدەکرا،وەک بلێی دەست بە سەر کرابووبن،من و ماموسـتا نـەجـات وماموستا ســـەعـدەدیـن گـەلێکمـان هـەول دا کـە لـەو گۆڕسـتانە ڕزگاریمان ببـێ ، وابـوو دوای هـەولێکـی زۆر ڕوخسـەتیـان پێـداین کەئەوەی دەیەوێ بۆ خۆی لە ناو شاری گونبەد کاوسەوە خـانوو بـە کرێ بگرێتن ڕوخسەتی پێ دەدرێتن ، ئێمە هەرسێکمان بەیەکـەوە خانوێکمان لە ناو شاری گونبەد کاوسەوە بە یەکەوە بەکـرێ گـرت و سەرمان پێکەوە نا ، ئیتر بۆ ماوەیەکی زۆرلەو خانووەدا گیرسـاینەوە ، ژیانمان زۆر ناخۆش و پڕ لە نـەداری بـوو ، هـەر یـەکـەمـان تـەنیـا ژوورێکی بچوکمان بەرکەوت ، ئێمە وەک یەکمالەکی و وەک بـرا لـە گەل یەک لەو خانووەدا دەژیاین و زۆرمان سەبر بە یەکەوە دەهات و باوەڕمان بە یەکەوە هەبوو،یەکترمان خۆش دەویست ولەو غوربەتەدا دەردی دل و ئازارەکانمان بە یەکەوە لە گەل تـەواوی هـەڤـالانی تـر

دەکێشا، ئێمە کە چوینە گونبەدکاوسەوە کۆمەلێ لە هـەڤـالانی تـری ئاوارەکراومان پێش ئێمە لەوێ بوون،وەک هەڤال ڕەمـەزان عیسـا و کاک مەلا حەمـەدەمینـی مـەلا خـەلیل،کـاک مـەلاسـلێمان مـەولـود نانەکەلی و گەلێکی تـر ، ئێمـەکـە چوینـە نـاو شـارەوە زۆرمـان دل بەوانەوە خۆش بوو،مەلاحەمـەدەمـین و مـەلا سـلێمان هـەردوکیـان خزمی من بوون، جگـە لـەوەش هـەمووەمـان ئـاوارە بـووین و لـەوێ گێرساینەوەو دەردی دلی خۆمان بە یەکەوە دەکـرد ، پاشـان گـەلـێ برادەرانی تر هاتن وەک ماموەستا فواد حەمە لاوو کاک حـەمـە سـور حوسێن و کاک دکتۆر موحەمەد سالح کە هـەر لـە گـەل ئێمـە بـوون ئـەولـیش بـە خـۆی و مندلـەکانیانـەوە لـە ناوچـەی مینـو دەشـت گیرسانەوە کە هەمیشە سەبرمان بە یەکەوە دەهات و هاتوچۆیـەکـی گەرممان لە نێوانەوە هەبـوو، ئێمـە کـە چوینـە گونبـەد کاوسـەوە بـۆ یەکەم جـار هـــیچ یارمـەتیـەکمـان لـە لایـەن ڕژێمـی ئێـــرانەوە نەدەدرایێ ، لە دوای ماوەیەک و هەولێکی زۆر هەر یەکە لە ئێمەیـان لە یەکێ لە قوتابخانەکانی ڕاهنەمایی دامەزراند ، من لە (ڕاهنەمـایی کۆڕشی کەبیر) بەو پارە کـەمـەی کـە وەرمـان دەگـرت دامـەزرام و ژیانمان دەبردە سەرو هەڤال نەجات و هەڤال سەعدەدین و هـەڤـال فواد حەمـەلا و و فوئـاد فـەتـاح و موحـەممـەد شـیخۆی نـەمـریش هەریەکە لە قوتابخانەیەکی تـر دامـەزران ، مـن دەرسـی قورئـان و عارەبیم دەگۆتەوە ، دوای ماوەیەک من لە گەل کاری ماموسـتایەتـی بەو پارەیەی کە بەڕێز و هێژا کاک ئیدریس بارزانی نـەمـر بـە هـۆی شەهید مەلا عومەرعیسا بازانیەوە بۆی نـاردم و یارمـەتـی دام و زۆر جێگەی خۆی گرت ، هەستام کامیرایەکـی پۆلۆرایـدی فـەوریـم پـێ کڕی و لەڕۆژانی هەینی و پشودانی قوتابخانەو لە دوای نیوەڕۆیـان و پشوی هاوینی لە ئێمام زادەو جـەنگـەل گولسـتان و گونبـەدەکـەی کاوس کە شوێنێکی مێژوویەوە خەلک بۆ دیدار دێنە وێنـدەر،وێنـەی فەوریم دەگرت و کارو گوزەرانم لە پال کاری موعەللیمیەکەمـەوە لـە ڕووی مادیەوە زۆر باش بوو و چاک دەگـوزەرا، ئـەمـە بـۆمن بـوو بـە

سەرچاوەی ژیانێکی باش، هانی زۆر هەڤالانیشم دا کە بێن ئەو کـارە بکەن،پاشان هەندێ هەڤالانی تریش کامیرایان کڕی وەک ماموسـتا فوئاد حەمە لاوو ماموستا سەعدەدین ئەوانیش دەست بە کاری وێنە گرتن بوون لە پال کاری موعەلیمایەتیەوە،تا ئەو کاتەی کە لە گونبەد کاوس و شاری مینو دەشت ماینەوە وازمان لەو کارە نەهێنا،ئەم کارە بۆ ئێمە کارێکی بە دەرامەت بوو تا سالی1979 بـەوشـێوەیـەمـان بردە سەر و بۆمان گوزەرا کە ئەمانە هەمووی بیرەوەری تال و ڕۆژانی سەختی ژیانی دەربەدەریمانن.

هەر لە سالی 1976ڕا وردەوردە وەزع دەگۆڕا، دەنگ و باسەکـانی شۆڕشمان دەبیست ، زیاتر دلْمان شاد دەبـوو، لـە تـەواوی ئێرانـەوە گەلێ لە هەڤالان بە دزیوە پەیوەندیان بە شۆڕشی پیرۆزی گولانـەوە دەکرد ، هەڤالی زۆر خۆشەویست و نیشـتمانپەروەرم هـەڤـال مـەلا عومەر عیسا بارزانی نەمر کە لە ئیمام زادە دەژیا هەڤالێکی دلسـۆز و بەڕێز بوو ، من زۆرم سەبر پێوە دەهات ، ئێمە هەمیشە پێمان وابـوو کە زوو دەگەڕێنەوەکوردستان و لەو میحنەتە ڕزگاریمان دەبێت ،مەلا عومەر عیسا ڕۆلەیەکی پاک و دلسۆز و هەمیشە ورە بەرز بوو،زوو زوو چاومان بە یەکەوە دەکەوت ، هات و چـۆی خانـەوادەیمـان لـە گـەل یەک دا هەبوو ، هەمیشە (دەمـانگوت: زۆر نـەمـاوە شـۆڕش زینـدو دەبێتەوە و کوردو کوردستان سەردەکەوێت، ئەمجا ئێمەش بەم زوانە دەگەڕێینەوەکوردستان چیتر لێرە نامێنینەوەو پەند وەردەگـرین، ئـەم ژیانەی ئەمڕۆمان ژیانێکی سەختە،بەلام دەبێت خۆمـان ڕا بگـرین و تائەو ڕۆژەی کە هەلمان بۆ هەل دەکەوێتەوە)ئێمە هەمیشە ورەمـان بەرز بوو،کوردەکان هەموومان ڕێزمان لە یەک تر دەنا،من و هـەڤـال مەلا عومەر زۆر دۆستی یەکتر بووین و یەکترمـان خـۆش دەویسـت بەهۆی ئەوەش کە خێزانی کاک مەلا عومـەر واتـە خوشـکە تـەوێـی بەڕێز لە ڕۆژگارانی منداليمانەوە لە گوندی دارەبەن دەژیان ولە گـەل بـــرا بارزانیـــە قـــارەمانـــەکانمـــان ئـــاوارە کرابـــوون یـــەکترمـــان دەناسی،ئەوەش زیاتر کاری کردبووە سەر هاتو چۆی یەکتر کـردن و

چاو لە یەک بوونمان ، خۆشـکە تـەویێ واتـە خێزانـی هـەڤـال مـەلا عومەری نەمر لەو بارزانیەقارەمانانە بوو کـە لـە سـالانی چلـەکانـەوە ئاوارە کرابوون لە گەل گەلێ لە هەڤالانیان بە مال و منداڵانیانەوە لـە گوندی دارەبەن لە ناوچەی دەشتی هەولێر بە زۆری زۆرداری ڕژێمـی ئێراقەوە نیشتەجێ کرابوون و لەوێ گیرسابوونەوە،تەواوی خەلکیـی دارەبــەن و ناوچــەی بــەڕانــەتــی تــا بلێــی ڕێزیــان لــەو بارزانیــە نیشتمانپەروەرانە دەنا، ئێمەش ئـەو سـالانە لـەگونـدی دارەبـەن لـە ناوچەی بەڕانەتی کە بیست کیلۆمەترێک دوورە لە شاری هـەولێـری دێرین بــووین کە ئەوێ زێدی منە و من هەر لەو گونـدەخنجیلانـەو دلگیـرەو هـەوارە شـیرینەم دالـە دایـک بـووم ولـە وێنـدەر چـاوم هەلێناوەو ، باوکم مەلا خدر دەشتی کە بە مـەلاخـدری دارەبـەنـیش ناودارە مەلای گوندی دارەبەن بوو،ماوەی هەڤدە سالان لەو گوندە دا خەریکی خزمـەت کردنـی قوتابخانـەی ئـاینی بـووە،گـەلـێ زانــاو ماموستای پێ گـەیانـدوون،باوکم وەک نیشـتمانپەروەرێکـی دلسـۆز هەمیشەڕێزی لەو بارزانیانە دەناو دەیفەرمـوو:ئـەو بارزانیانـە چـاوی ئێمەن پێویستی سەر شانی هـەمـوو موسـەلمانێکـە کـە بـەو پـەڕی خۆشەویستیەوە یارمەتی ئەو برا بارزانیانە بدەن، دەیگوت ئەوانە لـە ڕێگــەی نیشــتمانەوە ئــاوارە کــراون ، ئــاخر باوکیشــم وەک مــەلاو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر کوردایەتی بە سەرچاوەی ژیان و خـەبـات دەزانی ، هەر لەو سالانەش بـوو کـە گـەلـێ لـە شـیعری نیشـتمانی نوسیوە و بە تایبەتی ئەم شیعرەی کـە تیـادا داوای یارمـەتـی دانـی شۆڕشی سەرکەوتوو و ئازادیخوازی بارزان دەکـاتن وڕوو لـە گـەلـی کورد دەکاتن و دەلێت کە پێویستە بۆ یارمەتی دانی شۆڕشی بـارزان خەبات بکەین وهەولی سـەرکـەوتنـی ئـەو بزوتنـەوە ئـازادیخوازەی بــارزان بــدەیــن ، بــاوکم یارمــەتــی دانــی شۆڕشــی بــە گیــانی نیشتمانپەروەری و موقـەدەس و واجبـی شـەرعـی دەزانـی و وەدی هاتنی دیموکراتیەتی بە لە ناوچونی داگیرکـەران و زۆرداران دادەنـاو هەولیشیی بۆ دەداو بۆهـەلگیرســـــان و هاتنـە کایـەوەی شـۆش و

سەرخستنی خۆی بە پێشمەرگەو پێکهێنەری شۆڕشـی ئـازادیخوازی دادەناو هەروەک لە شیعرێکی دا دەڵێت:

**ڕەشمالی ڕەشی کوردان شـیرو چەکی تێدایە**
**بۆ بەستنی شیرو چەک نەوڕەستەیی کوردانم**

بەڵێ گیان پاکیی دەشتی پڕ بوو لە خۆشەویستیی کـوردو کوردسـتان و بە پێی توانـای خـۆی بـە شــــیعرو پـەیڤـبـە نرخـەکـانی کـۆڕو مەجلیسانیشی هیچ درێغی نـەکـردووە ئـەم شـیعرەی خـوارەوە کـە باسی سـەرخسـتنی شۆڕشـی بـارزان و داگیرکردنیـی کوردسـتان و وەدی هاتنی دیموکڕاتیەت وهەڵگیرسانی شۆڕش دەکاتن بۆ ڕزگاری و سەربەخـۆیی کـوردو کوردسـتان لـە سـالانی چلـەکـانی نوسـیوەو دەڵێت:

## ساقی وەرە

ساقی وەرە یەک بادە شـــــــەڕابت بدە مادەم
واجیب بە مەلەک وەسلی تۆبووەسوجدەیی ئادەم
ئەگریجەو و زولفی تۆ وەکو لە شـــــکری کوردن
یەک تاجی وبیســــــالت بە بەریتـــــانیە نادەم
سـەد مەرگە لەهەر لەحزە کە فرمێسکی دوچاوم
جارێ بەوەلەندەن غەمی دل ســـا بەچی لادەم
هیجـــــــرانی من و سەیتەڕە و زولمی ڕەقیـــبم
لاســـــلکیە بۆ دەنگی هەلا و دەم بە هەوا دەم
گەر خونچەیی وەسلی تۆ سحەر بێتە تەبەسـوم
بۆ ناوی شـــــیووعە لە ســـــواریوە پــــیادەم
هەرکـــەس  بە بەرزی وەتـــەنی یارانە نەنـازێ
نازی نیـــە جەژنی ئەو هەر شــــەککەر و بادەم
قەددت عەلەمی کـــــوردە لە ســـەر گردە بناری
بۆ نوســــــــەتی بارزانە کە دوژمن بە فەنادەم
دەستووری دیموقراتیە شـومشیری دوو ئەبرۆت
موستەعمەرە بۆیێ لە جەفـــا کەوتەســـەفادەم

ئەی بولبولی کــــوردی وەرە نێو باغی تەحەڕوڕ
نالەی تووە دەشــــتی بە هەموو دەم لە نەوادەم
*

بەلێ دەشتی هەمیشە کوردستانی خۆش ویستووەو گەلی کوردی بــە چەوساوە و زۆر لێ کراوزانیوە ، دەشتی ئەو زولم و زۆر داریەی کە لە گەلی کورد دەکرا پێی نارەواو بە ناهەقی کردن بــەرامبــەر بــە گــەلــی کورد دەزانی زۆربەی شیعرەکانی دەشتی بەلگەی ئەم ڕاستیەن،ئــەو تەنیا بە شیعرو خوتبەی ڕۆژانی هەینی و کۆڕی مەجلســان دەیتــوانی کە ئەم ڕاگەیاندنە پیرۆزە ڕا بگەیەنێ و گەلــێ جــارانیش توشــی بــە گیرو گرفت هاتووە لە گەل ڕژێمی ئێراقی دا ، بەلێ بەهۆی ئەو یــادو بیرەوەریانەوە من زیاتر لە گەل خانەوادەی مەلا عومەرو خودی مــەلا عومەر ببوینە هەڤال و ئەمە جگە لــەوەش کــە ژیــانی دەربــەدەری و هاوبیری ویەک ئامانجیمان لە هەموو ڕویەکەوە یەکتــری دەگرتــەوەو من مستەفا بارزانیم خۆش دەویست و بــە گــەورە مــەردی رۆژگــارم دەزانی و ئەویش خۆی بارزانی بوو ، مەلا مستەفای لا زۆر موقەدەس بوو، مەلا عومەر عیسا بارزانی لە دوای گەڕانەوەی بۆ شۆڕشی گولان لە سالی 1983دا لە ناوچەی بارزان لە ژیانی پێشــمەرگایــەتــی بــە داخەوە شەهید کرا، مەلا عومەر بــارزانی مرۆیــەکــی نیشــتمانپەروەرو دلسۆز و مەرد و مــەردانــە بوو،هــەزاران ســلاو لــە گیــانی پــاکی ئــەو قارەمانە نەمرەو هەمیشە زیندووەمان.

بەهاری ئەو سالە ئێمــە و هــەمــوو دلســۆزێکی کــوردو ئــاوارەی دووری بە هۆی هەوالەکانی هەلگیرسانەوەی شۆڕش و دامەزراندنی ســەرۆکایــەتــی کــاتی دلمــان خــۆش بــوو، هیــوای گــەڕانــەوەو شادبونەوەمان بە کوردستانی ئــازیز ڕۆژ بــە ڕۆژ زیــاتر دەبــوو ، وردە وردەش ڕێکخستنی پارتایەتیمان زۆر بە نهێنیوەدەستی پێ کردەوە ، لە گەل هەڤال مەلا عومەر و هەڤالانی تر باســمان لــە ڕێکخســتێکی پتەو لە ناو تەواوی کوردە ئاوارەکان لەوێ دەکرد ، خــۆ ترسیشــمان لە ساواک و پیاو خراپانەوە هەبــوو،هی وامــان تیــا بــوو کــە نامــەردی

دەکرد و خۆی لـە گـەل ساواک ڕێـک خستبوو،سـیخوڕی لـە سـەر دەکردین و کاری خراپەی ئـەنجـام دەدا ، بـەلام ئێمـە خۆمـان لـەو کەسانە دوور دەکـردەوە و بـە هـیچ شـێوەیـەک لێیـان نـەزیـک نـە دەبووینەوە ، ڕۆژێک بەڕێز مەلا عومەر هاتە لای مـن و گـوتی: مـن بەدزی سەفەرێک دەکەم و دچمـە کـەرەج و سـەرێـک لـە دۆسـت وبرادەران دەدەم ودەچمە خزمەت کاک ئیدریسیش ئەگـەر کارێکـت هەیە؟منیش گوتم هیچ کارێکم نیەو تەنیـا ئـەوپـەڕی ڕێـز و سـلاوو ئیحترامم بۆ جەنابی کاک ئیـدریس هـەیـەو هیـوام سـەرکـەوتـن و سەربەرزی دۆست و هەڤـالانی ڕێبـازی بارزانیـە ، تـۆش لـەوێنـدەر باسی ئەم وەزعەی ئێرەشی بـۆ بکـەو هـەمـوو و چۆنیـەتـی ژیـان و ڕەفتاری ڕژێمی ئێران لە گەل پەناهەندەکانی ئێرۆە بکە، وابـوو مـەلا عومەر سەفەری کرد و نزیکەی هـەفتـەیـەکـی پـێ چـوو بـە نـاوی سەردانی دۆستان لە شاری گورگانەوە کە لـە گونبـەد کاوسـەوە زۆر دوور نەبوو سەفەری کەرەجی کرد.

ژیانی دووری و دەربەدەری لە ناو دل ودەروونی هەمومان بـە تێکڕایی هەتابلێی ناخۆش و نا ئارامی و دل تـەنگـی بـوو، هـەمیشـە ژیانی دووری و ئەو کارەساتەمەزنەی شۆڕشی ئەیلول لە ناو خانـەی خەیالمان دا دەرنەدەچوو ، بە سەر هاتە تال و ناخۆشەکانی نامۆییش هەمیشە زیاتری ڕەنج و ئازاری دەداین.

وابوو مەلا عومەربارزانی گەڕایەوە ، بە گەڕانەوەی ئـەو منـیش لـە گەل مال و مندالان چوومە ئیمام زادەو مێوانی هێژامەلا عومەر بووین ، زۆریـان ڕێـز لـێ نـاین و گـەلێکیـان بـەخێرهـاتن کـردین ، نـانی نێوەڕۆمان لای ئەوان خوارد و تا درەنگی ئێوارە لە وێ ماینـەوە ، لـە گەل مەلا عومەر لە مال وەدەر کەوتین و بە پیاسە چووینـە دەرەوەی ئیمازادەو منیش وەزعی برادەران و کاک ئیدریسی نـەمـرم پرسـی و ئەویش گوتی کاک ئیدریسیش هەوالـی تـۆی دەپرسـی و هـەنـدێ ڕاسپاردەی پێ گوتووم کە فەرمویەتی نهێنیەو نابێ لای کەس بـاس بکـەیـن ، پێـی گـوتم کـە کـاک ئیـدریس داوای لـــە مـن کـردووە

بگەڕێمەوە کوردستان و بە تۆش بلێم کە بچی سەرێـک لـە کـەرەج بدەیت ، کاک مەلا عومـەر گـوتی : وابـزانم بـۆ ئـەوەیـە کـە تـۆش بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بۆ ئێزگە کاریان بە تۆیەو سەرکردایـەتـی کاتی پارتی لهە کوردستانەوە تۆیان داوا کردووە ، دیسان دووبـارەی کردەوەو گوتی: ئەوە پەیڤی هێژاو بەڕێـز کـاک ئیدریسـە دەبـێ زۆر نهێنی بێت ، لە دوای قسەکانی زەرفێکی لە گیرفان دەرهێناو دای بـە من و گوتی: ئەوە هەدیەی کاک ئیدریسە وەک یارمەتیەک ، منـیش کە کردمەوە مەبلەغێکی پارەی تیا بوو، ئەو یارمەتیەی کاک ئیدریس بە ڕاسـتی لـەو کاتـە دا زۆر جێگـەی خـۆی گـرت چونکـە گـەلێـک پێویست بووم و کۆمەڵێ مـال و منـدالم لـە ئـەسـتۆ بـوون و ژیـانی ئاوارەییش لە خۆی سەخت تر نەبوو و هیچیشمان نـەبـوو وەزعمـان زۆر زۆر خراپ بوو چونکە پارەیەکی زۆر کەمیان دەداینێ،بەلام قـەت وەسەر خۆمان نەدەهێنـا ، ئـەو یارمـەتیـەی کـاک ئیـدریس ئێمـەی بوژاندەوە کەهەر بەو پارەیەش توانیم کامیرایەک بۆ کار کردن بکـڕم بەڕاستی هەرگیز هەتا مردن ئەو یارمەتیە لەو ڕۆژگارە سەختـە دا لـە لایەن ئەو مرۆیە مەزنەوە لە یاد ناکەم ، بـە تایبـەتـی ئـەو هـەسـتە پاکەی ئەو سەرکردەیە کە چۆن لە تەنگانـەدابـەهانامانـەوەدەهـات ، ئـەو سـەرکـردەسـەروەرە کـە لـەو غـەریبیـەدا مـن و گغهلـێ لهـە هههڤالانی تری بە سەر کردەوە بەڕاستی دلمان پێ شاد بوو ، مـەلا عومەر گوتی کاک ئیدریس فەرموویەتی کە پێت بلێم لەبەر هـەنـدێ هۆ نامە نانوسم چونکە زروفەکە لە بار نیە، نەوەک نامەکـە بکـەوێتـە دەستانەوە ، بۆیەکە تەنیا بە پەیڤ بە منی گوتوە کە بـە تـۆی بلـێم ، دیسانەکە کاک مەلا عومەر گوتی: ئەمە لە نێـوان خۆمانـەو بـە هـیچ شــــێوەیەک نابێ باس بکرێتن و تـەنانـەت لای هـەڤـالانی بـاوەڕ پێکـراویش چونکـە کـاک ئیـدریس وای فـەرمـووە، منـیش پـاش ماوەیەک بەبێ ئەوەی کە هـیچ باسـێک بـۆ کـەس بکـەم هـەسـتام چووم داوای ئێجازە وەر گرتنم لە شارەبانی کرد ، ئێمە بـۆ ئـەو کـارو بارانە دەبوایە ڕوخسـەت لـە شــــارەبـانی وەر بگرین،ڕوخسـەت بـۆ

کەرەجیش ئەوەندە ئاسان نەبوو ، ئێرانیەکان نەیان دەویست کە هیچ کەسێ بچێتە سەردانی هەڤالانی کورد لە هەر کوێ بن بە تایبەتی لە کەرەج ، کابرایەکی ناو قەمبەر زادە کە لێپرسراوی پەناهەندەکان بوو ، مرۆیەکی خراپ نەبوو ، یارمەتی ئێمەی دەداو کوردی خۆش دەویست ، ڕۆژێ هاتە ئیمام زادەو منیش لەوێ بووم لە مالی مەلا عومەر مێوان بووم ، داوام لێ کرد کە ئیجازەم بدەن سەفەرێک بکەم سەرێ لە مالی حاجی برای خێزانم لە نەزیک تاران لە قەلای حەسەنخانەوە بدەم ، ئەویش گوتی برۆ لە شارەبانی داوا بکەو دێتە لای ئێمە منیش بۆت جێ بەجێ دەکەم ، منیش بە ناوی سەردانی مالی برای خێزانم لە قەلای حەسەن خانەوە داوای ئێجازەم کردو پاش هەفتەیەک ڕوخسەتیان دام بە مەرجێ لەوێ خۆم بە شارەبانی بناسێنم ، نزیکەی 15 ڕۆژ ڕوخسەتم وەر گرت و هاتینە تاران و لەوێش بەرەو قەلای حەسەن خان چووین ، مێوانی کاکە حاجی خوشناو بووین کە برای خێزان مە ، دوای دوسێ ڕۆژلەوێ مامەوەو ئیتر چوومە کەرەج و یەکەم شەو لای کاک فەڕەنسۆ مامەوەو مێوانی ئەو بەڕێزە بووم ، سەردانی تەوای هەڤالانم دەکرد وەک بەڕێز کاک عەلی عەبدواللاو کاک موحسی ن دزەیی و مالی ماموەستا هەژارو کاک بورهان ئاغاو کاک مولازم یونس و کاک خورشید شێرە و ماموستا مەلا موحەممەد قادرو شێخ ڕەزا باسەرەیی و مالی کاک ڕەسول فەقێ مالی کاک نادر خۆشناو هێژا کاک خالید ئاغای حیسامی شاعیری بەرێز و برا گەورەم مێوان دەبووم ، ئەو نیوەڕۆیەی کە لای ماموەستا هەژار بووم دۆکولیێکی زۆر بە تام و نانێکی تێرو تەسەلی دەستی مەعسومە خانمی خێزانی بەڕێز و ئەو ئافرەتە هێژایەم خواردو نکتەو قسە خۆشەکانی ماموەستا هەژارم ئەوجارەش لە غوربەت و نامۆیی دا دەبیستەوەکە گەلێ یادگاری و بیرەوەری ڕۆژگارانی شۆڕش و مام عەلی و ماموەستا هێمن و کاک عەبدوالخالیق و بەڕێز کاک خالید ئاغای حیسامی و کاک فەڕەنسۆ و سەردەمی مندالێ کە شوێنەکەی

ئێزگەمان لە سالی 1965 لێ دانابوو و هەروەها ڕۆژگـارانی گـۆڕی گاجوتان و شیناوەو ئەشکەوتەکەی سەردیمـان و بێخـۆلانی بنکـەی دەنگی کوردستان و هەڤالانمان یاد دەکردەوەو ، بە چاو پێ کـەوتنـی تەواوی هەڤالانی دێـرین و خۆشـەویستانی ئـاوارەم تـا بلێـی شـاد بووبووم و سەردانەکەم زۆر پێ خۆش بوو.

تەواوی هەڤالان چاوەڕوانی ڕۆژانێ بوون کـە دوبـارە بگـەڕێنـەوە کوردستان و ئێمەش لە وەلاتی شیرینی خۆمان بە نەمـانی دوژمنـان شادبین و ئەو هەموو حەسرەت و ئازارانەمان لە یاد ببەینەوە،هەمـوو لە هەموو ژیانی ئاوارەیـی بـە جـێ بێلـین و سـەربـەرزانـە بچینـەوە کوردستانی ئازیزمان و ئیتر لە کوردستانی ئازاد و سەربەخۆدا شـاد و خەندان بژین، هەڤالان لە گەل ئەو هەموو نەهامەتی و ڕەنج و ئازارو کوێرەوەریانەی دەربەدەری  دا ورە بەرز و پڕ لە هیوای ڕزگاری کورد و کوردستان بوون.

ئەو ڕۆژەی کە مێوانی کاک فەڕەنسۆ هـەریـری بـووم وابـوو بـۆ سبەینێ بەرەبەری ئێوارە چوینـە خزمـەت کـاک ئیـدریس بـارزانی نەمر،ئەو ڕۆژە کاک ئیدریس لە مالەکەی خۆی بوو، ئێمە کە چووینـە خزمەتی، دیاربوو زۆر مەشـغول بـوو، گـەلـێ نامـەو کاغـەزی جـۆراو جۆری لە بەر دەستان بوو ، ئێمـە کـەچوینـە ژوورەوە دوای سـلاوو و ڕۆژباشیمان لە بەرێزیان  کرد و کاک ئیدریسی نەمریش گەلێـک بـە خێر هاتنی ئێمەی کرد و هەوالی تەواوی برادەرانی کـوردی ئـاوارەی کە لە مازەنـدەران و لـە گونبـەد کـاوس بـوون پرسـی و چۆنیـەتـی گوزەران و ڕەفتاری ڕژێمی ئێرانـی زۆر بـە وردی دەپرسـی و منـیش وەزعـی ئـەوێـم بـە تـەواوی  بـۆ شـێ کـردەوەو ، فـەرمـووی مـەلا عومەریش هەر هەمان قسەی دەکردن ، لە دوای گەلێ پەیڤی شیرن و پڕ لـە دلســـۆزی وخۆشـەویستی ڕێبـازی کوردایـەتـی و هیـوای سەرکەوتن و گەڕانەوەمان بە سەربەرزی و گەلێ ئامۆژگاری بـەنـرخ زەرفێکی دەرهێناو کاغـەزێکـی لـە نـاو نامـەکـان دا هێنایـە دەرەوەو گوتی: ئەم نامەیـە نامـەی هـەڤـالێکی خۆشـەویسـت و دۆسـتێکی

دیرینمانە ،نامەکەی دا بەمن و منیش وەرم گرت و خوێندمـەوە، کـە نامەکەم خوێندەوە نامەی شەهیدی نەمر عـەبـدواخالیق مـارف بـوو کەبۆ بارزانی نەمرو سەرکردەی کوردو کوردسـتان مسـتەفـا بـارزانی هەمیشـە زینـدووی نوسـیبـوو ، تیـادا داوای یارمـەتـی لـە بـارزانی نەمرکردبوو بۆ هەندێ پارە بۆ کڕینی ئـامێرە پێویسـتەکـان بـۆ ئـەو ئێزگەیەی کە بە نیاز بووین دروستی بکـەیـن و دەنگـی کوردسـتانی ئەو ڕۆژگارانەی پـێ بـە هێزتـر بکـەیـن ، ئـەو سـەردەمانـەدەنگـی کوردستانمان لە ئەشکەوتی سەردێمان دانابوو ، یـەک دوو جیهـازی زۆر زەبەللاح و بێ هێزمان هەبوو ، ئەویش لە بەر دەنگی هانی هـانی کە تەشویشی ڕژێم بووکەمتردەنگی ئێزگـەکـەمـان دەڕۆیی،زۆرمـان زەحمەت دەکێشا لە گوڕینی شەپۆلەکان دا،تەشویشەکەی ڕژێـم زۆر بە هێزتر بوو لە دەنگی کوردستانەوە،کـە دەکـەوتـە سـەر شـەپـۆلی ئێزگــەکــەمانــەوە ئیتــر نقــەی لــێ دەبــڕی و ســودی لــێ وەر نەدەگیرا،ئێمەش بە ناچاری شەپـۆلی ئێزگـەمـان دەگـۆڕی ،بـۆ ئـەو مەبەستە چەند شوێنێکمان دیاری کردبوو واتە ڕێکخرابـوو، هـەرکـە هانی هانی دەهات و شوێنەکەمان دەگوازتەوە،کـە خـەلکـیش فێـری ئەوە بووبون کە هانی هانی بهاتبابە یەکسەر بۆ سەرشەپۆلـەکـەیـان ئێزگەیان دەگوازتەوە،زۆر کەس دوو ڕادیۆی دادەنا ئیتر پێویستی بـە گوازستنەوە نەبوو،ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو،بۆیـەکـە شـەهیـدی نەمر عەبدوالخالیق دەیەویست کە چەند ئیزاعەیەک دروست بکەین و لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان دا دەنگی کوردسـتان بـەهێـز تـر ببێتن،ئەو نەمرە زۆری خۆی ماندوو دەکردو هەولێکـی زۆری دەدا بـۆ بەهێز کردنی دەنگی کوردستان،ئامیرو کەل و پەلی پێویست بـۆ ئـەو مەبەستەش نەبوو بـە دەگمـەن دەسـت دەکـەوت، پیویسـتیمان بـە یارمەتی هەبوو، کە باسی دروست کردنی ئـەو جیهـازە لـە ناوچـەی ئازاد کراو و لـە خـودی دەنگـی کوردسـتانەوە لـە لایـەن گـەلـێ لـە برادەرانی لێپرسراو دەکرا، باوەڕیان بـەوە نـەبـوو کـە سـەرکـەوتـوو دەبێت، ڕۆژێ کـاک عـەبدوالخـــالیق لـە لای بـە ڕێـز کـاک سـامی

عەبدولرەحمان باسی  دروست کردنی ئەو جیهازە دەکاتن، کاک سامیش کە لە گەل عەبدوالخالیق گالتەیان هەبوو دەلێت: جا ئەو جیهازە سودی چی دەبێت؟وەک ئەوە وایە کە دەنگێ لەهەوادا بەر بدرێ و بە هیچ شوێنێک ناگاتن،بەلام زاناو دلسۆز و نیشتمانپەروەر عەبدوالخالیق مارف لە وەرام دا دەلێت  ئێمە ئەو دەنگە بەردەدەین و ئەو کارە ئەنجام دەدەین،ئەوسا دەزانن چۆنە،وابوو بارزانی نەمرلە سەر داوای کاک عەبدوالخالیق بڕیاری دابوو و فەرموو بووی هەموو مەبەستەکانی عەبدواخالیق لە ڕووی هەر پێویستیەکەوە دەبێ بە تەواوی جێ بەجێ بکرێتن و  هەموو یارمەتیەکی پێویست  بدرێتن، ئەو یارمەتیە دراین  ئێمە لە دوای یارمەتی دان و بڕیاری بارزانی نەمر،هەموو کارو بارەکانمان ئەنجام داو کەل و پەلی پێویست کڕدراو،لە دوای هەولێکی زۆرو ماندووبوونێکی زۆر  ئێزگەکەمان بە شێویەیکی زۆر سادەو سەرەکی دروست کرد و تاقیمان کردەوە،هەر لە دوای بۆردومانەکەی سالی 1966 کە دەنگی کوردستان لە ئەشکەوتی سەردیمان کەوتە بەر پەلامار دانی فڕۆکەکان و شەو و ڕۆژ چوار تەیارەی هەنتەرمان لە سەر بووو بە هەموو جۆرە چەکێکەوە ئەو ئەشکەوتەیان دەدایە بەر گوللە و موشە ک و بۆمباو تیزاب و شەستتیرەکانیان، زۆربەی برادەران،ئێزگەیان بەجێ هێشت و دەنگی کوردستان بۆ چەند ڕۆژێک وەستا، ئێمەی بەشی هونەری و ماموەستا عوسمان سەعید و دلشاد مەسرەف ماینەوە، هەر لە یەکەم ڕۆژی بۆردومانەکەوە  ئەو شوێنەمان بە جێ هێشت و ئێزگەمان گواستەوە بۆ ناوچەی ماوەتان لەلای حاجی ئۆمەرانەوە،ئەمە دووسێ ڕۆژی پێ چوو تا ئێزگەکەمان وەکار خستەوە،ئیتر شەوانە لە سەر ئوتومۆبێلێکی سەربازی  بەرنامەکانی ئێزگەمان دوو بارە دەست پێ کردەوە،تا شوێنێکمان لە کانی خاتوون دروست کرد و چوینە وێندەر و ماوەیەکی کەمیش لەوێ ماینەوە،بە هۆی شەڕوەستانەوە لە گەل عێراق ئێزگەکەمان وەستاو هەر یەک لە ئێمەیان بۆ کارو بارێ ناردە ناوچەکانی تری کوردستان،من چوومە کۆیە وەک نوێنەری مەکتەبی

تەنفیزی لێپرسراوی گومرگ بووم کاک عەبدوالخالیق چوو بۆ دوکان ئەویش بووبەلێپرسراوی گومرگ ،کە گفتوگۆ کە نەما دیسان گەڕاینەوە ئێزگەو هاتینەوە ئەشکەوتەکەی سەردیمان و لە شیناوە خانومان دروست کردەوەو ئەوسالە من ژنم هێناو لە گوندی سۆرەبان و سایە نیشتەجێ بووم،تا ئێزگە دەستی پێ کردەوە ئێزگەمان تاقی دەکردەوەو گۆرانیمان بلاو دەکردەوە،وا بوو کاک عەبدوالخالیقیش مندالەکانی هێناو ئەوانیش هاتنە سایە،شەوانەش دەچوینە ئەشکەوتی سەر دیمان وکارمان لەو ئێزگە تازەیە دەکرد و جیهازەکانی ترمان تاقی دەکردەوە،ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە ئەو شوێنە لە لایەن میریەوە بۆردومان کرا بوو واتە دیار بوو،نەمان دەتوانی کە لە کاتی هیرش و پەلامار دان دا لەوێ بمینێنەوە،شوێنەکەی لای کانی خاتوونیش تەواو کرا بوو،ئیتر بۆ دەست پێ کردنەوەی ئێزگەکەمان گواستەوە ئەوێندەر،لە ناو دارو بارەکانی ماوەتان کەپرمان دروست کرد و ئێمەش مالەکەمان بردە حاجێ ئۆمەران تا تەواو بوونی بێخۆلان و خانوەکانی مەمی خەلان کە شۆڕش بۆی دروست کردین لەوێ ماینەوە و پاشان هاتینە بێخۆلان ، کانی خاتوون بۆ ئێزگە سودی نەبوو چونکەلەوێ دەنگی کوردستان نەدەڕۆیی بۆ هیچ لایەک بۆیەکە زۆر بە زوویی ئەوێمان بە جێ هێشت و هاتینە بێخۆلان و لە نەزیک گوندی مەمی خەلان ، ئیتر لەوێ کارو باری دروست کردن و زیاتر پەرەپێدانی قالبی ئێزگەکەمان تەواو کردو بە پوختی ڕێکمان خست،لەوێش ئێزگەکەمان تاقی کردەوە،وابوو لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان زۆر بە باشی دەبیستراو سەرکەوتوانە هاتە کایەوەو دەنگێکی زولال و پڕ لە شانازیوە لەو جیهازە سادەوە لە کوردستانەوە دەبیسترا،منیش کە نامەکەم خوێندەوە ئیترئەو هەموو بیرەوەریە تال و شیرینانەم هاتەوە یادو لە ناو خانەی خەیالم دا جێگەی خۆیان دەگرت، ئێستاش وا لە نامۆیی و غەریبی دا ژیان دەبەینە سەر و ئەو هەموو هیواو ئاوات و ڕوئیایانەمان هیچی وەدی نەهاتووەو توشمان بەو کارەساتە مەزنەوە

بووه ، ئیتر زۆر نا ئارام بووم،لەو ساتەدا دلم لێی دەبــوو بــە ئــاوو بــە خۆم نــەبــوو کــەگریــە دەیگــرتم و چــاوەکــانم پــڕ لــە ئــەســـــرین دەبوون،بەلام لە حوزور کاک ئیدریسی نەمر نەم دەویست کە ئەم نا ئارامیەم بە سەرخۆما بهێنم و هەولــی ئــەوەم دەدا کــە پێمــەوە دیــار نەبێتن، هەرچەندە یادو بیرەوەری و تێکۆشــانی هــەڤــالانی دیــرین و دلسۆز و بەوفاو تەواوی بنکەکانی ئێزگەی دەنگی کوردستان و ژیــان و بەسەرهاتی ئەو ساتانەم بە یەکەوە لــە بــەر چاوانــەوە لــەو کاتــەدا خۆیان دەنواند و وەبیرم دەهاتەوە ئیتر گریان لە ناو دل و دەرونــم دا بەردەداو چاوەکانم پڕ دەبوون لە گریــەو وەک بلێــی تارماییــەک بــەر چاوی دەگرتم و زۆر نا ئارام دەبووم و ئاو لە چاوانم بــە گــوڕ دەهاتــە خوارەوە،کارەساتی شۆڕش و ژیانی ئاوارەییمــان هــەمــووی لــە بــەر چاوان دا خۆیان دەنواند، نەشم دەویست کە هەڤالانم تێم بگــەن بــە ناچاری دەســتە ســرەکــەم لــە گیرفــان دەرهێنــاو چاوەکــانی خــۆم سرپەوەو کاک فەرەنسۆ گوتی: ئەو نامەیە ئەحمەدی دل تەنگ کــرد و دیارە کە ڕابوردووی هاتەوە یاد،ئەوسا کاک ئیدریســی نــەمــریش فەرمووی دیارە یادو بیرەوەریەکان کــار لــە مــرۆڤ دەکــەن،لــە دوای گەلێک پەیڤی شیرینی پڕ لە سەروەریەتی و دل دانــەوەمــان گــوتی: خەم مەخۆن،مرۆ دەبێت ڕۆلەی تەنگانە بێت،دەزانــم بــۆ دلســۆزان و خەباتگێڕان سەختە کە ئەمڕۆلەم غوربەتــەدابیــرەوەریــەکــان بێنــەوە خەیال و گەلێ ناخۆشە کەئەوسای سەربلندی و خەبــات وتێکۆشــان بێتــەوە یــاد و بــەمــەش خــەم ڕووی تــێ دەکــاتن و دل تــەنــگ دەبێتن،دەزانم نامۆیی دەردێکی گرانەو بیرەوەریــەکــان کــار لــە مــرۆ دەکەن بەلام دەبێت هەمیشــە ڕۆلــەی کوردســتان دل گــەورە بــن و قەتیش وامــەزانــن کــە هــەر ئــاوا دەمینێنــەوە،ڕاســـــتە کــە ئێمــە دەربەدەرین و کەوتینە ژیانی ئاوارەیی و لە هەنــدەران دەژین،بــەلام ئەوە بــاش بــزانن کــە کــورد قــەت نــامرێتن، هاکــا بینیتــان کــە بــە سەربەرزی گەڕاێنەوە کوردستان و دوژمنان لــە نــاو دەچــن، خۆمــان دەبینەوە خاوەنی هەموو شتێک،وورەتان هەمیشــە هــەر بــەرز بێــتن و

قەت خۆتان لە دەست مـەدەن و پـاش هـەمـوو ناخۆشـیەک شـادی دێتن و وەک فەرەنسۆ هەمیشە دەڵێت ڕۆژان ڕۆژی لە دوایـە،ڕاسـتە کە ئیمڕۆبەم شێوە لێرەین، بەلام لە یاد مـەکـەن کـە ئـالای بـەرزی کوردەواری هەمیشە بلندەو قەت نانـەوێـت)ئـەو سـەروەرە مـەزنـە بەبزەی شیرین و پاک و بێگەردو تایبەتی خۆیـەوە،هـەمیشـەپـڕ لـە ورەی بەرز و مرۆیاتی و کـــوردانەو باوەڕ بـە کـوردو کوردسـتانەوە بـــــوو،لەو کاتــەدا زۆر بــە ئارامیــەوە ســەبیلــەکــەی دەرهێنــاو فەرمووی(ڕۆژگاری چەپگەر هەرچەنـدە کـە توشـی بـەو کـارەسـاتە گەورەیەی کردوین بەلام باوەڕتان هەبێ کە یەزدانـی مـەزن قـەت زولم قەبول ناکاتن و ئێمە زولم لێ کراوین و بە نامەردی لە پشـتەوە ڕا خەنجەریان لێ داوین،بەلام خوا هەر سەرمان دەخاتن موتمەئـین بن لەوەش کە کوردستان ڕزگاری دەبێـتن و ئێمـەش دەبێـت پـەنـد وەربگرین و شۆڕشی ئەمجارەمـان بـەرەو سـەرکـەوتـن ببـەیـن و حەتمەن هەر ئاواش دەبێتن و دەبێـت تۆڵـەی خۆمـان لـە نـەیـاران بکەینەوەو ئەم کارەساتە مەزنە هەرگیز نابێت لە بیر بکرێتن و دەبـێ پەند وەربگیرێت)ئێمەش بەو قسانەی کاک ئیدریسی نەمرهەتا بلێی دلمان شاد دەبوو،بەڕێز فەرەنسۆحەریش گوتی:ئەزبەنـی ئـەمـە زۆر ڕاستە ڕۆژان ڕۆژی لە دوایـەو بـەم زوانـە دەگـەڕێینـەوە وشۆڕشـی پیـرۆزی گـولان سـەرکـەوتـو دەبێتن،منـیش گـوتم کـاک ئیـدریس هەروەک خۆت فەرمووت ئەگەر لە ڕابـوردو پـەنـد وەربگیرێـت ئـەوا سەرکەوتن مسۆگەرە،لەو کاتەدا گوتم منـیش وا خـەریکـم پـەنـدی ژیان دەنوسمەوەو هەرچی پەند هەیـە بـەهیـوام کـە بیـان کـەم بـە هۆنراوەو خوا یاربێت دەیکەم بە کتێبێـک و پێشـکەشـی کتێبخانـەی کوردی دەکەم،ئەوسا کاک ئیدریس فـەرمـووی:ئـەمـە شـتێکی زۆر باشەو هەر کاتێ کە تۆ تەواوت کرد مەسرەفی چاپ کردنەکـەی لـە سەر من بێت و هەر پێویستیەکی لەوبارەوە هەبوو بەمن بلێ، گەلێکی هان دام دیاربوو دلی پێ خۆش بوو،ئیتر لەو ساوە هەر بە نیـاز بـووم کە ئەم پەندانە بنوسمەوەو تەواویان بکـەم،ئـەوسـا کـاک ئیـدریس

ڕووی لە من کردوفەرمووی:مەلاعومەر ڕاسپاردەکەی منی پێ گـوتی ؟ منیش لەوەرام دا گوتم بەلێ، هەر لە سەر ئەو ڕاسپاردەیەیـە کـەوا هاتوومە خزمەتتان،گوتی دەربارەی گەڕانـەوەت بـۆ کوردسـتان و بـۆ شۆڕش و کار کردن لە ئێزگەدا ڕات لە سەر چیە گوتم هەر ئەمرێکی بەڕێزتان بفەرموون من ئامادەم،فەرمووی لـە کوردسـتانەوە داوایـان کردووی کە برۆیتەوەو لە ئێزگە کار بکەیت،منیش گـوتم بـە چـاوان مادام بەڕێزتان ڕاتان لەسەرەو لە سەر فەرمانی ئێوەیە بە دل و گیان ڕازیم و سەربەرزم بەوەوە،بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا داوایەکـم هـەیـە ئەگەر بلوێت بۆم جێ بـەجـێ بکـەن،فـەرمـووی چیـە؟گـوتم مـال و مندالەکانمە ئەگەر بتوانن نەقلی لای مالی خەزوورم بکەن ئـەوا مـن دەگەڕێمەوەودەچمەوە کوردستان و دەبمەوە پێشمەرگەو خزمەت بـە شۆڕشی نوێی گولان دەکەم و سەربەرزیشم بەوەی کە ئێوەی بەڕێز ئەم داوایەم لێ دەکەن،کاک ئیدریس فەرمووی (جێگەی شادیە کـە ئەوانەی لە گەل ئێمە ماینەوە هـەمیشـە گیانبـاز و دلسـۆزی ڕێبـازی کوردایەتین.ئیتر پێی گوتم کـە دەچیـەوە کوردسـتان و لـە ئێزگـەی دەنگی کوردستان کار بکەن و خزمەتگوزاری گەل و وەلاتتـان بـن و پێشمەرگەی کوردو کوردستان بن) وا بوو کاک ئیـدریس فـەرمـووی زۆر باشە من هـەولـی خـۆم دەدەم بـۆ داواکـەی تـۆ ئـەگـەربۆمـان بلوێت،ماوەیەکی زۆر لە خزمـەت کـاک ئیـدریس ماینـەوە و پاشـان هەستاین و لە گەل کاک فەرەنسۆ چوینە مالی مام هـەژارو لـەوێـش گەلێ قسەی خۆش و نکتەی مام هەژارمان بیست وئەوشەوە من لـە مالی ماموەستا هەژار مامەوە،تا درەنگـی شـەوان بـاس باسـی کـاک عەبدواخالیق و مام عەلی عەجەم و بیرەوەریەکانمان کرد،بۆ بـەیـانی گەڕامەوە قـەلای حـەسـەن خـان و ڕۆژی دەوم بـەرەومـازەنـدەران گەڕامەوە و چاوەڕوانـی فـەرمـوودەی کـاک ئیدریسـم دەکـرد، وردە وردەش دەستم بە نوسینەوەی ئەم پەندانە کردەوە،نزیکەی بیست دێرە شعرێکم بە پەند نوسی بۆوە کـاک ئیـدریس ئـەمجـارەش لـە دوای ناردم،دیاربوو کە نەقل کردنی مندالەکـانم بـۆ لای کـەرەج زۆر

زەحمەت بوو ، بە ڕاشـــــکاوی فـەرمـووی وادەیـان داوە بـــەلام نایکەن ، هەرچۆنی بێت چاوەڕوان بە، بەلام لە ئاکام دا نەکـراو ئیتـر کاک ئیدریسش فەرمووی بـزانین چـی دەبێـت چونکـە منـدالان لـە مازەندەران ئاوابە جێ بێلی دەزانم دلت نـا ئـارام دەبێـت کـە بـەبـێ سەرپەرشت بمێننەوە ، ئەمەش هەقە ، وابوو کارەکە ڕێک نـەکـەوت تا سالی 1979 کە بارزانی گـەورەو نـەمـر وەفـاتی کـردو کـارێکی زۆری کردە سەر دل و دەروونمان،ئیتر وازم لەو پەندانە هێنـاو بیـری گەڕانەوەم بە مال و مندالان بۆ کوردستان کەوتـە سـەر و بـە مـال و مندالانمەوە گەڕامەوە،وابـوو چـەنـد دێـرێکم لـە بیـرەوەری وەفـاتی بارزانی نەمر نوسیەوە،دام بە کاک ئیـدریس کـە چـاوی پـێ کـەوت گوتی:ئەوە پەندەکانە تەواوت کردووە،ئەوسا کاک فەرەنسۆ گـوتی : ئەزبەنی ئەمە بیرەوەری وەفاتی بارزانی نەمرە ئەویـش فـەرمـانی دا کە چاپ بکرێتن،وابو چاپ کرا،ئیتـر مـن هاتمـەوە کوردسـتان و لـە نەغەدەو خانە و ڕەزائیە گیرسـامەوە، لـە سـالی 1980 دا لـە کەوپەڕ چوومە خزمەت سەرۆکی بەڕێزمان کاک مەسعودبارزانی هێژا ، دەربـارەی ئـەو جیهـازەبچکۆلانـەی ئێزگـە کـە هـی زەمـانی سەرکردایەتی کاتی بوو هەمان بوو،فەرمووی برۆ ببینـە بـزانن کـار دەکاتن و دەتوانن بە کاری بخەنەوە،ئەو کاتە جیهازەکەیان بردبـۆوە زێوە،وابوو من چوومە زێـوەو چـاوم بـە جیهـازەکـە کـەوت و تـاقیم کردەوە،هیچ بەرای لێ نەبوو،ئەم هەوالەم بـە مـەکتـەبـی سیاسـی و هێژا سەرۆک کاک مەسعود بارزانی گوتـەوە کـە کـار دەکـاتن زۆری دلیان پێ خۆش بوو، فەرموویان دەباشە لە کاتی پێویست و بڕیاری دانانەوەی ئێزگەکەمان ئاگادارتان دەکەینەوە، منیش هەمووئامادەیـی خۆم نیشـان دا، بـۆ دامـەزراندنـەوەی ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێراق،لە دوای ماوەیەک دا لە سەر داوای مەکتـەبـی سیاسـی ئێمـە چووینەوە بۆ ڕاژان ، ئێمەش کە چاومان بە بەڕێـز ماموسـتا عـەلـی عەبدوللا کەوت فەرمووی دەبێ ئێزگەکەمان بە کار بخەینەوە،بـزانن بۆ ئەو مەبەستە چیمان پێویستە،منیش ئەو شـەوە لـە گـەل جـەبـار

لیستێکی پێویستمان دروست کرد و تەواوی ئـامێرەکـانی سـتۆدیۆ و هەرچی پێویست بوو نوسیمانەوە،ئەو کاتە وەزعی داراییـی پارتیمـان زۆر باش نەبوو،ئێمە کە لیستەکـەمـان دا بـە مـەکتـەبـی سیاسـی و تەخمینی پارەکەمان کردبوو زۆریان پێ خۆش بووکە مـەسـرەفێکـی زۆری ناوێو لایان سەیر بوو چەنکە پارەی زیاتر بـۆ ئـەو مـەبـەسـتە ڕەچاو کرابوو،وابوو بۆ بەیانی ئەو مەبلەغەیان بۆ سـەرف کـردین لـە گەل مەبلەغێک بـۆ مـەسـروفاتی خۆمانیـان وێـداین وکـاک عـەلـی عەبدوللاش فەرمووی کاک ئیدریسیش لە تارانە هـەر پێویسـتیەکـی ترتان هەبوو یان ئەگەر پارەکە کەم بـوو بڕۆنـە لای کـاک ئیـدریس بۆتان جی بەجێ دەکاتن، وابوو سـەفـەری تارانمـان کـرد و چووینـە خزمەت کاک ئیدریس وئەویش فـەرمـووی کـاری خۆتـان ئـەنجـام بدەن و هەر کارێکی تر کە هەتان بوو پێم بلێن تا بۆتان جێ بەجـێ بکەین،ئیتر ئەو مەبلەغەی کە وەرمان گرتبوو،بە زیادەوە بەشـی ئـەو کەل و پەلانەی کرد و هەندێ پارەش مابۆوە،تەسلیم بە بەڕێـز کـاک فازیلمان کردەوە،بۆ بردنەوەی کەل و پەلەکان چوینەوە خزمەت کاک ئیدریس لە کەرەج، کاک ئیدریس فەرمووی پێویسـتیتان بـە چـەنـد پارەی تر هەیە،ئێمەش گوتمان تـەواوی کـەل و پـەلـەکانمـان جـێ بەجێ کردووەو هەموومان بەو پـارەی کـە مـەکتـەبـی سیاسـی پێـی داوین کڕیوەو پارەشـــــمان مـاوەتـەوە، کـاک ئیـدریس بـە زەردە خەنەیەکەوە گوتی: دەنا من وام دەزانی زۆری ترتان پێویستە، وابوو فـــەرمـــانی دا کـــە ئوتومۆبێلێکمـــان بـــدەنـــێ و بمـــان بـــەنـــەوە ڕاژان،سەیارەیەکی خۆمانی لە گەل شـوفێرێک بـۆ دیـاری کـردین و بەرەو ڕەزائیەو ڕاژان هاتینەوە،هەموو کەل و پـەلـەکانمـان لـە ڕاژان دانا،بۆ بەیانی چوینەوە خزمەت کاک مەسعود و کاک عەلی عەبـدوللاو ئەووانیش دەستخۆشیان لە جێبەجێ کردنی کارەکەمان بـەبـێ گیـرو گرفت کردو ڕوخسەتیان دایـن گـەڕاینـەوەمالـەوە کـە لـە نـەغـەدە بووین،کاک عەلی گوتی هەردەمێ لە دوامان ناردن وەرن دەسـت بـە کـار بن،ئیتـر ولبـوو لـە سـەرداوای مـەکتـەبـی سیاسـی چوینـەوە

ڕاژان،کاک عەلی پێی گوتین ئەوا بڕیاری دانانەوەی ئێزگەمان داوە،هەروون شوێنێ باش بدۆزنەوەو دەست بە کار کردن بکەن،وابوو من و جەبا و بەڕێز کاک حەمید ئاکرەیی وکاک عەبدوالرحمان ئاکرەیی و کاک مهەندیس ئەحمەد لە زۆر شوێن گەڕاین و بە پێی ڕای هەموومان لە نەزیک هەلەج شوێنێکمان دۆزیەوەو بڕیارمان دا کە دەنگی کوردستان لەوێ وە دا بمەزرێنینەوە،کاک حەمید ئاکرەیی سەفەری کرد و ئێمەش واتە منو جەبار دەست بە کار کردن بووین،بەپێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی ژمارە/ 644 /11 / 1980/4 من کرام بە لێپرسراوی یەکەمی دەنگی کوردستان و هەڤال جەبار حاجیش کرا بە یاریدەدەری من،ئەو کاتە کاک هاشم ئاکرەییشمان کرد بە لێپرسراوی بەشی کارەباو مۆتۆڕی کارەبا، حاجی ئیبراهیمیشمان بۆ هاوکاری لای خۆمان دامەزراند، ئیتر دەست بە کار بووین،لە دوای ئامادە کردنی تەواوی کەل و پەلەکانی دەنگی کوردستان سەر لە نوێ لە گوندی هەلەج دا ئێزگەمان دامەزراندەوە،لەو کاتەش دا مەکتەبی سیاسی بە بڕیارێک منیان کرد بە لێپرسراوی یەکەمی لێژنەی ناوچەی زێوە،بەلام بە هۆی دەست پێ کردنەوەی ئێزگە من ئەو کارەم ئەنجام نەداو تەنیا پێش دەست بە کار کردنەوەمان چەند کۆبونەوەیەکی ناوچەمان کرد، هەر لەو کاتەوە تەواوی کارو بارەکانی دامەزراندنی ئێزگەکەمان بە تەواوی و بە بێ کەم و کوڕی ئەنجام داو ستۆدیویەکی پوختمان دروست کرد و ئێزگەمان ئامادەی کار کردن کرد،لەو سەردەمانە بوو نەمر کاک ڕەئیس عەبدوللا هاتە سەردانی ئێزگەو چاوی بە ئێزگەکەمان کەوت زۆری پێ خۆش بوو کە بەو شێوە لەبارە لەو وەزعەداوا بە ڕێک و پێکی ئێزگەمان دامەزراندۆتەوە ئەویش یادی بە خێر گەلێکی سوپاس کردین و زۆری ستایش لی کردین،ئیتر لە مانگی پێنجی 1980دا ئێزگەکەمان بە سرودە کوردیە کۆنەکان تاقی کردەوەو سەرکەوتوانە بۆ ماوەی مانگێک بە تاقی کردنەوە خەریک بووین و مەکتەبی

سیاسی سوپاسنامەیەکی بۆ ناردین ، وردە وردەش هەڤالانی تازە لە نوسەر و موزیع لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دا دەمەزرێندران ،منیش هەر لەو کاتەوە جارێکی تر دەستم کردەوە بە نوسینەوەی ئەم شیعرە پەندانەم،هەر چەند جارێ کە دەچوومە خزمەت کاک ئیدریسی نەمر و دەیفەرموو چیت کردەوە لە گەل شیعرە پەندەکانت،منیش دەمگوت ئەزبەنی زۆرم لێ نوسیوەتەوەو یەک دوو پارچە شیعریشم لەو شیعرانەبۆ دەخوێندەوە ئەویش گوێی لێ رادەگرتم و دەیفەرموو تەواویان بکەو من هەر لە سەر وادەی خۆمم و بۆت چاپ دەکەم،هەموو جارێکیش زیاتری هانی دەدام،کاک ئیدریس زۆری حەز لە شیعرو ئەدەبی کوردی دەکرد،زۆربەی شیعرەکانی مەلای جەزیری لە بەر بوون،ئەو نەمرە بە شێوەیەکی زۆر ناسک و لەبار شیعرەکانی جەزیری دەخوێندەوە،ڕۆژێکی هەر لە کەرەج لە گەل مام هەژار چوینە خزمەت کاک ئیدریس،مام هەژار دیاربوو شیعرێکی لە کاک ئیدریس پرسی وگوتی ئەزبەنی ئەم شیعرە چۆن دەخوێنیتەوە،کاک ئیدریسی شیعرەکەی وەرگرت و کاغەزەکەی داناو فەرمووی من ئەم شیعرەشم لە بەرەو ئاوای دەخوێنمەوە،شیعرەکەی زۆر بە ناسکی و بە دروستی لە بەر خوێندەوەو ماناکەشی زۆر بە تەواوی شێ کردەوەو ماموەستا هەژار لە شێ کردنەوەی شیعرەکەدا چەند تێبینیەکی نوسیەوە،کە لەلای کاک ئیدریس هاتینە دەرەوە مام هەژار فەرمووی بەخوا چاکی خوێندەوەو من گەلێ جاران دەربارەی شیعری جەزیری و خوێندنەوەی ڕاستی شیعرەکە لە کاک ئیدریسم پرسیوە چونکە زۆر شارەزایە دەربارەی شیعرەکانی مەلای جەزیری و بارزانییش بۆخۆی شیعری جەزیری زۆر پێ خۆشە و زۆریشی لەبەرە،مام هەژار گوتی: ئەو کاتەی دەستم بە لێکۆلینەوەی هۆنراوەکانی جەزیری کرد خودی بارزانی و کاک ئیدریس زۆریان هان داوم و زۆرم سود لێیان وەرگرتووە لە بارەی لێکۆلینەوە و شێ کردنەوەی هۆنراوەکانی مەلای جەزیری گەلێ جاران لێم پرسیون.

ئیتر وابوو دوای دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان لە سالی دا 1980 بەهۆی هەلس و کەوتی ناڕاستی هەندێ هەڤالان من دلم زۆر هێشا، وابوو بە نوسینی نامەیەک بۆ سەرۆکی خۆشەویستی پارتیمان هێژا کاک مەسعود بارزانی و مەکتەبی سیاسی وازم لە پێشمەرگایەتی هێناو چوومە سەر کاری ماموستایەتی کە ئەو سەردەمانە مالمان  لە نەغدەبوو، زۆری پێ نەچوو چاوم بەهێژا کاک عەلی عوبدوللا کەوت کە بە سەردان هاتبووە نەغەدە، کاک عەلی فەرمووی دەبێ بگەڕێنەوە ڕاژان و کار بکەن،وابوو نامەیەکمان بۆ مەکتەبی سیاسی نوسی ، پاش ماوەیەک مەکتەبی سیاسی بە نامەیەک داوای ئێمەی کردو من و جەبار حاجی چوینەوە ڕاژان لەوێ کراین بە ئەندامی بەشی ڕاگەیاندن و ژووریکمان وەرگرت و دەست بە کار کردین بووین،ئەمجارە داوامان لە مەکتەبی سیاسی کرد کە دەمانەوێ یارمەتیمان بدەن بۆ چوونە دەرەوەمان بۆ ئەوروپا،ئەو نەخۆشیەی چوونە دەرەوە ئێمەشی گرتبۆوە،ڕۆژێک لە ڕاژان چوینە خزمەت کاک مەسعود بارزانی و کاک مەسعود ڕای لە سەر چوونە دەرەوەمان نەبوو فەرمووی ئەوە بە تەمای چین ئێمەش گوتمان تەمای دەرەوەمان هەیە،کاک مەسعود زۆری پێ ناخۆش بوو،فەرمووی( من حەز دەکەم کە کەس نەچێتە دەرەوە،ئەوانەی کە بە مال و مندالەوە لە وەلاتی خۆیان دوور دەکەونەوەتوشیان بە زۆر گیرو گرفت دەبێتن و دوایی پەشیمان دەبنەوە و من حەز ناکەم بچنە دەرەوە)پاشان کە کەوتینە وەلاتی غوربەتەوە ئەوسا قسە پڕ لە نرخەکانی هێژاو بەڕێز کاک مەسعودبارزانی سەرۆکی خۆشەویستمان  هاتەوە یادو ئێستاش هەمیشە ئەو قسە بەنرخانەی کە ئەو بۆ ئێمەی کرد و حەزی نەدەکرد کە بچینەوە دەرەوەو دەگێڕمەوە کە هەرچی فەرموو بووی هەمووی ڕاست دەرچوون و لە هاتنە دەرەوەمان زۆر پەشیمان بووینەوەو تازەش کار لە کار ترازاوە چیمان بۆ ناکرێتن،هەر لەو سەردەمانە بوو کە لە ڕاژان کارمان دەکرد واتە لە 1984/7/29دا مەکتەبی سیاسی بە بڕیاری

ژمارە( 6858 ) منیان کرد بە ئەندامی لقی دووی پارتیمان و لێپرسراوی لێژنەی ڕاگەیاندن و جەبار حاجیش کرا بە ئەندامی لێژنە و کەریم دەشتیش کرا بە ئەندام ، ئێمە داوای ئیجازەمان کردو ڕوخسەتمان لە مەکتەبی سیاسی وەرگرت و چوینە تاران،بۆ جێ بەجێ کردنی کارو بارەکانمان،چوینە کەرەج و لەوێش لە گەل مامۆستا هەژاری نەمر چوینە خزمەت کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو ،کاک ئیدریس بەخێرهاتنێکی زۆر بە گەرمی کردین و فەرمووی بۆ لە ڕاژان نەماون بیستومە وازتان هێناوە؟منیش گوتم ئیجازەمان لە مەکتەبی سیاسی وەرگرتووە کە بچینە دەرەوە،ئێستاش بۆ موعامەلەی دەرەوە هاتووین،وا بوو کەکاک ئیدریس ڕاستەو خۆ فەرمووی( چۆن دەچنە دەرەوە،من بە هیچ شێوەیەک ڕوخسەتی ئەوەتان نادەم کە لە خەبات کردن دوور بکەونەوەو ئەمجارە ئاوارەی ئەوروپا بن وخۆتان ئاوارەتر بکەنەوە،دەبێ هەموومان بە یەکەوە کار بکەین و خوا یار بێت زۆرمان نەماوە دەگەڕێنەوە کوردستانی ئازیزی خۆمان و لە ژیانی دەربەدەری ڕزگاریمان دەبێتن)،گەلێک باسی بۆ کردین و دلی دەداینەوە و دەیفەرموو(هەر کارێک و پێویستیەکتان هەبوو وەرن بۆ لام و پێم بلێن،من ئیستالەم کاتەدا ڕوخسەتی ئەوەتان پێ نادەم کە لە شۆڕش دوور بکەونەوە)زۆر بە دلسۆزانەو بەوپەڕی هێژایی و خۆشەویستی و وەفاوە بەرامبەر هەموو ئاوارەکان و هەڤالانی گەلی کورد دەیفەرموو: (ئەوانەی کە زەحمەت و ئازاریان لە گەل ئێمەدا کێشاوەو تا ئێستا هەموو ناخۆشیەکی ئاوارییان لە گەل ئێمەدا قەبول کردووەو لە سەر ڕێبازی بارزانی نەمر دلسۆزانە ماونەتەوە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان نادەین لێمان دوور بکەونەوە، ئەوانەی لەم وەزعەدا چەند سالە کە لەگەل ئێمەدا ماونەتەوەوتەحەمولی هەموو ناخۆشیەکیان کردووە،ئێمە هەرچی لە دەستمان بێت بۆ ئەو کوڕە پێشمەرگانە دەیکەین و قەت لە بیریان ناکەین)فەرمووی: (هەرگیز من لە سەر چوونە دەرەوەتان موافیق نیم دەبێ بە زووترین کات

بگەڕێنەوە شوینی خۆتان،دەیفەرموو لەو ماوەیەدا مـن دەگـەڕێمـەوە ڕاژان و وەرن بـــۆ لام و کـــارم پێتانـــەو شـــوێنتان بـــۆ دیـــاری دەکەم)گەلێک ئامۆژگاری و قسەی خۆشـی بـۆ کـردین و زۆری دل داینەوەو لە چوونە دەرەوەی پەشـــــیمان کردینـەوە،ئێمـەش بـەو قسانەی کاک ئیدریس گەلێ دلمان شاد بوو،زۆرمان شانازی دەکـرد بەوەی کە ئەو هێژایە نەمرە بـەو شـێوە ئێمـەی دوانـدوەو دەربـارەی گوزەرانیشەوە لێمان دەپرسێتەوەو بۆ پێنج مانگانیش کرێی خانوی بۆ سـەرف کـردین و یارمـەتیـەکـی زۆر باشـی دایـن و ژیـانی ئێمـەی بوژاندەوە،ئەمە نیشـــانەی جوامێری و سەروەری بوو کە ئەو هێژایـە بەبێ ئەوەی کە داوای یارمەتی لێ بکەیین دەیزانی کـە ئـاوارەیـن و پێویستیمان هەیە بە یارمەتی دان وا بەو شێوەیە یارمەتی دەدایـن و چاوی لێمان بوو،لەو کاتەدا هەستمان بەوە دەکرد کـە سـەروەرێکـی مەزنمان هەیە و لێمان دەپێچێتەوەو تا بلێی دلمان بـە دیـداری کـاک ئیدریسی نەمر شاد دەبوو،ئیتر وابوو گەڕاینەوەڕەزائیەو چوینەوە سەر کاری خۆمان و چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک ئیدریسیشمان دەکرد،من ئەو کاتە مالەکەشم هێنایەوە ورمێ و لەوێ لە گەڕەکی فەرهـەنگیـان خانوێکم بە کرێ گرت و لە قوتابخانەی راهنەمایی شـەهیـدقولی بـە ماموستا دامەزرامەوەو چـــاوەڕوانـی گـەڕانـەوەی کـاک ئیدریسـی نـەمریشـم دەکـرد کـە بێتـەوە ڕاژان و بچمـە خزمـەتـی و ئیتـر بـە یەکجاری لە پێشمەرگایەتی دا کار بکەم و شوێنێکی ترم بـۆ دیـاری بکەن،بەلام داخی گرانم ئەو هیوایەمان وەدی نەهات،مەرگـی تـال و زۆر لـە ناکـاو بـوو بـە بـەشـی ئـەو سـەرکـردە دلسـۆزو بـە وەفـاو قارەمانەمان کاک ئیدریسی جوانەمەرگ لە کاتێک دا کە هیچ کـەس باوەڕی نەدەهات کە ئەو مرۆیە مەزنە وا لـە ناکـاو بـە ناکـامی سـەر دەنێتەوە،ئەم کارەساتە مەزنە گەلـێ کـاری کـردە سـەر دلـی مـن و هەموو دلسۆزێکی کورد و کوردستان،من تا بلێی بـە بیسـتی وەفـاتی ئەو ڕابەرە گەورەیە نا ئارام و دلتەنگ بووم،کـە کـارەسـاتێکی بـاوەڕ نەکردەنی بوو،باوەڕم نەدەهات کە کاک ئیدریس جوانە مەرگ بـووە،

تا چوومە ڕاژان،لەوێ تەواوی هەڤالانم دی کەبەو ڕووداوە دلتەنگ وناخۆشە نا ئارام و خەمگین بووبون ، بە هۆی وەفاتی کاک ئیدریسی نەمر خەلکێکی زۆر ڕوویان کردبووە ڕاژان،لە مەڕاسمێکی مەزن و زۆر گەورەدا کاک ئیدریسی جوانەمەرگ لە لای باوەگەورە واتەبارزانی نەمر لە گوندی هەلەج بە خاک سپێردرا.ئەوسەردەمە سەرۆکی بە ڕێزیشمان کاک مەسعود بارزانی لە ناوچەی بادینان بوو، چووبوو بۆ جەولەی ناوچەی خوا کوڕک و لای پێشمەرگە دلێرەکانی ئەو ناوەبوو،داخی گرانم ئەو ئاواتەی کە من بە تەمای بووم نەهاتە دی و ئەو سەروەرەمان سەری نایەوەو گیانی پاکی بە بەهەشتی بەرین شاد بوو ، بۆ هەتا هەتایە لە ناو دل و دەروونی نەتەوەکەی بە زیندوویی دەمینێتەوەو قەت نامرێتن،بەو ڕوداوە مەزنە زۆر نا ئارام بووم و گەڕامەوە ڕەزائیەو چەند ڕۆژێک تازیەی کاک ئیدریس دادندراو هەموو ڕۆژێ لە تازیەی ئەو هێژایە نەمرە دا دەنیشتم،لە دوای وەفاتی ئەو سەرکردەیە مەزنەوە من وازم لە تەواو کردنی شیعرەکانی پەندی ژیانیش هێناو ئەمجارە بە یەکجاری بڕیاری چوونە دەرەوەم دا،وابو لەگەل سەردارو جەبار حاجی دوو بارە بڕیارمان داوە کە هەولی جێ بەجێ کردنی کارو بارەکانی چوونمان بۆ دەرەوە بدەینەوە،ئێمە ئەو ڕوخسەتەی کە وەرمان گرتبوو هەر لە ئارا دابوو،هەر لەو سەردەم و ڕۆژگارانە دابوو کە ماموستا هێمن کرا بووە لێپرسراوی سروە ولە دەزگای ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبی لە ورمێ کاری دەکرد،کە بنکەکەیان نەزێک قوتابخانەکەمان بوو،هەموو ڕۆژی دوای قوتابخانە سەرێکم لە ماموەستا هێمن دەداو باسی یادو بیرەوەریەکانی ڕۆژگارانی شۆڕشمان دەگێڕایەوە و ماموەستا هێمن نکتەی خۆش خۆشی بۆ باس دەکردین و ئیتر زۆر جاران بەو شێوەیە تا درەنگی ئێواران لە لای ئەوماموەستایە خۆشەویستە دەمامەوە،هەرچەند من کە هەندێ مەوقفی ماموەستا هێمنم بیستبوو لام ناخۆش بوو کە دەربارەی بارزانی نەمر لە کاتی وەفاتی قسەی کردبوون،چونکە من دەزانم کە بارزانی نەمر چەند

ڕێزی له ماموەستا هێمن نا لـەو سـەردەمانـەی کـە پـەیـوەنـدی بـە شۆڕشی ئەیلولی مەزن کرد،چەند جار بارزانی نەمر فەرموو بووی کـە هێمن هەرچییەکی دەویَ بۆی بکـەن و تـەواوی ئـەنـدامانی بـەشـی ڕاگەیاند و هەموو کوردێک له سەر قسەی بارزانیوە ئەوپەڕی ڕێزمان له ماموەستا هێمن دەنا،لەو کاتەوە کە له ئێزگەو چاپخانەی خـەبـات کاری دەکردو تـازە پـەیونـدی بـە شۆڕشـەوە کردبـوو، بـەلام دوای ئەوەی کە بۆ خۆم لێم پرسیەوە گوتی: بە خولا ڕاست نیـە بـە زاری منەوە پڕو پاگەندەیان دژ بە من گوتووە(گوایە مـاموەسـتا هـێمن لـە کاتی وەفاتی بارزانی نەمر هەندێ قسەی ناڕەوای کردووە)بەلام ئەو بە خۆی چەند جارێ لە لای منەوەحاشای لەوە کـردن و دەیفـەرمـوو کاتی خۆشی شیعرێکیان بە زاری منەوە دژی هەژار نوسی‌بوو کە هی من نەبوو،شەوێکیان لە مالـەکـەی خـۆم ماموسـتا هێمـنم لـە ورمـێ دەعوت کرد،کە بەڕێزان خالیـد ئاغـای حیسـامی(هێـدی) و زەعـیم عەلی و یوسف عەبدوالقادریش لەوێ لامان بوون ، دیسان مـن لـێم پرسیەوە ئەو حاشای لەو قسانە کرد و زۆرم پێ خۆش بـوو کـە ئـەو ماموستا مەزنەیە ئەو شتە ناڕەوایانەی نەگوتووە،ئیتر هەمیشە سـەرم لەو بەڕێزە دەداو دلم پێی دەکرایەوە.

لەوسـاوەواتـە دوای وەفـاتی کـاک ئیـدریس جوانـە مـەرگ مـن دیسان وازم لەو پـەندانـە هێنایـەوەو هاتینـە تـاران و وابووسـەردار سەفەری لەندەنی کرد و،منیش له هەولی جێ بەجێ کردنی سەفەرم بۆ دەرەوە دابووم، جەباریش بە هۆی کەم دەرامەتیـەوە نـەی تـوانی سەفەر بکاتن و پەشیمان بۆوە،ئێمەوازمان نەهێناو لـە دوای هـەول و تەقەلایەکی زۆر هەستاین لە گەل هەڤال ئاودەل و منـدالان سـواری تەیارە بووین و بەرەو سـوریا بـە ڕێ کـەوتـین، زۆر سوپاسـی کـاک عەلی عەبدوللای هێژاش دەکەم کەبرادەرانی ڕاسپارد تا یارمـەتـیم بدەن بۆکارو بارەکانی سەفەرکردنم.

وابوو چوینە سوریاو ئیتر دوسێ مانگ له سـوریا ماینـەوە لـە 1988 /3/20دا بەرەو بەرلینی شەرقی بەڕێ کەوتین و لـەوێـش

لە دیواری بەرلین پەڕینەوەو لە بەرلینی ڕۆژ ئاوا خۆمان تـەسـلیم بـە پۆلیس کرد و دوای سالێک مانەوەمان لە هاییم و ژیانێکی سەخت دا لجوئی سیاسی‌مان وەرگرت.

ئەوکاتەی کە هاتینە دەرەوە 80 دێرێکم لـەم شـیعرانە لـە ئێـران نوسی‌بۆوەولەوێم بەجێ هێشتبوون و هەر وا مایەوە تا سالی 1988 کە کەوتمە دوورە وەلاتان و لە ئەلمانیا لە شاری بەرلین گیرسامەوە، دوای ئەوەی کـە خـەریکـی کتێبـی هـەلـەبجـەی شـەهیـد بـووم و ماوەیەکی باش خۆم پێوە خەریک کردو وێنەکـانی هـەلـەبجـەم کـۆ دەکردەوەو تا توانیم بە شێوەی پەڕتوکێک کتێبی هەلەبجەی شەهیـد کە ناوی شیعرەکەمە لە سەر هەلەبجە،ڕێک خست و لە ئـەو ڕوپـا دا چەند نوسخەیەکم بە خۆ چاپ کرد و بلاوم کردەوە و بـۆ گـەلـێ لـە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی هەنـدەرانـم نارد،دووسـێ دانـەشـم بـــــردەوە کوردستان بە هەندێ لە هەڤالانم دا کە بە هیوام هەڤالان ئەمجـارە بۆمان چاپ بکەنـەوە چونکـە بـلاو نـەبوویتـەوەو کـە تـەنیـا چـەنـد نوسخەیەکم بە تایپ چاپ کردووە.

دوای ئەوەی کە هاتمە ئەوڕوپـا هـەنـدێ کتێـبم لـە ئێـران لای خزمان بە جێ مابوو،داوام کردەوە لە 1989 بۆیان ناردم،بە دەستم گەیشتنەوە،یەکێ لەو کتێبانە ئەو پەڕاوە بوو کە چەند دێرە شیعرێکم لێ نوسی‌بۆوە، خەمی غوربەت و دەربەدەریـش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـە سەر شان و ملانم گرانتر دەبوو،تـا یـەک دووسـال لـە مـەوبـەر کـە دیوانێکی شیعرم بە ناوی (خـوێنی خـاک) و ئـەویتریشـــــــم بـە ناوی ( پێشمەرگەی ون )تەواو کرد و چـەنـد نوسـخەیـەکیشـم بـە هەزار ناری عەلی لە مالەکەی خۆم بە گەلـێ کـەم وکوڕیـەوە تایـپ کردو چەند دانەیەکم چاپ کردن و،دلم زۆر پێ خۆش بوون،لـە گـەل ئەوەی کە هەندێ کتابی ترم لە فارسیەوە وەر گێڕابوونە سەر زمـانی کوردی،وەک( قەلای ئاژەلان) و (نـامۆی ئـەلبێـڕ کـامۆ) و (چـەنـد چیرۆکێکــی تــر )ئیتــر وردەوردە دەســت بــە کــار بوومــەوە (بــە سەرهاتەکان) و( ئاژەلانی پەیڤگۆ)و گەلێ لە وتارو نوسینی ترم کـۆ

کردنەوە وردە وردەش دەستم دایەوە کار کردن و دوای تەواو کردنی (قەلای ئاژەلانی جورج ئۆرویل)وپێاچونەوەی لە گەل ئەلمانیەکە دا ، لە ئەوڕوپاش ماوەیەک خەریکی حزبایەتی و ڕێکخستی پارتیمان بووم و کە لێپرسراویەتی ڕێکخستی ئەلمانیام پێ سپێردرا لەناوچەی ئەلمانیادا لە گەل هەڤالانی ترم هەمیشە هەولی ڕێکخستنی پارتیمان و کۆبوونەوەکانمان دەدا و سەفەری شارەکانی ئەلمانیامان دەکردو ئەمەش پێویستی بە کاتێکی باش هەبوو کەپێوە خەریک ببوین و سەرکەوتوانە ئەنجاممان دەدا، ئیتر دوای چاوخشانێک بە یادگاریەکانم و یادی کۆ کردنەوەی بیرەوەریەکانم بۆ یەکەمجاردەستم دایەوە ئەو پەڕاوەی کە شیعرەکانم لێ نوسیبۆوەو وەدەستم گەیشتبۆوە،بە تایبەتی شیعری (پەندی ژیان)ئەوسا بە یادی کاک ئیدریسی هەمیشە زیندو نەمر، دەستم کردەوە بەتەواوکردنی پەندی ژیان و تا توانیم بەم شێوەیەوە ئەم پەندانەم تەواو کردو دلی خۆم ئارام کرد و پێشکەشی دەکەم بە گیانی پاکی سەرکردەی نەمرو جوانە مەرگ کاک ئیدریس بارزانی نەمر کە هەتا هەتایە لە یادم ناچێتەوەو لە ناو دلی هەموو دلسۆز و وەفادارێکی ڕێبازی کوردایەتی هەردەم زیندووە.

خۆ ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری مرۆ بەرەو مردن دەباتن بەلای منەوە ئاوارە وەک مردوو وایەو هەرگیز ئۆخە لە ژیانی خۆی دا ناکاتن،مرۆ لەم گولخەنە دوورە دا ئەگەر بتوانێ خزمەتێک بە گەل و وەلاتی خۆی بکاتن ئەوا جێگەی شانازیە،منیش بۆیەکە هەولی خۆم لەم بوارانە دەدەم و دەلێم لە دوای ژیانی شۆڕش ودەربەدەریم هیچ نەبێ بەرهەمێ بۆ خزمەت بە وەلاتی شیرینتر لە گیانم بکەم و دلی خۆم ئاسودەترو شادتر بکەم کە سالەهای سالە لەو ڕێبازە پڕ لە شانازیەوە کەمتەرخەمیم نەکردووە،بەهیواشم کە جێگەی ڕەزامەندی و دلخۆشی خوێنەرانی ئازیز بێت و هەلەکانیشمان بۆ چاک بکەنەوە.

لێرەش بۆ یادی گیانی پاکی نەمرو هەمیشە زیندوو کاک ئیدریس بارزانی نەمر ئەم شیعرەم کە لە ڕۆژی وەفاتی ئەو

سەروەرە نوسیوەتەوەو تەنیا جارێک لە گۆڤاری گولان دا بلاو کراوەتەوە دووبارە لێرەش بە یادی گیانی پاکی کاک ئیدریس جوانە مەرگەوە بلاوی دەکەمەوەو لە یەزدانی مەزن داواکارم کە جێگەی ئەو سەرکردە جوانە مەرگەبەهەشتی بەرین بێتن ،لە گەل تەواوی شەهیدانی کورد و کوردستانی ئازیزمان دا .
هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی بارزانی نەمر و گیانی هەمیشە زیندووی کاک ئیدریسی جوانە مەرگ و تەواوی شەهیدانی کوردو کوردستان.
ئەحمەد دەشتی 1990 بەرلین

*

## کاکە ئیدریس

هۆ کاکەئیدریس زاناوو سەروەر
ئەی سەرکردکەی کوردستان پەروەر
هۆ ڕابەرەکەی دلسۆزی کوردم
خۆشەویستەکەی ڕێبازی مەردم
وا بەم سەفەرت تۆ ژینت بردین
تۆ پڕ لە خەم و گرینت کردین
ئەتۆ لە یادی گشت دلسۆزانی
تۆش هەر نەمردووی وەکو بارزانی
بۆچي وا بە زوو ئاوا کۆچت کرد
شادیت لەدلی خڕیارانت برد
ئەتۆ ئاواتی سەرکەوتنمان بووی
جێي شانازیی و گەورەییمان بووی
وا بەختی ڕەشی ئێمەی کورد وایە
کەوا گەردوونمان هەر پڕ جەفایە
هەر وەرزێ کەوا ڕومان تێدەکا
شادی لە دلی کوردان بار دەکا
هەر خەم و ڕەنج و جەفاو ئازارە
وا بەشی کوردی مەردو هەژارە
هەروا پرسەیە لە هەموو لایێ
تەنیا هەر دەنگی شادی کوردنایێ
بووینەغەریب و نامۆی هەندەران
ون بووین لە ژان و تەم و برینان
هەر وا لە دووری زێدی شیرینمان
ماینەوەو دەمرین بە زام و کوانان
هیچ ڕۆژێ نیە بێ ئازار بژین
دوورلە زام وڕەنج دل بەخەم نەبین
هەروا نامرادو پڕ لە گرینین

بەبێ ئازادی و بێ مافی ژینین
وا مەرگی گەلێ ئازیزانمان دی
ژانی برینی  هەزارانمان دی
هەردوێنێکە بوو  بارزانی گوردم
بوو بەبرینی ناو دلی کوردم
ئێستاش وا ئەتۆ هۆجوانەمەرگ
برینت قول کرد لە دل وجەرگ
خۆ پەیمان وا بوو گشت بچینەوە
ڕزگاری خاکی  کورد بببیننەوە
فەرمووت ڕۆژێ دێ کە  کورد رزگاری بێ
لیرە نەبین و دلمان شاد ببێ
بۆچي گەردونمان واچەپ وەرسووڕا
مال ئاوایي بوون  وابە تۆ بڕا
ئێستا بەبێ تۆ  ئێمە ماینەوە
مەرگی تۆ خەمی نوێی رواندەوە
سا ئێستا ئەمن ڕووم لە کێندەر کەم
دەردی دلی خۆم لای کێ باس کەم
ئەتۆهەتوانی برینانم بووی
تۆخۆشەویستر لەچاوانم بووی
بەم سەفەرەی خۆت وا وێلت کرین
گەلێ بێکەس و بێ یارت کردین
بەلام پەیمانە هەتاکوماوم
لەڕێگەی تۆ بێ  هەردوچاوانم
ئەتۆ کە فەرمووت  هەرکە هاتمەوە
تۆ وەرەڕاژان لە بۆ لامەوە
پەیمانم وابوو کە من بێمەلات
جێم بۆدیارکەی بۆڕێگەی خەبات
زۆر سەربەرز بووم بە وتەکانی تۆ

بەدیدارەکەی ئەوڕۆژانەی تۆ
بەلام ئێستاکە زۆر پەرێشان بووم
وا بەمەرگی تۆ  پڕلە ژانان بووم
کاکەئیدریس گیان  تۆخوات لەگەل بێ
مەزارەکەی تۆش  هەر پڕ لە نوور بێ
ئەتۆ نەمردووی لە ناو دلمانی
ئەتو جوانتر  لە گشت  گولمانی
شەرت بێ  هەتا هەم  هەر وەفادار بم
هەردەم  دلسۆزو فیدای بڕوات بم
بۆکوردستانم  من خۆم بەخت کەم
ڕێگەی بارزانیم  هەرگیز ون نەکەم
نەفرینم بکەم لە دوژمنانم
خۆم قوریان بکەم  بۆ کوردستانم
من چقلی ڕێگەی دوژمنی  تۆمە
گولی جوانی یارانی تۆمە
هۆ کاکە ئیدریس تۆ قەت نامری
لە دلی کوردان تۆ هەر سەروەری
ڕێبازی مەزنت ڕزگاری کوردە
باوەڕی هەموو کوردێکی مەردە
*

پێشکەشە بە گیانی پاک و هەمیشە زیندو وسەوەرەی کورد کاکە ئیدریس بارزانی نەمر 1988 بەرلێن بە یادی سالێک  تێپەڕ بوون بەسەر وەفاتی کاک ئیدریس بارزانی نەمر ئەو سەرکردەیە زاناو نیشتمانپەروەرو دلسۆز و کەلەمێردەی مەزنی کوردایەتی ،کاکە ئیدریسی هەردەم سەربەرزو خاوەن هەستێکی بلند و گەورەو ئەندازیاری یەکێتی و برایەتی کوردو هیوای دواڕۆژ و مایەی شادی و خۆشەویستیمان ،وەفاتی کاکە ئیدریس زیانێکی گەورە بوو بۆ کوردو کوردستان،زۆر بە دەگمەن مرۆیەکی ئاوا دەبێتەوە کە دلسۆزی وا هەلکەوت و لێ هاتووی ڕێبازی بارزانی نەمر بێتن، کاکە ئیدریس نامرێت و  هەرگیزلە یادی خاک پەروەرو دلسۆزانی کوردو کوردستان ناچێتەوە.

# ئیدریسی نەمر

هۆ بارزانی سەرکردەی کورد
جێی شانازی دروشت و ورد
دیسان زامم کولایەوە
ئەسرینی خوێن ڕژایەوە
وا هەڤالی کوردستانم
شێری چیاو دەشتەکانم




دوژمن ناسە پسپۆرەکەم
ڕۆلەی مەزنی سەروەرەکەم
مال ئاوایی لە ئێمە کرد
زۆربەزوویی وا کۆچی کرد
کاکە ئیدریس گولی خاک بوو
ئەو ڕێناسی ڕێبازم بوو
خەمخوری گشت کوردستان بوو
ئەو هەتوانی زامی دل بوو
ڕۆلەی بەرزی بارزانی بوو

**کاکە ئیدریس ڕۆڵەی سەروەر**
**لە یاد ناکەم تۆی وەک گەوهەر**
**نەمان زانی وا لە ناکاو**
**دەبیە خەمی کوردی تاساو**
**بە ئێمەت گوت دەڕۆینەوە**
**بۆ ولاتمان دەچینەوە**
**شۆڕشی گولان پیرۆز دەبێ**
**بارزانیمان گیان شاد دەبێ**
**پەیمان وابوو هەموو وێکڕان**
**شاد بین ئیتر بە کوردستان**
**کەچی ئێستا بە نامرادی**
**وا جێت هێشتین بێ ئازادی**
**کاکەئیدریس خوات لە گەل بێ**
**لەگەل بابەجێت بەهەشت بێ**
**پەیمان دەدەم هەتا مابم**
**لە ڕێی کورد و کوردستان بم**
**لە یاد نەکەم ڕێبازی تۆ**
**دەبمە قوربان لە ڕێگەی تۆ**


*

**بەیادی ڕۆژی وەفاتی کاک ئیدریس پێشکەشەبە گیانی پاکی ئەو سەرکردە نەمرە و هەمیشە لەیادمان.**




## جوانەمەرگ


زۆر دەمێکە ئەم دلەی من
لە ئاست مەرگی هەڤالان و
خۆشەویستان
بویتە زێدی ئازارو خەم
گشت هەناسەی هەلمژینم
لێ تال بووە وئازارەکان دەم دوێنن
جەفاو زام و حەسرەت و تەم
لە ناخم دا دەمرووژێنن
گەلێ گریام  کە ئازارو خەمی ئەیلول
ڕووی تێ کردم
دەربەدەرو ئاوارە بووم
ون و وێلی دووری کردم
گەلێ گریام کە ئەو ڕۆژەی
هەلۆی بەرزی کێوەکانم
لە غوربەت و نامۆیی ژین
ماڵ ئاوایی وا لێ کرین
سەدان زام و برینی پێ وەرکردین
زۆر زۆر گریام ، پڕی وەی بووم
کە هەڤال و سەرکردەکەم
مال ئاویی لەغوربەتا وا لێکردم
ئەمڕۆش ئەوا زامەکانم کولانەوەو
هەلقرچام و بوومە     برین
لە داخ مەرگی جوانەمەرگە
شەهیدەکەم توامەوە
لە داخ چەرخی وا چەپگەڕدا
میحنە ت و زام
هەموو تەنی دا گرتمەوە




وێلی ژانی برینانی پرلە سۆ بووم
خەم و ئازار ژینی بردوم
هێشتان زامی  سەر دلی من
لە تاوکۆچی  هەلۆی بەرزم
خوێنی سوری لێ دەتکاوە
هێشتان چاوی قوڕاوی من
خوێنی سووری هەر تێزاوە
لە ناو دەرون هەلدڕێژم
جەفاو میحنەت
چاوەڕوانی ڕێی ڕزگاری و
سەربەخۆیی  کوردم ماوە
کەوا دیسان ڕۆژگاری ڕەش
وەک  ئەژدەهای ڕەش و تاری
سایەی نەسی بۆم نواندوە
وا بناغەو  هێلانەی خەم
لە سەر پەڕەی دڵی کولم
داندراوە ونەهامەتی بەم سوێنێ
هێلانەی زام  لە سەر جەستەی
ئێمەی غەریب  هەڵچیندراوە
ئەهریمەنی مەرگ و نەمان بە ناکامی
ڕۆلەی هەلۆی کوێستانانی زوو بردەوە
بای زیریان و بوورانی خەم
هەلی کردێ و
لە گەوالەی  ڕەش و قەقنەس
برینانی بی هەتوانی باراندەوە
ژانی لە دل ڕواندین و
هێشتان هەموو زامەکانی
ئەمڕۆو دونێم سارێژ نەبوون



**کوانێکی پڕ ئازارو**
**بێ هەتوانی تازەو نوێی**
**وا لە جەستەی برینانم کرایەوە**
**هەواڵێکی پڕ لە خەم و ژانەکانم**
**لەم غوربەت و دوورە دوورە**
**سەر لەنوێ بە کوت و پڕی**
**جەرگ بڕی پێ داینەوە**
**شاسوارەکەی سەرکردەکەم**
**هیواو پەناو**
**خۆشەویستە دلسۆزەکەم**
**کۆچی کردو پەروازی کرد**
**ڕۆیی بەرەو ئاسمانەکان**
**ڕوی‌و بۆ لای باوکی گەورەی**
**کورد پەروەران**
**بەداخەوەهە**
**بە ناکامی سەری ناوە**
**ئەویش لەلای**
**باوکی هێژاو نەمرم**
**هەتا هەتا زیندو ماوە**
**وا لە کۆڕی هەڤالانی شەهیدانم**
**کاکە ئیدریس نەمر ماوە**
**ئێمەش لەگەل نەهامەتی و ئازارەکان**
**لەم غوربەتە و ناکامیەدا**
**هەرچی ژان و خەمە تەمە**
**بۆمان هات و هەر مایەوە**
**بەلام گیانە کاکە ئیدریس**
**هۆ هەڤالە سەربەرزەکەم**
**هۆ شاسواری ڕێی خەباتی**



کوردستانە برینەکەم
ئەی شەهیدی هەردەم زیندو و
هۆ ڕابەرە خۆشەویست و
شاسوارە هێژایەکەم
تۆش نامری هەردەم زیندووی
ڕۆناکیەکی خامۆش نەبووی
لە هەرەس و کارەساتان
لە مینەت و دوورە وەلاتان
زۆر گەشبین و کارامە بووی
ورەی ئێمەت هەر جۆش دەدا
بە پەیڤی جوان ،بە هاکارت
ڕێی ڕزگاریت نیشان دەدا
ئەتۆ مایەی سەربەرزی بووی
ئەتۆ هیوای سەربەخۆیی و
ڕزگار بوونی کوردستان بووی
کە پێت گوتین شۆڕشی نوێ لەئارایە
چی هەرەس و کارەساتە
ئیتر دەڕواو دەبڕێتەوە
شۆیڕشی گولان لە ڕێ دایە و
ئازارو خەم دەسڕێتەوە
ئاهی سەردی دەربەدەریت
لە ناو دلمان ناکام دەکرد
بە ورەی بەرزی پڕ لە هێزت
بە ڕامان و ڕێبازەکەی وا پیرۆزت
خەمی نەحس و
زامەکانت هەتوان دەکرد
بۆ هیوای دوور
هەرگەش بینیت یاد دەداین و



چرای ڕوونی کوردستانت هەرهەل دەکرد
دەتۆش بنوو لە باوەشی دایەگەورە
ئەی سەروەری ڕێی سەربەرزی
ڕۆژێ هەردێ وەدی بێتن
هیواکانت لە سەر ئەرزی
هەمو ساتێ چەپکە گولی بیرەوەری
بۆ سەر گلکۆی بلندت دەبەین
ڕێگەی بەرزو ئامانجی تۆ
سەربەرزانە هەرسەردەخەین
هەزار سلاو لە تۆی مەزن و
ڕێبازەکەی سەروەری تۆ
کاکە ئیدریس تۆش شەهیدی
لە ناو دل و دەروونی کورد
وەکو بابەو شەهیدانی ڕێی ئازدی
هەردەم زیندووی
سلاو لە گیانی پاکی تۆ
لە یاران و باوەگەورەو
شەهیدانی ڕێبازی تۆ
تۆشنامری قەت نامری
لەناو دڵ و گیانمانی کورد دا
هەر سەروەری
بەیادی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ پیشکەشە بەگیانی پاکی ئەو نەمرە

*

ئەو شیعرانەی سەرەوەم پێشکەشە بە گیانی پـاکی کاکـە ئیـدریس بارزانی نەمر ئەو ڕۆلە کوردە مەزنەی قال بووە لە مەیدانی خەبـات و

تێکۆشان و بزاڤی نەتەوایەتیمان و شۆڕشی ئەیلولی مـەزن و گـولان دا و سەرکردەی دلسۆز و ڕابەرو قوتابی ڕێبازی بارزانی هێژاو نەمـرو گەورەمان .

کاک ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردە قارەمانە بوو کە هـەمیشـە جێگەی دیار بوو لە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی بـەرخـودان و بزاڤـی شۆڕشگێڕی دا، چرایەکی گەش و پڕشنگداری ڕۆژانی ناخۆشی و بـە سەر هات و کارەسـاتەکـانی کـورد بوو،بـەرامبـەر هـەمـوو نـەیـاران هەمیشە چاو نەترس وسەرسەخت و شکەست ناپەزیـر بوو،لـەگـەل هەڤالان و دۆستان و یارانیش هەمیشە دلۆڤان و دل نەرم و دلسـۆز و بە وەفابوو،لە ڕۆژانی سەخت و نالـەبـار و ناخۆشـیش دا هـەمیشـە باوەڕی بە سەرکەوتن و شکەستی دوژمنانەوە هەبوو،هەرگیز تەسلیم بە ناڕەوایی و ناڕاستی و فرت و فێلی دوژمنان و داگیر کەران و هـیچ کەسێکەوە نەدەبوو،باوەڕی بە یەکێتی ڕێزەکانی کـوردو ڕێکخسـتنی هەمیشەیی مالی کوردەواری هەبوو،هەمیشە دەیفەرموو یـەکگرتنـی کورد مایەی سەرکەوتن و ڕزگاری کورد و کوردستانە، دیمان کە ئـەو سەرکردە تێکۆشەرەو سەروەرەمان بەوپەڕی گیـانی پـاکی کوردانـەو هەست کردن بە لێپرسینەوە چـۆن بـوو بـە ئـەنـدازیاری ئاشـتی و یکگرتنەوەی ڕیزەکانی گەلی کورد،ئەو ڕابەرە مەزنەمان نەک هەر لـە ئاستی کێشەی کوردو کوردستانەوە خەباتگێڕێکی وریـاو کارامـەوتـا بلێی لێ هاتوو بوو، بەلکو لە ئاستی تەوای ناوچەکـەمـان و عێراقـەوە خاوەنی هەست و بیرو ڕامانێکی مـەزن و گـەورە بـوو و شـوێنی ئـەو شامێرەمان لە ناو تەواوی بزوتنەوەی دیموکڕاتیەکان و ئازدیخوازانی دەرەوەو ناوەوەش جێگەی دیارە کـە چ شـۆڕە سـوارێکی مـەیـدانی دلسۆزی و خەبات و تێکۆشان بوو هەرگیز لە دژی دوژمنانی میللەتان و داگیرکەرانی کوردسـتان نـەوەسـتا،کۆچی دوایـی کـاک ئیـدریس بارزانی جوانەمـەرگ تـەنیـا کۆسـتێک نـەبووبـۆ پـارتی دیمـوکراتی کوردستان ، بەلکۆ بۆ تەواوی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ناوچەکـەمـان ڕووداوێکی نـاخۆش ودلتـەزێـن و پـڕ لـە هـەژان و دلتـەنگـی بـوو.

سەروەران یادیان بە خێر و گیانی پاکیان بە بەهشتی بەرین شاد ببێتن و ڕێبازیان هەر سەرکەوتوو بێتن.

نەمری و سەربەرزی بۆ هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگەی نیشتمان و ئازادی و سەربەخۆیی گەل و وەلاتیان خەبات دەکەن و خۆیان دەکەن بە قوربانی شادی و بەختەوەی گەلەکەیان و تا دوا هەناسەی ژیانیان لەو ڕێگەوە سەر دەنینەوەو هەرگیز کۆلنادەن ، ئەو مرۆیە هێژاو دل گەوەرانە هەرگیز نامرن و لە ناو دل و دەروونی میللەتەکەیان هەمیشە زیندوون،گەڕانەوەی تەرمی نەمران بارزانی مەزن و کاک ئیدرسی جوانەمەرگ بۆ باوەشی کوردستانی دایک نیشانەی ئەو ڕاستییانەن و کە خەباتگێران و سەروەران هەمیشە زیندوون و قەت نامرن ،دیمان کە گەلی کوردستان بە تێکڕای گەورەو بچوک ژن و پیاو چۆن ئەو قارەمانانەیان لە باوەش خۆیان گرت و بە چ ڕێز و گەورەییەوە تەرمی خۆشەویستانی خۆیان بارزانی مستەفا و کاک ئیدریسی جوانەمەرگیان چۆن ڕێز لێ ناو چەند بە گەورەیی و سەروەریەوە بە خاک سپێردران و دیمان چۆن بە زیندوویی گەڕانەوە باوەشی دایکی ئازیزمان کوردستانی لە هەموو شت خۆشەویسترمان،ئێستاش دەبینین چۆن کۆمەل بەکۆمەل گەورە پیاوان و دلسۆزانی ڕێبازی بارزانی نەمر دەڕۆن بۆ زیارەتی مەزاری ئەو نەمرانەو چەپکە گولی یادو بیرەوەری و ڕێزیان لە سەر گلکۆکانیان دادەنێن و بوونەتە ڕووگەی خۆشەویستی و هەمیشە زیندوویی و شوێنییان لە ناو دەروونی میللەتی کوردا دیارەو،دوژمنانی ڕێبازی بارزانی نەمریش کەساد و ژێر کەوتوو و نەفرین کراون و ڕۆژنیە هەزاران نەفرینیان بۆ نەچێت و قارەمانانیش و تەواوی شەهیدانی کورد و کوردستانیش هەزاران سلاوو خۆشەویستیان بۆ دەنێردرێتن و نەمردوون.

هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ وتەواویی شەهیدانی کورد و کوردستان و هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگەی خاک و نەتەوەکەیان دا بوونەتە قوربانی و لە

پێناوی ڕۆناک کردنەوەی کوردستانی ئازیزمانەوە خۆیان بەخت
کردووە و هەرگیز نامرن و هەمیشە لە ناو دل و دەروونی
میللەتەکەیان زیندوون.

## ریبازی بارزانی

سەرم بەرزە بە تۆی پارتی
بە بارزانی و ڕێی خـــەباتی
هەتا مردن پەیمانمە
ڕێی بارزانی ئاواتمە
کوردستانی خۆم خۆش دەوێ
پارتیمە تا کورد ســـــەرکەوێ
خەبات دەکەم بۆ کوردســتان
بۆ ڕزگاری و سەربەرزی ژیان
سەروەرانی کوردچاومن
ڕوگەی بیرو ڕامانمن
کێ شامێرە وەک بارزانی
گولە لە ناو دلمە گیانی
لەو ڕێبازە من قوربانم
پارتیمە بۆ  کوردستانم
هەست و بیرو دل و سەرم
تێیدایە ڕێگەی سەروەرم
بارزانیە شانازی من
ڕەمزی کوردە سەروەری من
*

## سەربەخۆیی

ئاوی چاوی پڕ گرین و شـــاری دڵ
بونەتە ژانی هەمیشــــەو زامی کـوڵ
نیمەتیشکێ بێ بدا لەوباغی گـــــوڵ
ڕوون بکاتن ئەم ژیانەو هیــوای دڵ

بێکەس و بێدەر غەریبم پـــڕ لە خەم
چی هەمەهەرحەسرەتەو ئاخ و ئەلەم
زۆر لەمێژە والە دووری بویمە شـــەم
سەیری نیمە بێجگە ئاسۆی پڕلەتەم

ئەم هەموو ڕەنج و جەفایەو میحنەتم
بۆ وەلات و ســــــەربەخۆیی میللەتم
تا نەمینێ و لا نەچێتـــــن نیگبـــەتم
نێمە شـــــادی پڕ لە زاری و زیللەتم

تا وەلات وســــەربەخۆیی خۆم نەبێ
لەم جهانە پەرچــــــــەمم بـالاّ نەبێ
چی‌کەکوردە سەربخۆو شادان نەبێ
من ژیانم هـــەر بەقوربان خاک دەبێ

# ئاسۆی بە تەم

ئیمسالیش ڕۆیی هــەر ئــاوارەمام
دل پڕ گرین و هـــــەر بێچـارەمـام

جەسـتەی برینم هەرخوێنی لێ دێ
هەر پەرێشـانم و ئەسرینی چاودێ

ڕۆژی ڕوناکم هـــــەر لێ گیـــراوە
لەم دوور غـــــوربەتە ژیانم نەماوە

دەڕوانم بەرەو ئاســـۆی تارو ڕوون
دەلێـــم کەی دەڕوا ڕۆژانی وادوون

منیش بەخاکی کوردســـتان شادبم
لە واری خۆمدا ڕەهــــــاو ئازدا بم

هەستی ناپاک و شـــەڕی خۆکوژی
نەمینێ و بـــــڕوا هەموو خۆێن مژی

ئاوازی بەرزی ســــــەربەخۆییمان
بێتن لە هەمـــوو خاکی نیشـــتمان

منیش خـــاونی وەلاتی خـــۆم بم
دوورلە ژێردەســتی داگیرکەران بم

ئالای ڕەنگینم بشـــــــــــەکێتەوە
ناوی کوردســــــــتان بەرز بێتەوە

تاو بدەم ئەســپی زانست و هونەر
شـــادببێ گیانی پاکی کوردپەروەر

وەک گەلان منیش خاکی جوانی خۆم
لەدەســـــت خۆمابێ چارەنوسی خۆم

ئەوســا سەربەرزوخەندان و شـــادم
کەســـەربەخۆبێت خاکی جێی مرادم
*
نەورۆزی 1988 بەرلین

# پەندی ژیان

خۆشـــــەویســـتانم ئارامی گیانم
هاوســــەری پاک و هاوڕێی ژیانم

خونچە گولانی باغــــەکەی ئەوین
بینـــــای چاوان و ئارامی بــــرین

هیواکانی من جگەر گۆشــــــــانم
ســـەبووری دووری وخەم ڕەوێنانم

خونـــاوەی گول و ئـــارەزووی ژیانم
گوفتار شــــــیرین و تاوی بەیانم

ڕۆناکی ڕوونی ئەم دەروونـــەی من
ئاوازی شـــــــادی بۆ ژیانی من

هیوای ئازیزم ژیرو هوشـــــیارم
پـــــزکـــی ژان و زام و ئـــــازارم

هەتوانی برینم ڕۆلەی شـــــیرینم
گولی بۆن خۆشی ژیـــان وئەوینم

کاکە هێمن گیـان هەتـــوانی دڵم
کوڕی دوارۆژو گولی ســــــەرچڵم

ئەی گوڵە هێـــــرۆی باغی ژیانم
هۆگـــــڕی دلی پڕ لە گـــــریانم

هێدی ئازیزم جـــــــوانتر لە گوڵ
سۆمای چاوان و هـــێزو گوڕی دڵ

کاکە هەڵێـــــــرم گەوهـەری ماڵم
سەبووری دووری سالەهای ســاڵم

جگەر گۆشـــانی جوانتـــر لە گوڵ
بینـــــای چـاوان و ئازیـــزانی دڵ

گوێم لێ ڕابگرن چیــتان پێ دەلێم
بۆســەربەرزی ژین لەگەلتان دەدوێم

ئەوەی لێرانە وا دەینوســــــــمەوە
پەنــدی ژیانن بیرتان نەچنـــەوە

ئێـــــوە بەرهەمی ڕۆژگاری ژینمن
هیـــــوای ئەم دڵەی پڕ برینـمن

من کەوا ئێــــــوە نامــــۆ دەبینم
ژانم زۆردەبێ لە ســــــەر برینــم

بە ئێوەی شــــیرین گەش بینەدڵم
کە ســــــەربەرز بن بۆدین و گەڵم

من کەوا دوورم لە کەس وخــزمان
لە دایک و خوشک وبــراو باوانمان

هۆی خۆشــەویستی گەل و وەلاتە
کە ســــــــالەهایە بیانیم خەلاتە

سەربەرزم بەوەیکەواسەرشۆڕ نیم
دژی وەلات و ســـــەربەخۆیی نیم

لە ڕێگەی گەل و کوردســـــتانەکەم
بویمە ئاوارەی دوور هـــــەوارەکەم

ئێمە کە کـوردین بێ مافین لە ژین
زۆر لە مێژ ســـالە بۆ ژیان دەمرین

لە ڕێگەی خاکی کوردو کوردستان
قوربانی دەدەین بە دل و بە گـــیان

هەرکێ بۆ گەل و خاکی خۆی نەبێ
هەردەم سەرشۆڕەوبێئەمەک دەبێ

مردن لە ڕێگەی سەربەخۆیی بوون
چێترەلە ژیانی ژێر دەستەیی بوون

ئەمن پەیمـــــــانم داوە لە ژیـــام
کەوا سەرشۆڕی وپەســـــتی نەبینم

هەتاکوجەســـــتەم گیانی تێ ما بێ
لە ڕێگەی گەل ونیشـــــتمان دەبێ

ســـــــەربەرز دەژیم تاماوم لە ژین
دەبمە قوربانی کوردی دڵ بـــــرین

گەر لە ڕێی کوردو کوردستان نەبێ
گیانم بۆچیە  لە جەســــــتەم دابێ

ئازیزانی من خۆشەویــــــــــــــتانم
تێکۆشن هەردەم بۆ کوردســــــتانم

بە ئێوەش شـــــــادە دلی بـــــرینم
لەڕێی کوردستان قوربان بێ ژینـــم

مەرامم خۆشی وســەربەرزی کوردە
بەختـــــــــوەری من ڕزگاری کوردە

بۆ نیشـــــتمانم خۆم بەخت دەکەم
شەرتبێ تادەمرمسەرشۆڕی نەکەم

چ لە خاکی خـــــۆم یا دەربەدەر بم
گیان بەقوربانی کوردسشاتان دەبم

لێرە لەم دوورەی زۆر لە مێژینـــەم
ئێـــــوەن ئارامی ئەم گریەو ژینەم

ئێـــــــوەن هـــــــۆگری دل و گیانم
ســـــــەبووری  دووری  پڕلە گریانم

ئێوە هەمـــــووتان ســـارێژی زامن
ســــــــەبووری دلی دوورە خـــاکمن

گەر ئێوە ڕێگەی سـەربەرزی بگرن

هەرگیزبەپەستیوسەرشۆڕی نامرن

منیش سەربەرزم بە بەرزی ئێشاوە
بەناو و دەنگ و هـــێژایی ئێـــــوە

قەت ڕێگەی چەوتی ژیانتان مەگــرن
بەپەستی ونزمی و سەرشۆڕی مەمرن

گوێ بگرن لە من چیتـان پێ دەلێم
بۆ ئێوە پەندبێ ئــەوەی کە دەیلێم

هەمیشە لە ژیان پەنـــــد وەربگرن
خراپەوێل کەن، ڕێگەی چاک بگرن

ئاواتم وایە کە گـــــوێ ڕایەل بن
دوورە ئـــــازارو بێ گریەو خەم بن

بخوێنن فێـــــر بن کوردی بنوسن
نەخشەی کوردستان هەردەم ڕاموسن

لە هیچ کاتێک دا خۆ لە یاد نەکـەن
زمانی زگماکی کورد لە بیر مەکـەن

کەسێ کە وەفای بۆ خـــۆیی نەبێ
نامەردو پەستەو شــــەرمەزار دەبێ

بەهیـــــوام کەوا هەر سـەرفراز بن
ڕۆلەی وەلات و گەل و کەستان بن

قەت چاو لە نزمی مەکـەن بۆ ژیان
مەبنە داردەستی دوژمن  بۆ گریان

تەمای من پێتان بۆ نیشـــــــتمانە
بۆڕزگار بوونی گشـــت کوردستانە

ئێمەش وەک گەلان ئازادە بـــژین
ســــەربەخۆبین و بۆوەلات بمرین

هەولدەن لەڕێی یەکبوونی گشـــتی
تاکوردڕزگاربێ وهەیبێ سەربەستی

لە ڕیی یەکگرتن هەردەم تێکۆشن
شــەرابی خیانەت هەرگیز مەنۆشن

ئێوەنە گولی باغی ســــــبەی ژیان
خونچەی جوانی ئەمڕۆکەی زەمـان

گول بن هەمیشە بۆ قـــەوم وارتان
قەت مەبنەدرکی ڕێگەی هەوارتان

بزانن هەمـــــوو چاک گوێ ڕابگرن
پەند وەربگرن و ســــەربەرز بمرن

وادەنوسمەوە ئەم شــیعرە بۆتـــان
پەندی ژیان بێ بۆ بەرزی بوونـتان

خوناوو هیـــــــــواو ڕۆناکی ژینم

هێمن وهێرۆ و هەتوانی بـــــــرینم

هێدی شـــــــــیرین و هەلێری دڵم
گوێ بگرن لەگشت پەندی وەک گوڵم

هەرکێ کە ژیـــــــــرو وریاو زانابێ
لەڕۆژگاری دوون قەت دامـــاو نابێ

کێ کەوا لە ژیان پەنـــدان وەرگرێ
هەرگیز بێ نـــەواو بەدبەخت نامرێ

وا منیش دەلێم پەند بۆ هـــەمووتان
تاسەربەرزبن لە ڕێی کوردســـــتان

یەک بگرن هەردەم لەگەل یەکتری
تادوژمن بمرێ وخــزم وکەس نەگری

یەکگرتن مایەی ســـەروەری بوونە
ڕزگاری گەل وســــــەربەخۆ بوونە

تێکۆشن ئێوە ســـەربەرز و مەردبن
دوورە ئاژاوە و گیـــــر و گـــرفت بن

ترسنۆک مەبن هـــەردەم لەژیانتان
سەرتان شۆڕمەکەن لە پێناو مانتان

ڕەفتاروهەســـــت و گۆتەو بەرز بێ
تا ســـبەی ڕۆژتان هەرسەربەرزبێ

ئەمانەی دەیلێم بۆهــەموان پەندە
لەیادیان مەکەن شـیرین وەک قەندە

تاهەن لە ژیانتان ســـاویلکە مەبن
زوو باوەڕمەکەن بێ بڕواش مەبن

پەند وەر بگرن وڕێزی گشت بگرن
ڕێگەی ناڕاســـت وناپاکان مەگرن

کێ گــوێ نەداتە گەورەتر لە خۆی
دواڕوژی ژینی سوک دەبێ بەخـۆی

هەرچی دەمینێ بۆ مرۆ لە جیـــهان
کردەوەی چاکەو سـەربەرزی ژیان

هەست وبۆچوون وگوفتارتان چاک بێ
زانســـت و زانین با ڕابەرتان بێ

هەردەم بەیادی مەرگی تـــال مەژین
کارکەن بزانن کەوا هەر دەژیـــن

مەخافلێن هەرگیز لە خوا بترســـن
مەچنە ناو ئاگـــــر لە ڕێ بپرسن

زانســت و ژیری بـــۆ بەرزی ژیانە
نەک بۆ بەدبەختی ونـــزمی خۆتانە

دوور بن لەڕەوشی چـــەوتی ڕۆژگار
مەبن بەکۆیلەی کەسێ بۆ هیچ کار

یاوەری ئاشتی و سـەرفیرازی بن
دوور لە کوشتن و شەڕی خۆیی بن

دەوران دەگۆڕێ و هـەروا نامێنێ
لەسـەختی ڕۆژگار قەت دامەمێنێ

سیاسەت مەکەن قەت بۆقۆل بڕی
وریابن کەسیش بادەستتان نەبڕی

دەم دەمی مەبن هەرگیز لەم ژیانە
سـەری بێ سەودا پڕ لە بریانە

هەلبازی مەکەن تا هـەنە لە ژیان
باوەڕتان هـەبێ بە بوونی خۆتان

لە گوفتاری باش پەشـیمان مەبن
لە هەموو کارێ هەر پاک داوێن بن

دوژمن بناسن پەست و گێل مـەبن
لەماف سەندتان هیچ دوو دل مەبن

لە پردی نامەرد قەت مەپـەڕنەوە
تفی سـەر هەوراز مەهاوێننەوە

بە شۆرەتی زل دل مەکەن خۆشـە
دەنگی دەهـۆلێ لە دوورا خۆشە

زمـــــان بوەستێ دل زۆر ڕەحەتە
زۆربلێ هەردەم دل پڕ حەسرەتە

قەت چاوتەنگ مەبن ڕیسواییمەکەن
چاوتێر بن هەردەم پیاوەتی بکەن

وریابن لە وەی کـــــەوا دوو ڕووە
وەک نیسک وایەپشت وڕوی چووە

خەلک بناســـــن بایی چەند نانن
لە ڕیش مـــەڕوانن لە ئیش بڕوانن

نەکەن بێ دەراو خـــۆ لە ئاو بدەن
بڕوانن تاکو گیان لە دەست نەدەن

هــەتا نەی بێژن نەکەن ببــــێژن
تێفکرن ئەوســــا گوفتارتان بێژن

لەخوت و خۆڕا هەگیز مەبێـــــــژن
هەرچی کە دەیلێن ههر چاک ببیژن

هەموو وەرزێکتان نابتە بەهـــارێ
لە هەمـــــوو هەورێ باران ناباری

هەرگیز وامەکەن قسەو بشـــکێنن
گەوهەری خۆتان قەت مەدۆڕێنـــن

هەردەم ڕێزداربن لە لایـــەن خۆوە

گەورە ڕێزی خۆی وا هەربە خـــۆوە

ناسی‌نی هیچ کەس بە دیمـەن نیە
گوندۆرە هیـــچ کات بە ڕەنگی نیە

نەکەن هەلبەستن قەت درۆوبوختان
شـــــــیر کە دۆشرا ناچتەوە گوان

ڕازتان لای یەکێ وپرستان لای هەزار
بەدکـــاری مەکەن بەکردەوە و زار

پاروو چاک بجون ئەوسـاقووتیدەن
چاولەدەستمەبن،نەنگی فـڕێ دەن

زوو ڕاپەڕێنن ئیشـــــتان بێ وچان
گرێی دەست مەکەن بەگرێی ددان

بۆ ڕیش قەت مەڕۆن سمێلتان بڕوا
چاک بیــــــرکەنەوە لە کـــار و بڕوا

وامەبن  خەنجـــــەر لە کایا بدەن
خۆ بپـــــــــارێزن و ورە بەرمەدەن

نەکەن بۆهیچکەس خۆیی بفرۆشن
دار هۆرەی لە خۆ نەبی  ناقەلشـــن

مەبن بە هـــاوڕێی کێ  خراپ کارە
دارکە خۆی لار بوو ســایەشی لارە

وریابن زۆرهەن خۆ نیشـان دەدەن
گورگن لە پیستی مـەڕ دیاردەدەن

هەرکێ ناپاک بێ بیناسـن مارە
دارتان هەلبڕی سـەگی دز دیارە

هەرکارێ دەیکەن بیکـەن بۆ چاکە
دارێ بێ بەربـوو بۆ بڕین چاکە

چاوەڕوانی باش لە بەدکـار ناکرێ
قەت دڕک بەری بێ وترێ ناگـرێ

بەتەمـای کەسێ مەبن بو و ژیێنێ
دەستی هیچ کەسێ پشـت ناخورێنێ

کار بکەن چونکە کـات وەکوزێڕە
دەستی ماندووبوو لە سەرزگی تێرە

لەهەموو کارێ قەت تێکەل مـەبن
بۆ هەموو دیزێ بە ئەسـکۆ مەبن

کارێ پەیوەندی بە ئێـوە نەبێ
خۆی تێ مەگلێنن قسـەو زۆر نەبێ

هـەر بە زانین و زانسـتی رۆژگار
ئەسپی هونەرتان تاودەن بۆ هەوار

ئیمـڕۆکە بژین مەرد و مەردانە

نانیش ئەو نانە ئیســــــتالە خوانە

ژیر بن پێویستی و بە کەســێ نەبێ
ئەم دەستەموحتاج بەمدەستە نەبێ

ژیانیش فــــەنایە بۆ کەس نامینێ
کێ ســـــەربەربەرزبێ ناوی دەمینێ

بخوێنن هەردەم ڕوو لە زانست بن
دلسـۆزی وارو قەوم و کەستان بن

گەربمرن نەکەن سەرشۆڕی بکەن
نادانی وکاری بەدنـــــاوی مەکەن

قەت نەکەن بچنەژێرسایەی نەیار
مەبنەداردەســــــتی دوژمنی زۆردار

گول بن هەمیـشە بۆقەوم و وارتان
قەت مەبنەچقلی ڕێێ شادی یارتان

لەهــــــەمووکاتێ دوژمن بنـــاسن
پێڕەوی مەکەن لەوان ناکەســـــن

بۆدوژمن هەرگیز مەبن بەداردەست
دڕک بن لەڕێی نەیاران وپەســــت

راستگۆبن هەردەم بەدل وبـــەزمان
بەمەردی بژین لە چـــەرخی زەمان

مەکەن بوخـــــــتان ونیفاق و درۆ
مەچێنن پیسی و ژانی پڕ لە ســـــۆ

قەت مەبنەدوژمن بە هـــاوزمانتان
زاناو هوشـــیاربن بۆ نیشتماتمانتان

کێ کەبەری بێ  لەقـــەوم وکەسی
سوک و چروکەو نامـــەرد ناحەسی

سـیخوڕی وخیانەت مەکەن دژ بە خۆ
دلسۆز وپاک بن گشـت بۆ قەومی خۆ

لە گەل هەڤال و خـاک پەروەران دا
مەوەستن هەردەم لەڕێی خەبات دا

خـــاوەن باوەڕ و هەستی پیرۆز بن
قـوربانی خاک و گەل و هۆزتان بن

لە ڕێی ئازدی و سەربەرزی گەلتان
مەسرەون ســاتێ تا ڕۆژی هەلتان

هەولی زانینـــی رازی کەس مەدەن
نهێنی خۆشـتان بۆکەس باس مەکەن

نەخۆش باوەڕ و نە بێ بـــــاوەڕبن
هەرگیز سـاویلکەولە سەرپل مەبن

ڕومەکەن لەوەی کە نا کەســـیەتی

وەک کار و پیشـــــە ژێر ڕکێـفیەتی

درێژە مەدەن قەت بە قسەو گوفتار
قســـە هـــەزارەو هەر یەکی بەکار

پەیڤێ مەبێژن کە جێ نەگـــرێتن
یان گوێ ولێ ناگرن لەزار دەمرێتن

ڕەوش وکەلتوری خۆ لە یاد مەکەن
بەقەومی خۆتان شــــانازی بکەن

قســـە ڕک و ڕاست بلێن بە پوختی
مەچـوونەلای کەس قەتبەناوەختی

هـــــەر مەلێ کەوا لە ڕەو دابـــڕا
بالی دەشــکێت و لەکاوچـــال مرا

هەرکێ بۆ دوژمن پـــردی ڕێبازبێ
خائین وپەستەوهەر ڕووڕەش دەبێ

هەمیشە ئێوە دلســــۆزی خاک بن
خراپە مەکەن هەمیشــــە پاک بن

قسەی خۆ هەرگیزبەفـیرۆ مەدەن
وادەووەفای ڕاسـت قەت وەبامەدەن

کانیاوێ کەوا ئـــــاوی لێ دەخۆن
بەردی ماوێنێ ، پیسی قـەت مەخۆن

لەئاوی شـــێلوو وپیس و قـوڕاودا
قەت مەکەن مەلە لە نـاو زەلکاودا

ڕامەکەن دەســتتان لەهەمووکونێ
نەوەک پێو وەدا مـــاری ناو کونێ

مەبنە هـــاودەمی بێ ئەقل و نەفام
هەتا فێـرنەبن خەسلەتی بێ تام

هەرکێ نەزان وگێـــل و حۆل نەبێ
لەڕۆژگاری دوون رزگـــاری دەبێ

ئەوەی نەزان و گێل و بێ هۆشـــە
هەردەم لە ژیان دل پڕ پەرۆشـــە

بە هەموو بایێ قەت شـەنە مەکەن
مەسرەفی زۆرو بێ هــودە مەکەن

پاشەکەوت بکەن لەم ژینە و بەشە
مالی سپی و باش بـۆ ڕۆژی ڕەشە

وەرامی زەرەر بـــۆ ژین و ژیانـتان
بلێن نازانم ڕاحـــەتی گیـــانتان

نـــەزانی ژەهـــرەو برینی گرانە
ئەوەی نەزان بێ هەرپەرێشـــانە

بەهەمـــــوو بایێ خـــۆ مەلەرزێنن
وردبین بن هەرگیزخـــۆ مەدۆڕێنن

نەکەن بەناهـــەق قەت باوەڕبکەن
لەپاکی وڕاســتی دلتان پیس مەکەن

مەشـــــکێنن دلی هەڤال و یاران
چاک بیرکەنەوە لە گشت گوفتـاران

قســـەی کەس مەبڕن هەرگیز لەناکاو
وریابن لە قسان پێ نەکـــەونە داو

هـــــەتاکوهەنە هەردلـــــۆڤان بن
بۆنیشـــــتمانتان خزمەت گوزار بن

قەت دلی کەسێ وا زامدارمەکەن
قسان هەمیشە لە جێی خۆی بکەن

لەڕێی سەربەستیوسەربەرزی ژیان
تێکۆشـــن هەتا ماون لە جیهـــان

ژیان پەستیە لە ژێردەســـاتان بێ
خاک و میللەتتان هەر پەرێشان بێ

ئـــــاوازی بیری کوردایـــــەتی بن
دوور لە ســـێخوڕو خۆ فرۆشان بن

نەفرین کەن لەوەی خیـانەت کارە

بۆ دوژمن پـــــــردەو دژی هەوارە

یارو یـــــاوەری کورد پەروەران بن
قوربانی ڕێگەی ســـەربەخۆیی بن

مەبن بەدۆســـــتی دوژمنانی خاک
مەچن بۆ کـــــۆڕی  خائین و ناپاک

هەمـــــوو نەریت و ڕەوشتی کوردی
قەت لە یاد مەکەن،بمرن بەمەردی

چـــاو مەنووقێنن قەت لە ڕابوردوو
دوو ئاوڕ بۆ پێش یەک بۆ داهــاتوو

تووڕەوتۆسن وبـــێ ئەمەک مەبن
پالپشتی  زولم و زۆرداران مـــەبن

نەکەن پەرســــــتی بیانی بکەن
پشـت لەیاران وقەومی خۆ مەکەن

بۆنیشـــتمانتان دلســـۆزو پاک بن
دژی چاپلوسی و فیتـــــنە و ڕیابن

ئـــــازاو چاپووک بن، بێ وەفامەبن
دوور لەنامەردو یاری مـــەردان بن

لەگـــــەل قەومی خۆ تالی بنۆشن
بۆســـــەربەخۆیی هەردەم تێکۆشن

لەکەس وکارتان قــەت بەری مەبن
هەلبازو دوو ڕوو و زمان پیس مەبن

بنـــواڕن هەردەم لەگشت گوفتاران
چاکەو لە زار بێ لە خڕ هــــەواران

مەچـــــــوونەکۆڕی دزو پیاو کوژان
مەبنەداردەستی پیس وخوێن مژان

دووربن لە دوو ڕوو و درۆزن و دزان
هەمیشە یار بن لە گەل سەربەرزان

هەردەم خاوەنی وتەی راســـتی بن
یاوەری مەرد و کـــــــوردایەتی بن

هەمیشــەزوو زوو مەچونەمال کەس
هاتوچۆ مەبڕن یەکسەرلەهیـــچ کەس

پەیمـــــــــــانێ مەدەن کەوا ناتوانن
زۆر بخوێننەوە هــــــەتا دەتـــوانن

لەشین وشایی خەلکان بەشــداربن
تا لە بیر نەکــرێن بۆ ئێوەش وابن

لەکۆڕ ومەجلیس قەت سەرمەکەون
لەخزمەت کردن قەت دوا مەکەون

وەک دڕک بچنە چـــاوی نەیـاران
باوەڕ بە خۆ کەن لە گشـــت بواران

دوور بـڕۆن بەلام بە چاک وەرنەوە
خۆتان تووش مەکەن بەخراپ بێنەوە

چوونەهەرشوێنێ وریای خۆتان بن
لە قســـەو ڕەفتارتان بێ ئاگا مەبن

خـــزمەت گوزار بن گەورەیی دینێ
دارێ بەر بگرێ ســـەر دەچەمێنێ

مەدۆڕێنن قەت پەیڤ گەوهـــــەرە
زانست وزانین هـــەردەم جەوهەرە

قەت دامەنیشــــن کە هەلتان بسێنن
مەزڕێنن ناوتان هەقتان بســــێنن

لەسایەی ناکەس قەت ڕامەوەستن
قەت مەبنە یاری ئەوانەی پەسـتن

هەرگیز مەڕوخێن لەرۆژگــاری دوون
ioورە بەرزبن لەرۆژی چـــــەتوون

لەکورەی ئاگـــــر نەزیک مەبنەوە
کێ نەزیک گڕ بێ گڕ دەیگــرێتەوە

ئاوێنـــەی بەرزی وسەرفیرازی بن
قوربانی گەل و جێی شـــانازی بن

فیتەی زەنەندە هەرگیـز لێ مەدەن
بۆ کەسێ ژان و ئـــازار چێ مەکەن

گەش بین بن هەردەمبۆکرداری چاک
قەت دڵڕەش مەبن هەردەمدلتان پاک

هەرشتێ کەوا بۆ خۆو پێ خۆشـــــە
بۆهەموو کەسێ پێـــــــو وابێ باشە

سەرڕێگەی خەلکوگشتی پیسمەکەن
هیچ کارێ بەدژ خەلکی تر مەکەن

تێکدەرو بلح و ناپەســــــەند مەبن
هۆیت ێکدانی ین بۆهیچ کەس مەبن

دزی و جـــــەردەیی و ناپاکی کردن
مەکەن بە پییشـــە هــەتاکو مردن

دژی بەدکارو دزو جــــــــەردان بن
یاری هـــــــــەژارو پیاو چاکان بن

دوور دوور بڕوانن پەشـــیمان نابن
هاوڕێی زانست و کەســـانی چا بن

دەستخەرۆ مەکەن کەسێ لە ژیان
دوژمن بۆ کەســـــێ مەهێننە ژوان

مار بگرن بەدەســـــت دوژمنانەوە
گوژارک مەدەن بە یـــــــارانەوە

دەستی چەوری خۆبەکەسێ مەســڕن
نانی هیچ کەسێ بەهیچ جۆر مەبڕن

دلۆڤان مەبن بەرامبـــــەر زۆردار
قەتیش زۆرمەکەن لەگەل هیچ هەژار

وێل وبەدخەرج وقرچۆکیش مەبن
قەت نەفەس پیسوحەسودیش مەبن

ڕەنجتان بکێشن هەتا ســەرکەون
گەر هەولێ بدەن قەت دوا ناکـەون

گیرو گرفت و ترس و بیـــم بۆتان
قەت کار نەکاتە ســەر تێکۆشانتان

ورە بەرمـــەدەن لە ڕۆژگاری دوون
هـــــەردەم نامێنی ڕۆژانی چەتوون

لەڕۆژانی دون هیــواتان ڕوون بێ
قەت ڕەشبین مەبن دلتان هەرگەشبێ

هـاوکاری مەکەن لە گەل زۆرداران
مەبنەداردەسـتی دووڕوو وبێ باران

گەرهـەزارسالیش نامۆوغەریب بن

چێترە لەوەی حیـــزە بخـــــۆ بن

کەسێ هـاودەمی چەتەوگورگان بێ
رۆژێ هـــــەردیتن ورگی دڕاو بێ

لەدوای ناخۆشی شـــادی هەردێتن
شـــــەوی تاریکیش هــەر نامینێتن

هەردەم ئاوازی بەرزی بخشاوێنن
ســـەرتان بلند بێ ونزمی مەدوێنن

لەپشت هیچ کەســـێ درۆمەچێنن
ڕک و ڕاست بلێن و هێــژایی بێنن

هەمیشە بگرن ڕێزی مشـــارۆیان
تابگرن ڕێزتان لەهەمـــوو لایان

هەرگیز لایەنی ناهـــەقان مەگرن
بۆسەندنی ماف قەت خو ڕامەگرن

هەرڕاستی بلێن ، هەرڕاســتی بلێن
هەرگیزبەناهـەق زارتان نەجوولێن

پشـــــــتی برای خۆ لەئەرز مەدەن
قـــەوم وکەسی خۆ بە پارە مەدەن

دل فرەو هـــەردەم ڕوو کراوە بن
دوور بن لەکینە، زمـان پیس مەبن

تفی سـەرەو ژوور هەرگیزمەهاوێن
ڕووتان پیس دەکاو پەلاران مـاوێن

خاوەن باوەڕ و ڕەوشـــتی  پاک بن
دژبە خـــائین وخۆفرۆشی خاک بن

قەتگالتە مەکەن بەنوقسـانی کەس
ڕێـــزدار بن هەتا هەوبێتن نەفەس

بەبێ هـــۆ هەرگیز خەندەدار مەبن
خەندەش پێویســتە دەبێ وریا بن

بۆ تێکۆشان وسەرکەوتنی قەومتان
مەسرەون هەردەم پشت لە نەومتـان

مارانگاز لە خشـــە دەبێ نەترسـێ
ئەگەرنەترسێ دیســـان دەخلیسێ

قەت دونیامەکەن بە گالتەی منـدال
ئەگەر وابکەن ژیان و دەبـــــێ تال

مەنازن هەرگیز بە هێـــزی کەسێ
کەس بەتوانای کەس دلیناحەسـێ

مەچوون بە گژ یەک هەتا کو مـاون
گەر یەکتر بگرن ئەوســـاکە پیاون

زۆرخۆری مەکەن هەردەم بە جارێ
دەنا دەپچڕێن دەکەونە خـــــوارێ

دەربەســـــتی ژین وگوزەرانتان بن
بێ موبالات و قـــــومار چی مەبن

شەوگەڕیدەیی ومالان مال مەکەن
بە قسەی گەورەتر لە خۆتان بکەن

قەت بێ کار مەبن بەدکاری مەکەن
دەبێ کاربکەن جـەوهەر پەیداکەن

کە پیر بوون ئیتر گشت پەشـیمانی
داد و ناداتن خـــــــۆزیاو گریمانی

بزاف و هەول ورەنج و تێکۆشــــان
بۆبەرزی خاک بێ نەوەک ڕوڕەشان

زۆرگۆو بێتام وقسەی پووچ مەکەن
رازتانلای کەسێ هەرگیزباس مەکەن

نەکەن ئازاری هیـــچ کەسێ بدەن
گێرە شـــــوێنی و بەدناوی مەکەن

لەکارو پەیڤتان لە هەمـــوو کات دا
نۆبەی کەس مەبڕن لەهیچ ساتێکدا

بیربکەنەوە لەقســــــەوگوفــتاران

پڕوشـــکان مەکەن بە دەم و زاران

بزانن ئێـــــوە لەچی زەبـــــوونن
چارەی لێ بکەن  نەیـــار چەتوونن

بە عەبا مەخۆن بە عەســـا مەڕۆن
بۆ ورگە لەوەڕ لە دوو کەس مەڕۆن

زمان شـــــــیرین و ڕەفتار بەرز بن
لە گەل گشت کەسێ هاکار تەرزبن

ئارام و نەرم و زۆر لە ســـەر خۆبن
دووره هەلچـوون وداوێن پیسی بن

بەقسە هیچ مەلێن کە بـــۆتان نەکرێ
هەر ئەوە بلێن کە پێتــــان دەکرێ

هەرگیز قســەی خۆ بە هەوا مەدەن
پەیڤی بێ هودەووادەی پوچ مەدەن

چاولەبەرزایی ومەردو مەردان کەن
نەفرین لەپەست ولەناکەســان کەن

هەرچی هــاتەپێش خۆ تێ نەگلێن
باش وردببنەوە هـــــەتاکو نەگلێن

تــاقی کەنەوەکارتان چاک بـــــڕوا
گۆشــــــت بۆ قەساب ونان بۆنانەوا

ئاگــر خۆش مەکەن دژ بە یەکەوە
دۆســــــت مەسوتێنن بۆ بێگانەوە

ئیمڕۆ هەول دەن بۆ ســـبەی ژیان
کە سبەینێ هات نەبن پەشـــیمان

بەهیچ کەس مەخوڕن پشتتان هەبێ
خـــۆتان بە خۆتان باوەڕتان هەبێ

عەیب و عـــاری خۆ ببینن پێـشان
ئەوســا بڕوانن لە خەلک و خیشان

دوورەپوچەلی و پیسی و چلـکن بن
بە داوێن پیسی قەت مێـوان مەبن

بەسەردولکەی بەدقەت گریەمـــەکەن
بە جوکی نامەرد قـــەت خەندەمەکەن

هەرگیز بەبێ بـــڕ لە زاوان مەدەن
چاک بیرکەنەوە ســــا بڕیار بدەن

لەســـایەی بیانی نیازتان پڕ شینە
دوور لەو ســـایە بن شادیتان ژینە

پاروچاک بجوون ئەوسا قوتی دەن
هەمیشە قسـەو باسان پوخت کەن

قەت پشـــتی یەکترلەزەوی مەدەن

یەکتری بگرن دۆســتتان بەرمەدەن

بناســن مرۆیان لە پەیــڤ و ڕەفتار
بە دووان  دەزانن چی هەیە لەبــار

هـــەرکێ حەرفێکی چاکە و پێ بلێ
بگرن ڕێـــزی ئەو هەتاپێو دەکرێ

وا مەکەن کە کـــار لە کار بترازێ
کە تـــرازا ئیتـر چـــارە دەڕزێ

رۆژگـــار بێ بارەوچـاکەی دەوێتن
قـــەت ڕق و کینەو زولمی ناوێتـن

خـــاوەنی وادەو ووتەی مەزن بن
بێ فرت وفێـــل ودرۆو بوختان بن

هـــەرچی  کە باشەوبۆخۆتان دەوێ
بۆ دیگەرانیش ئـــــاواتان  بوێ

بەقسەوقسەلۆک برین چێ مەکەن
لەجەستەی کەسێ برین چێمەکەن

زۆرمەلێن هەردەمبێ هۆوو سەبەب
گوێبگرن هەردەم لەخاوەننەسەب

هەرگیز مەپەڕنە ناو گوفتاری کەس
چاک وردبنەوەلەوتەی  هەمووکەس

شادی ورزگاری لەڕاســــتی دایە
کێ درۆزن بێ هەر ڕوو ڕەش مایە

پێش خۆ ببینن جــا هەنگاو باوێن
وریا بن گشــــت زۆل پیس داوێن

ئایەندە بکەن بە ژیانی زینــــدوو
لە بیریش مەکەن ژیانی ڕابــوردوو

وورد بین و دووربین ببن هەمیشــە
چاکەو مرۆیی بکەن بە پیشــــــە

بێ ئەمەک مەبن لەمـاوەی ژیانتان
یاری چاکە بن بۆ بەرزی مانتــــان

مەبنە بەکرۆکە لە هیچ هــــەوارێ
خۆ مەدۆڕێنن لە هیـــچ رۆژگارێ

بەناهەق نەکەن شــــایەدی بدەن
پشتی بـــــرای خۆ لە ئەرز مەدەن

گوێمەدەنەکەس زەمی کەس بکات
چونکەلەو لاوەش باسیـنگۆ دەکات

برۆنە کۆڕی مەزن و ســـــەروەران
لێیان یاد بگرن کـــــردەوەی جوان

بەقسەی پڕوپووچ قەتباوەڕمەکەن
بۆ گێرەشێوێن گوێتان شل مەکەن

هەرکێ پەیمانووادەی ڕاست نەبێ
پێی مەکەن باوەڕ،با هاوڕێ و نەبێ

هـــــەرزامێ کەوا قەتماغەی ماوە
دەسـتی لێ مەدەن خوێنی تێ زاوە

هــــەرکارێ کردتان تەواوی بکەن
ئاش دەبێ بیبڕن یان پڕ دانی کەن

هیچ کارێ مەکەن دوربێ لە ئابڕوو
تا نـــاوتان نەبەن بە ئاردی بەڕوو

دووربن بترسن لەوەی ڕووی نـــیە
ئاوو ئاگریش ئەمانیـــــــــان نیە

قەتدرۆوبوختان مەکەن بەخەلکـان
مەبنە هاوکاری گەلحۆو بێ کەلکان

خۆ نەزیک مەکەن لەوەی بێ بـــارە
دووربن لەو کەسـەی کەخەراپکارە

قەتداگیرمەکەن لانەی هیچ کەسێ
کێ داگیرکەربێ دلی ناحەســـــــێ

هەرکێ هەمیشـــــە بتـان کەنێنێ

ئەوە دۆســـــت نیەو دەوخەلەتێنێ

کەسێ جارجارە بتان گـــــریێنێ
دۆســـــتە هەمیشە چاکەو بۆ دێنێ

زانابن هەردەم لە گشـــت دەراوێ
زانا کەهـــــــەرگیز ناکەوتە داوێ

کار باش بناســـــن زانای بۆ دانێن
قەت نادان لە جێی دانا دامەنێـــــن

قەت مەبنەهاورِێی سپلەو بەدکاران
دوور بن لە کورەی ئاگری بێبـــاران

کار بە یەکێ دەن کە بە تـــوانایە
کار مەدەن بەوەی نەشــــــارەزابە

پەیڤــێ مەبێژن فیتـــــنەی تیـــا بێ
دوو ڕویی مەکەن ناوتـان بەد دەبێ

زۆر کەس دەبێژن بۆ خـــراپە کاری
مەبەست بـــڕوانن لە قسەولە باری

گوێ مەگرنە وەی مەبەسـت ناپاکە
هەردەم نەفرینکەن لەوەی نەچاکە

بەخراپەکاری دلتان خۆش مەکـەن
قسەی بێ ســـودوپڕ وپوچ مەکەن

هەرکێ مەبەستێ لاتان باس دەکا
لێی ورد ببنەوە بـــۆچی باس دەکا

هەل بســەنگێنن قســەو ڕەفتاران
ئەوســـا بناسن دۆست و نەیاران

خراپە زۆرە لەســــــروشتی ژیان
زۆر ناڕەسەن هەن  هۆکاری گریان

بەقسەی لوس وزل ۆج لەخافلێـــنن
گەر وریا نەبن هـــەر دەوڕەتێـنن

هەتا دکارن  بژین بۆ شــــــادی
بۆ کەس مەڕوێنن هەرگیز نامرادی

دووربن لەوانەی دەســـتیان ناپاکە
ناڕەســــــەنی بوون دزێوی خاکە

مەبەستی ناپاک لە دوور ڕا دیـــارە
کێ تێ نەگاتن ژین بە خەســـــارە

وردبین بن هـەردەم دور بیرکەنەوە
پەیڤی دوژمن ودۆست لێک کەنەوە

کێ نا ئاگا بێت لەم چەرخە چـەوتە
نەزانە و دیارە گێـــــل و بەدبەختە

هیچ کەسێ ئاوا مەکەن بە یـــاوەر
بەدرۆودەلەسەیکەس مەکەن باوەڕ

قەتمەکەن لۆمەی کەسێ لای کەسێ
قەتبوختان مەدەن بەپالهیچ کەسێ

بەقـــــەدبەڕەی خۆ پێ ڕابکیشن
باری گوناهی کەس ڕامەکێشـــــن

چاوتێرو ژیــــــرو وریاو دانــا بن
بۆ یەکتر هــەردەم پشت و پەنابن

قەت باوەڕمەکەن بە وتەی نەیاران
یەکتربەدمەکەن بەقسەی بەدکاران

ئاوێنەی ڕاستی وڕۆلەیمەیدان بن
قوربانی گەل ونیشـــــــتمانتان بن

مەچوونەدەســـــتی هیچ گوناهباران
ناوتان بەد دەبێ و دەکــەونە زاران

بەقسەیناراستان قەت باوەڕمەکەن
چـــــاکە و خراپەش لێک جیابکەن

چەواشەو وشک وبیرتەسک مەبن
ســـــاویلکە و گیل وبێ ئەمەک مەبن

دەســتتان مەخەنە کاروباری کەس
بەدناویش مەکەن کرداری هیچ کەس

تاوان و درۆ وەپـــال کەس مەدەن
ئاگر لە مالی هیـچ کەس بەرمەدەن

بەردێ نەتـــــوانن کەوا هەلگـرن
خۆی لێ لابدەن قەت هەلیمەگرن

چال هەل مەکەنن بۆکــەس تێیکەوێ
کێ چال هەلکەنێ خۆی تێدەکەوێ

قووتی ژیانی هیـــچ کەسێ مەبرن
پشووی ئازادیوشادیکەس مەگرن

ڕێزداربن هەردەم بۆ هەموو کەسێ
تا ڕێـــزتان بگرن ودلتان بحەسێ

خەرمانی کەســێ قەت مەسوتێنن
بەناهەق دلی کەسێ  مەشـــکێنن

بۆناموسی کەس چـاوتان هەلمەبڕن
هەرگیز ئاوازی ناوەخـــت  مەچڕن

لەســــەر داریکن ژێرەوەی مەبڕن
باملتان نەشـــکێ ورگی خۆمەدڕن

زانابن هـــــــەتا بارتان لێ نەنێـن
گەرهوشـــیارنەبن ناوتان لێ دەنێن

لەکارزان چیوویست پرسیاران بکەن

لای ئەم وئـەوان ڕازتان باس مەکەن

گەرنەتان  زانی هەرپرســیار بکەن
عەیبی تیا نیەوخـــــۆتان زانا بکەن

لەو کارەی کەوا لێی شـــــارەزانین
خۆوەبەرمەدەن کەوا لێیی بـــەرین

ئـــازابن تاکو کارتـــان بڕەخسێ
ئەوەی بترســێ هەرگیز نا خەلەسێ

بەگشتکردەوەی ناڕاسـت دان بنێن
گەرخۆشـتان بیکەن هەردان پێ بنێن

گەرچاکە ناکەن لەگەل هیچ کەسێ
خراپەش مەکەن دلتان دەحەســێ

دلێرو مەردوئازاوســـــەربەست بن
بەڕێزو مرۆو دووری پەســـــتی بن

هەرگیز پیشـــــەتان ئازاردان نەبێ
چونکە مل شکان توشــــتان دەبێ

مەتۆرێن لەکەس تا هــەقتان ماوە
هەرکێ کە تۆرا بەشی خـــــــوراوە

ئەوەی بـــــاوەڕی بە خـــۆیا نەبێ
پشتتان بەوکەسە قەت پتـەو نەبێ

گشت بگرن ڕێزی گەورەترلە خـــۆ
دلۆڤانیش بن بۆ چـــــــوکتر لەخۆ

فرێوان مەخۆن بەقسەی ئەم وئەو
چاک بیرکەنەوەلەڕێی ڕۆژو شــــەو

زۆرکەسێ هەنە بەڕوالەت دۆســتن
کەچی لە پێستی گورگا زۆر پەستن

هەرکێ تـــــۆی دڕک کەوا بچێنێ
دووردەبێ لەگول خۆی بەد دەنوێنێ

دۆستتان کەسێکەچاکەی وەی بوێ
کەوتن و نـــــزمی وخراپەی نەوێ

قەت لەلای کەسێ راز مەدرکێــنن
نەکەن دلی دۆست لە خۆ بشــکێنن

هەرشــــتێ کەوا بۆ خۆ پێـــو باشە
بۆ دوســـــت و یاران پێو وابێ باشە

مەخوێنن لەکەس قەت لەپاش ملە
گەر وابن بەشـــتان نامەردی وجلە

وامەکەن پێویست بەناکەسان ببن
موحـــتاج نامەردو نارەســـان ببن

کەس مەکەنەدۆســت کەشایان نیە

یاری ســـــەرپێیی هـــەر بییا نیه

ئەم دەستەپێویست بەم دەستەفبێ
لەپـاڕانەوە شــــــەرمەزار دەبێ

کاســـە پڕ مەکەن کەوا لێی بڕژێ
وریابن نەوەک خوێنی لێ بـــــڕژێ

ئارام بن هەردەم لە قسەوگوفتاران
هەڵمەچوون هەرگیزلە هیـچ بواران

کارێ ڕەوایە ئەنــــجامی بـدەن
بۆ ناڕەوایی هیچ هـــەولێک مەدەن

مافتان بســێنن لای هەرکەسێ بێ
نزمی مەنـــوێنن گەرمافـتان هەبێ

ستایشی کەس بەروەڕوو مەکـەن
بەخۆڕا کەسیش بێ ئابـڕوو مەکەن

قەتمەکەن لۆمەی کەسێ لای کەسێ
گەر بکەن لۆمە دلتان ناحەســــێ

دەســـتی موحتاج وهەژاران بگرن
هەتا پێو دەکــــرێ دلیان ڕابگرن

قەت باوەڕ مەکەن بەگریەی ناپاک
مەکەن خراپە قەت لەجێگەی چاک

شیرن ویا بن باقووتتـــــان نەدەن
هەندەش تاڵمەبن کەفرێتان بدەن

خۆل مەکەن هەرگیز لەدۆشاوی خۆ
مەگرنەوە قوڕ بۆ ســـەر سەری خۆ

هەرکێ ئەسرینی هەلڕشت لەلاتان
زوو باوەڕ مەکەن ببنــه بـــــراتان

حاشاقەتمەکەن لەوقسەی دەیکەن
قەت ئابڕوی خۆتان لە ککەدارمەکەن

زمان درێــژی و بەدنـــاوی مەکەن
دژبەهیچ کەسێ قەت بەدیـمەکەن

دوربن لەهەرکێ لەڕوو دەم چەورن
پاشملەش هــەردەم زاروەکو تەورەن

کاربکەن چونکه جـەوهەرتان دەبێ
تەنبەلی مەکەن شــــادیتان دەبێ

زەمانە چەوتەو نامــــەردان زۆرن
دوور بن لەوانـــەی وەک مارە بۆرن

بەدرۆ گـــــەورە پیاو ناوی بەد نابێ
بەبێژینگ تیشکی خۆریش وننـابێ

قەت خائین نابتە نیشـــــتمانپەروەر

هەروەکوچوننــاش قەتنابتە سەروەر

هەرکێ کەبە قســـە زۆرتان  هەلبدا
پێی باوەڕ مەکـــەن لە ڕێ لاو دەدا

قســـەی ڕازاوە و لووس گەلێ زۆرە
مەخافلێن هەرگیز بە گوفتـــــی بۆرە

قەت بەدوای کـلاوی بابردە مەڕۆن
کارێلەدەست چوخەمی پێ مەخۆن

هیچ ڕەنجێ مەدەن کەوا بێ ســودە
ڕەنجی سودبەخش بدەن  مەولودە

دەست مەدەنلەوەی دەرەقەتی نێن
ئەو کارە بکەن  کەوا بەڕێ و جێن

بۆئازادی ژیان گەرڕەنـــــج بکێشن
هەر ســەردەکەون شادی دەکێشن

زاری پڕخوێتتان لای کەس ڕومەکەن
ڕازیخۆلایکەس هەرگیز باس مەکەن

قەت زۆرەملێ مەکەن لەگەل کەس
مەخافلێن بەقسەی لوسهەلمیناکەس

دەردولای ناکەس هەرگیزمەبێـــژن
هـــــــەرچی هەتانە هەلی مەڕێژن

لەقسەیچاک هەردەم گوێڕایەلی کەن
بەقسەی ناحـــەز و دوژمنان مەکەن

گەردەولەمەندبوون خۆزەبوون مەکەن
مەردو مەردانە هـــەر چاکە بکەن

لە لای هیچ کەسێ مەپـــاڕێنەوە
دەستتان لەڕوی کەس پان مەکەنەوە

گەرنەداریش بوونهەردەم باسمەکەن

هیچ کات دوژمنان بەخۆشادمەکەن

بۆپارویێ نان خۆتان سوک مەکەن
بە ســـەربلندی نانتان پەیدا کەن

هەرکێ پاراســتی نهێنی دۆستی
قەتلێی مەترسێن لەڕێگەی ڕاستی

دل ودەروونی کەســێ یەک نەبێ
لێی دوورکەونەوە بۆ دۆســتی نابێ

هەرســەرێ کەوا هاتە ناو جیهان
بێ ژیان نامینێ لە ســروشتی مان

خوا نەبینێ چیا قەت بەبێ پێـوان
بەفر ناوێتە ســـەر لوتکەی کێوان

هەرچیهاتەپێش سوپاسی خـواکەن
ناسوپاسگوزاری و دڵتەنگی مەکەن

تەماعکارمەبن خۆلەدەست مەدەن
بۆکێچێک گایەک لەدەستخۆ مەدن

قەت چاوچنۆک وترســـنۆک مەبن
چاو لە ئەم و ئەو مالان گـەڕ مەبن

ســــروشتی جیهان کە ڕێک خراوە
بۆ شـــــادی و خۆشــی بنیاد نراوە

دژ بن بەوانەی تێکدەری شــادین
هۆکاری شــــەڕ و فتنەو فەسادین

مەبنەکەولی سـوربۆ هیچ لەشکرێ
ئاژاوە بکەن خـــوا ئەتان گـــرێ

مەبن بەگوێـزی ناوبێژینگ وێل بن
بێ سەرو شوێن وجێگەو ڕێ مەبن

هــــەرکارێ کەوا ئـــابڕو دەباتن
لێی دوور نەبنەوە سـو ک و دەکاتن

ئەو کارە بکەن ســـەربلندی دێنێ
مەبنەهاوڕێی کەس ڕیسوایی بێنێ

بمرن بۆ ئەوەی کەبۆتان دەمشارێ

دۆستی کەستانبن هەتاپێو دەکـریٚ

دۆستدەبیٚ لەڕێی دۆســـتیخۆی بمریٚ
ئەوکەسەدۆستەچاکەی پیٚ دەکریٚ

کاریٚ نکـــارن قەت بۆ خۆی مێنن
بە پەتی خـــــەلک خۆ مەخنکێنن

قەت دوودل مەبن لەکینەی زۆر دار
هەر ســــــتەمکارە زۆرداری غەدار

بەخەندەی زۆردارقەت باوەڕمەکەن
نەفرین لە هەمـــــوو بکوژیٚ بکەن

لەجێگەی چقل سزای گـول مەدەن
مەقرتێنن گول جــــوانی لا مەدەن

چۆنتان پیٚ خۆشــە کەڕێزتان بگرن
هەر ئاواش ڕێزی هەمووکەسبگرن

گەر لۆمەی کەسیٚ دەکەن لە کاریٚ
گەر گوێی نەداتیٚ پێی مەلێن جاریٚ

بە پیشتوانی کەس خــراپە مەکەن
پشتبەستی خراپەهەرنەفرین بکەن

ئەوانەی خواردن دەخۆن لە مشـــە
بزانن کەوا گیـــــانیان بە غەشە

قەت ئاورلەگیان خۆتان بەرمـەدەن
بەدەستی خۆتانژینلەدەست مەدەن

مەبنە ئاگری بن کالەڕاسـت کەس
خێرخوایی بکەن لەبـۆهەموو کەس

جیـــــاوازی مەکەن لە نێو نێرو مێ
هەردو وەکو یەک ژیانـــــیان دەوێ

هەرچی مرۆڤە یەکســـــانە لە ژین
هەموش وەک یەکنین لەباوەڕودین

مەسێنن پشـــــووی ئازادی ژیان
مەچەوسێننەوەهیچ کەس لەجیهان

کەسێ نازانێ ســـبەی چۆن دەبێ
پیشهات بەددەبێ یاخـۆ چاک دەبێ

هەولی چاکەدەن بۆ ســـبەی ژیان
تووڕەدەن خراپە با نەیێ گـــــریان

هەردەمگەشبین وقەت ڕەشبین مەبن
هەرگیز بێ هیـــواو بێ باوەڕ مەبن

تاوان بە چاکە هەرگیز مەژمـــێرن
نەفرین بۆ خراپە هردەم بنێـــرن

لەو ســــــاوەی جیهان ئافەریدەیە
چـــــاکەو خراپە دوو پەدیــــدەیە

کێ کەچاکەی کرد ســەربەرز ژیاوە
خراپەکاریش نەفـــــــرین کـــراوە

قەت کاری مەکەن دژبە قەومی خۆ
شاد مەکەن هەرگیز نەیـــارانی خۆ

خاوەن ڕەوشتی بەرزی مەردان بن
دور لە هاکاری نـــــــزمی ژیان بن

ڕەوش و عـــــادەتی میللی و بمینێ
چەواشە مەبن لە هەموو ششاوێنێ

لەنێواندووکەس ئاورخۆش مەکەن
هەتا دەتوانن هەر ئاشـــــتی بکەن

مالان گەڕیدەو ســــــــەرەڕۆ مەبن
هەلبــــازو دوو ڕوو و پڕ درۆ مەبن

سەروی هیچ ئاوێ قەت شێلوومەکەن
مـالی هیچ کسێ قەت خاپوور مەکەن

لەژیانتان هــەرگیز مەکەن زۆرداری
بەرتیلیش  مەبەن قەت  بۆ دییاری

هەلی چاک لە خــۆ دوور مەکەنەوە
کە هەلێ چاک بوو چاک بیـقۆزنەوە

شـاش مەبن هەردەم بە بیرو باوەڕ
راست بن هەمیشــە کە دەبنە داوەر

لەماکەرپشت وسینگ شێران‌دوربن
زل قـــەدو پفەل بێ هــونەر مەبن

سنگ هەلمەکێشن هەرگیز بە فشە
هەرچی وانەبوو مەلێن لە مشــــــە

هەرکارێکتان کـــرد تەواوی بکەن
بە نیـــــوە چلی هیچ کارێ مەکەن

لە هەلە کردن مەچوونە ســـــەردار
گەر هەلەتان کرد دان بنێــن بە زر

مەتاشن سەرتان هەرگیزبێ دەلاک
پرس و ڕا بکەن لە زۆرزان و چـاک

رزگـــاری هەردەم لە ڕاســتی دایە
ناڕاســــتی و چەوتی گەلێ بەلایە

وادەو پەیمانان بە درۆ مەبەســـتن
کەپەیمانتان بەست بیکەنمەوەستن

دلسۆزی خاکوپێشمەرگەی هۆز بن
مەتین و ئـــازاو خاوەن بــاوەڕ بن

مەبنە پیـاوی کەس خاوەنی خۆ بن
چلکن و پیس و دەغەلیش مەبـــن

هەردەم ڕاســتگۆبن،دل پڕباوەڕ بن
قەترڕەشبین مەبن، هەردەم گەش بن

هەرکارێ هەلەلەدەسـتتان دەرچوو
بیکەنە پەندو تەرکی کەن هــەرزوو

قەت مەلێن قسەی ناپەسەند بەکەس
چاکەی یەکتری بلێن هەرچیهەس

قوربانی بیر و باوەڕی ڕاســـت بن
چەوت وچـــەوێل و حیـــلەباز مەبن

لە ڕابوردووی تال پەنــدان وەرگرن
هەرگیز لایەنی خــــــەراپە مەگرن

مەبن  بەهاوڕێی پەست وبەدکاران
مەچنەسەر سفرەی پیس و نەیاران

کەم دووسەنگینبن هەردەم بێ وچان
گوفتارجێ نەگرێ قەت مەکەن قسان

مەڕواننە هیچ کەس بەچاوێکی سـوک
هەمیشەبگرن ڕێزی گەورەو چووک

ژیان هـــــاوکاری و کار و نیـــازە
گەلێ شت فەرزەشاییوشین قەرزە

هیچ کاریَ مەکەن بۆ خیانەت بازی
ئاسن بە ژەنگی خۆی نەبیَ نـاڕزی

گەر لەشەڕ نەبوون شیرتان تیژ نەبیَ
قســــــەو پفدار و سەرەو لێژ نەبیَ

گویَ مەخەفێـــنن بۆ پەیڤــی ڕەوا
قســـەو ڕاست بێتن کار چێتر دەڕوا

قـــەت ئاگر مەنێن بەهیچ پوارەوە
خوێنیَ مەڕێــژن لە هیــچ بوارەوە

مەبنە هۆکاری خوێن ڕشتن و شەڕ
مەبنە هــــاودەمی کەسانی بەدفەڕ

گەورە قەدری خۆی هەربەخۆ وەیە
هەر بەرزە ئەوەی دلی گەورەیە

هەرشــــــتێک و دی کە نیوە پڕبوو
بلێن نیو پڕە نەک نیو بە تـــال بوو

هەمیشە لە بەر خــــاتری خـاتران
قەت وەرمەگەڕێن وەکو کافــــران

باوەڕی پاک وڕاست لەدەست مەدەن
نەکەن بۆکەسیَ خۆلە دەست بدەن

ڕەوشتی پاک و کـــــردەوەی بەرز

بکەن بەهـــاکارهـــەروەکـو فەرز

باشترەلەژێر سـایەی شێر بوخرێن
نەک لە ژێر سایەی نامەردا بـژیێن

گەرهاتیشتان بووقەتمەلێن هەی هەی
گەرنەهاتیش بوهیچ مەلێن وەی وەی

لە دوای هەر شتێ کە چووە مەڕۆن
بۆ ئەوەی نەچوە هـــەولدەن بڕۆن

قەتشلوێ مەکەن ئاولەهیچ چاوگە
وا مەکەن ببـــنە دڕکی ڕێ و بازگە

دەســـــــــتێ نـاتوانن کەوا ببڕن
لێی گەڕێن هەتا دەســـتتان نەبڕن

بێگاری بکەن نەوەک بێ کـــــاربن
هەردەم پڕ هیـــواو ڕۆلەی بێدار بن

قەت بە مـــەرحەبا مەچنە بن عەبا
هوشیاربن زۆرهەن لە خشتەو دەبا

لەقســەی دایک وباو مەچۆنە دەرێ
باش بگرن ڕێزی هەموو سەروەرێ

حورمەتی پیرەک هەمیشـــە بگرن
بشـــزانن ژنان گەلێک پڕ مەکرن

بە کەوچکێ ئـــــاو مەکــەونە مەلە
تێ فیکـــــــرن نەوەک زیانی دلە

قەت لە ژێر سـایەی بێگانە مەژین
ســـــێبەری بیانی پڕیەتی لە برین

ئامۆژگاری چاک لەگوێیـــــان بگرن
قسەی پڕو پوچ لە مێشکان مەگرن

کێ کەوا جــــــارێ درۆیەک بکـات
بۆی بلوێ ئەوا لەخشـــــــتەو دەبات

هەر چەند بە تواناولایەق بە کاربن
خۆ هەلمەکێشن بەفشە فش مەبن

دزی وجەردەیی ونۆکــەری وبەردە
کاری نەزانە و پیشـــــــەی نامەردە

لەسەر حیسابی هیچ کەسێ مەژین
بۆ خۆتان مەردبن ســـەربەرز بژین

خاوەنی بیرو  هۆش و زانســـت بن
چەوتوچەوێل وقەت دڕدۆنک مەبن

بزانن زانســــــــت لانەی لە کوێیە
ڕووی تێکەن هەردەم بلندی لەوێیە

هەرچاکەو خێرێ کەوا پێ و دەکرێ

بیکەن،وامەبن  چی و لێ نـــەوەرێ

هوشـــــک و برینگ و شاراوە مەبن
ڕوو خۆش و هـەردەم دل کراوە بن

بەچەوتی و درۆ قەت بەلێن مەدەن
گەر بەلێنـــــــتان دا ئەنجامی بدەن

هەربۆخۆخەمی خۆتان باش بخـۆن
خۆلەبیرمەکەن کەس خەم وناخۆن

ئاوێنەی پاکی و خۆشــەویستی بن
ڕوو لە خــــراپە و زولم و زۆر مەبن

گاینیرمەدۆشن وسوارچاکی بکەن
هـــەردەم  هاوڕێتی  پیاوان بکەن

لەهەرهـــــــەورازێ کەوادەر نابەن
خۆتانی لێدەن ژین لەدەســت دەدەن

کارزان بنـــاسن و بڕوای پێ بکەن
هەردەم  لەزانــا پرس وڕا بکـــەن

تەنیـــا بڕ مەکەن بۆ هەمـــوو کارێ
پرســـیاران بکەن  لە هەموو بوارێ

پرسیاران بکەن نەزانی شـــــەرمە
هەول پیرۆزە هـــەتا خوێن گەرمە

کەپیر بوون ئیتر خــۆزیا بێ ســودە
کێ هەولی نــەدا لە ژیان مەردوودە

دلســـۆزوپاک بن لە ڕێی نیشتمان
هەرمەخەلەتێن بە قســەی دوژمنان

کەسێ هوشـــــیارو ژیرو زانـــابێ
هەرگیز ئەسیری نەیـــــاران نابێ

زانســـت و ژیری خۆشبەختی ژینە
چـــارەو هـــــەتوانی هەمـــوو برینە

وەپێش گـــەورەتر لە خۆ مەکەون
لە کاری باشدا قەت دوا مەکەون

هەرگیزمەغـــــروورو سەرەڕۆ مەبن
پەست وناپیاو وجوون فرۆش مەبن

لە هـــەرمەجلسێ گەورەیێ هەبێ
قـەت پال مەکەون هەرڕێز و هەبێ

نەکەن قرچۆک بن ئەگەرمالتان بـــوو
پیاوەتی بکەن ســـەروەتتان هەبوو

وەلات پارێـــز و دلســـۆزو رەند بن
قوربانی گـــەل و رزگاری خاک بن

قسـەی بێـــتام و پڕوپووچ مەکەن
بە کردەوەی خۆ خۆتان سوک مەکە

بۆسەربەرزی ژین هەردەم تێکۆشـــن
بادەی ژەهراوی خیانەت مەنۆشـن

نەفرینکەن هەردەم لە خیانەتکاران
هەمیشەڕاست بن لەقسەوگوفتاران

نیشتمانی خۆو هەردەم خۆش بوێ
شـکەستی قەوم و کەسانتان نەوێ

دەبێ هەمیشە لەڕێی کوردســـتان
گیانتان بەخت کەن ببـن بە قوربان

ئاوازی شـــادی و سەرفیرازی بن
پێشمەرگەی ڕاسـتی وکوردایەتیبن

ڕێبــازی چـــەوت و چەوێل و درۆ
مەگرن هەمیشە پڕیەتی لە ســـۆ

سەرێ سەربەرز و غیرەت دار نەبێ
ڕەببی ئەوسەرە هەر لەژێر خاک بێ

مـــەردو نامەردان لە یەک جیاکەن
بە سـپلەو ناحەز قەت باوەڕ مەکەن

زیاتر گوێ بگرن لە قســـــەکردن

ژیر و زانـــــابن هەتاکو مـــــــردن

دلی هیـچ کەسێ قەت مەڕەنجێنن
بەتووڕەیی بوون کەسێ مـەدونێن

خوومەگرن بە درۆ و ناراستی گوتن
مەکەن بە پیشـــــە پاش ملە گوتن

لەچەرخی ڕۆژگار ئەگەر تالیش بێ
بێ هیوا ومەغرورمەبن شادیش بێ

ڕۆژگار دەڕوات و جیهـــان دەورانە
دونیـــا یان خەمە یان شـادی ژیانە

گەر تووشی ژان و پـــــەژارە هاتن
لەرووخێن ەردەم دڵ پڕ هیـــوا فن

مەغروووریش مەبن لە سـەرکەوتندا
هەر بەوەفا بن لە گەل یـــــاران دا

قەت مەنوون هەتا خـەوتان نەیێتن
قەت مەشخۆن هەتابرسی ونەبێتن

لەدەســـتەی خۆتان قەت دوا مەکەون
ئەو کارەمەکەن لێی ســـەرنەکەون

لە خۆ مەگۆڕن قـــــەت یاخی مەبن
شـایســــــتە بەچین بەوە ڕازی بن

چوارشــت کە دەرچوون ناگەڕێنەوە
زەمــان،تیــر،قســە،هەڵ ، نایێنەوە

کێشکەکی بەردەست قەت مەگۆڕنەوە
بەســـەدچۆلەکەی دوورە دەســتەوە

هەمیشەسـودی گشـــتی وەپێشـخەن
بەرژەوندی خۆوقەتبەپێش مەخەن

چاوتان بۆدوژمن هەرگیز دامەخەن
گەر مشکیش بێ وەپشتی مەخەن

داخ مەخـــۆن لەوەی کەوا هەتانە
گەلێ خـــــراپتر هـــــــەنە لەوانە

هەردەم لە هـەلەی خۆتان بگەڕێن
ئاواش لە چاکەی خـەلکان بگەڕێن

لە گا بترسن کەوا لە پێش بـــوون
بەرقۆچتان نەدات بتان کات هەپڕوون

لە کەر بترســن کەلە دواوەی بوون
نەوەک باوێتن لە ققەکەی چەتوون

لە فێلباز بترسن لەهەر لاوەی بوون
نەوخەلەتێنێ و بتـــان کات زەبوون

نەرم و حەلیم و دەم پڕ لە گول بن

وتار شـــــیرین و ئاوێنەی دل بن

نیشتمان لە گشت خۆشەویستر بێ
ســــەربەرز دەبن ئازادی و دەبێ

بە پارەو ســـامان لوت بەرز مەبن
چونکە ڕۆژێ دێ هەر هیچتان نابن

هەلەی ڕابوردوو هەر بکەن بەپەند
تاسبەی ڕۆژتان شیرین بێوەک قەند

ەاوڕێتی خراپە ســەرچاوەی خەمە
کێ کەخراپ بێتن خەمی سەرجەمە

هەولدەن شادی وسەربەرزی بێنن
جگە لە خــــراپە بیکەن بیدوێنن

نەکــەن برەنجێ دلتـان گەر ژانە
دونیا دەگــــۆڕێ و دەوران دەورانە

لەتێشـــکاندن هەرگیز مەڕووخێن
وا مەکــەن لە ژیان کەوا بــدۆڕێن

بەرزو نزمایی و ســـــروشتی ژیان
هەروا نابێتن دەچـــــەرخێ زەمان

هەر ڕۆژێ کە دێ سبەی لە دوایە
ئەمـــرۆ دەڕواتن دوا ڕۆژتان مایە

بزانن خراپە ســـــــوکەو سەراوە
مرواریش گـــــرانەو وا لە بن ئـاوە

هیچ شتـــــــێ نیە وەکو پاکی بێ
کە ڕێزی مـــــرۆڤی وا پێ بەرز بێ

چەندەدەستکەوت هەرهەندخەرجکەن
زوو تێ دەکـــــەون ئەگەر وا بەکەن

سیستی و تەنبەلی کـــــاری نەزانە
کارکردن بۆخـــۆی جەوهەری ژیانە

گەر هەلەتان کرد زوو دان پێ بنێن
نـــــەزانن ئەگـــــەر دانی پێ نەنێن

زمان شـــــیرین و پەیڤ و ڕەوا بن
چونکەبەو جۆرە خۆشەویست دەبن

لە ڕێی ئـــــازادی هـەرگیز واز مێنن
سەربەســـتی نەبێ ژیان دەمرێنن

بەخراپ لەدەرگای هیچکەسێ مەدەن
ئەگەر وا بکـــــەن لە دەرگاو دەدەن

سەربەرز بژین ئیمڕۆ کـــەوا هەن
کێ دەرێ ســـبەی ژیان دەردەبەن

دلسۆزی وپاکی ودۆستی و برایەتی

بکەن بە پیشـــــە ڕێی مەردایەتی

لەکەس مەدەن زیان،کەوابۆخۆو بێ
زیاندان نەنگەبۆ هـــــەرکەسێ بێ

هەرکارێ دەیکەن هەتاسەری بێت
کارێ قەت مەکەن نێـــوە چلی بێت

قەت نەکەن ئاگـــــر بخەنە بن کا
هەرکێش وا بکا کـــــاری بەد دەکا

گەر هەموو وێکڕان بـــژین و دلپاک
هـــەردەم دێتە ڕێ و ژیانێکی چاک

ســـەرکەوتوو هەردەم لایەنی زۆرە
ژێرکەوتە تەنیـــا و بێکەس و بۆرە

ئەگەر نـەدار بوون خـــوارتر ببینن
ئەگەر داراش بوون ســـەرتر ببێنن

زانـــــا نەزانی کەوا زانـــــــایە
ژیانی ئەو کەسە لە ناو خـــەم دایە

هەرکێش نەزان بێ و بەخـۆی نەزانێ
لەو کەسە دوور بن تا بەخۆی بزانێ

هەرکێش زانا بێ و دەزانـــــێ وایە
لە دوایا بـــــڕۆن ژیری و پێ برایە

هەمیشە دەورو بەرتان خاوێن کەن
ئەوسادەتوانن وەلاتتان پاک کــەن

بە خزم و دۆســتان گەروەفا داربن
دەتوانن بـۆ کورد خزمەت گوزاربن

کەسێ کە خــاوێن نەکا مالی خۆی
ناتوانێ کەواپاک کات خاکی خـۆی

باوەڕی بەرزی وەلات پەرســـــتی
دەبێ لە هەستبێ زۆربەسەربەستی

لە کـــاتی ڕق دا هێـــمن ببنــەوە
بەم کارەهەردەم بەرز دەبنـــــەوە

ئەگەر ڕۆژێ هــات کە کارو نەبوو
هەروەک شەووایە کەخەوتان نەبوو

هەتا دەتوانن دۆســـت زیاد بکەن
هەول دەن نەیـار بۆخۆ زۆر مەکەن

لەگەل پیاوخراپ قەت چاکەمەکەن
دووجار شـــەرمەزار،ناپاکی مەکەن

هــەرکاتێ چاکە ڕۆیی دوای کەون
خراپەش کە هات زوو پێشی کەون

لە بۆ پاداشا دەستتان با کورت بێ
لە بۆ سوپاسیش زمانتان درێژ بێ

هەر پەژارەیێ کە هاتەسەر رێ
مەگرین ژیرانە لایبەن لەسەر رێ

ئەگەر جیهانیش بۆتان بکەنێ
ناخۆشی و تالی و لە یاد بمینێ

ڕوو بە خەندە بن لە ماوەی ژیانتان
پڕلە گول دەبێ باخچەی ڕۆژگارتان

لە کاتی ترسان هونەرتان هەبێ
وا مەبن ڕەنگتان هەلبزڕکاو بێ

هەمیشە نرخی خۆتان ڕابگرن
قەت سوکی مەکەن سەربەرزبمرن

گەر بوونە مێوان زۆر مەمێننەوە
بە هێسک قورسی خۆ مەبیننەوە

بە درۆزن هەرگیز ڕەوایی مەدەن
درۆزن هەردەم خۆ لەدەست دەدەن

کەسێک کە ناتوانی مافتان بخوا
تەنیا ئەو کاتەی ڕاستی و لا بڕوا

لە هەر جێگایێ کە حەسانەوە

وەک نیشـــــــــتمانە لە بۆ مانەوە

ئەوشوێنە خۆشەکە دلی لێ شادبێ
دوور لە ئـــــازارو بەندی ونامراد بێ

لە هر جێییێ بن ســـەربەستی وبوێ
گەر ئازاد نەبن مـــــــەرگتان بوێ

هـــــیچ کەسێ نیە کە بێ هەلە بێ
قەت وا مـــــــەزانن هەلەتان نابێ

شـــانازی بکەن بە گەورەی خۆتان
قەتنەکەن گالتە بەدەورەی خـۆتان

قومـــــار قەت مەکەن بەلایە بۆتان
ئەوین و شـــــــادی دەبا لە لاتان

ناو بانگی چـــــــاکە گەلێ جـــوانە
چاتر لە هەمـــــــوو جوانی جیهانە

ناکۆکی نێـــــــــوان گەل ژەهردارە
هەر قەومێ هەیبێ وەک کرمی دارە

گـــــەر ئالای یەکبوون بشەکێننەوە
هەرگیز شـــــکەستی گەل نابیننەوە

دەبـــــێ ئازادی هـــــەردەم بسێنن
کەسەربەستیش بوون ڕیشەیدەرمێنن

باشتر ئازادی ســـــەربەستی بیـــرە
کێ ڕێزی بگـــــــرێ تا بلێی ژیرە

سەرکەوتن بەســەر نەزانی لە ژیان
گەورەترلەگشتسەرکەوتنیجیهان

شێت مەبن خۆتان بە ژیـر دامەنێن
هەرچەندە ژیربن خـــۆ وا دامەنێن

شەرەف یەک وشەی تەنیاو تەنیایە
ئەو وشــــەش بڕوا شەڕەف نەمایە

شەرمیش دلۆپێکە کە بتکێ دەتکێ
وا مەکەن هــەرگیز ئەو دلۆپە بتکێ

تووڕە بوون بزانن کاری شــــەیتانە
کێ کە تووڕە بوو دوا پەشـــــێمانە

بزانن خەلک بۆ ئێـــــوە چـــۆنن
ئێوەش هــــەروا بن چاکن یا مۆنن

عەیبیش هـــــەروەکو ئاژەلان وایە
هەتا قەلەو بێ ســـــــەربڕینی مایە

خـــوا گەلێ دەرگای بە ڕاستی داوە
بە دەســـــــتی باوەڕ لێی دەن کراوە

خــــــوا دەکا یاری یارمەتی دەران

هـــاوکاری بکەن لە گەل  هەژاران

ئامانجتانهەردەم بەرزی وەلات بێ
بۆسەربەخۆیی‌وپێشکەوتنی‌خاک بێ

هەرکێ کە هـۆرەی ڕێی ئازادی بێ
نەفرینی لێکەن هـــــاوڕێتان نەبێ

قومارچیش مەکەن بە هاودەمی خۆ
دووربن لەوانەی دەبنـــــە درمی خۆ

هەمیشە قەوم وکەستان‌خۆش بوێ
مرۆ نیـەئەوەی  واری  خۆش نەوێ

گرنگی‌بدەن بەتەن دروســـــــــتی
هەرگیز دوورمەبن لە خۆشەویستی

بــــــزانن ژیان گەلێ بە نــــــرخە
مردن هـــەرزانەو سروشتی چەرخە

هــــــەر ئارەزوویێ کەوا هەتان بێ
هەولی‌بۆبدەن دەست‌کەوتتان دەبێ

هەبوونی بۆ مــرۆ چاکترین گەنجە
سەرەنجام بۆوەش‌خەبات و ڕەنجە

باشـــــترین ڕەوش ئەدەب لە ژینە
ئەدەب ســــــەرچاوەی بلندی دینە

گەر هـــاوڕێ زیانی نەبێ لە بۆتان
باشترین شـــــتە لە ڕێی ژیانتان

نەکەن قەتدۆستان لەخۆدوربکەن
هەمیشـــە دوژمن بۆخۆ زۆر مەکەن

درۆ خراپترین کــــردەوەی مرۆیە
قەت درۆمەکەنـگشت خەمو سۆیە

لە ژنێ بترســـن کەوا ڕیش داربێ
لە کۆسە پیاویش وریایی و هــەبێ

هــــاوکاری بکەن لە کاری داوەر
قەت مەشـــارنەوە هیچ بیرو یاوەر

بۆچونی هەرکەس بۆ خۆی دروستە
گالتەی پێمەکەنهەرچی مەبەستە

هیچ کەسێ ژیانی تا ســەر نامینێ
چـــاکەو خراپەش بۆ خۆی دەمینێ

بچنن ئـــارامی لە باخچـــەی ژیان
تووڕ دەن گرژیەتی و ئـازارو گریان

کار بکەن چونکە ئیش‌شادی ژیانە
بێکاری هــــــەردەم نەزیک گریانە

هوشـــــیارو ژیر بن لە گشت بواریَ
هەتا پیَشـــــکەون لە خڕ هەواریَ

دووربن لەوانەی پیَـتان هەل دەلیَن
ڕومەدەن بەوەی کـــەوا پەل دەلیَن

یەکیَکی زیرەک وەک دوو کەسـانە
تەنبەلیش بۆخـــــــۆی ژانی ژیانە

میـــــــانە ڕۆ بن لە هەمـــوو کاریَ
ســــــەرەڕۆ مەبن لە هیچ بـــواریَ

نەکەن شـــەوانە خەو حەرام بکەن
واگاییش لەڕۆژ قەت لە بیر مەکەن

چاکترین ســــــەروەت مالی خۆتانە
ڕیَـــــزی لیَ بگرن چەندی هەتانە

قەت لە یــــــاد مەکەن بیر بکەنەوە
هیچ کاریَ بەبیَ بیـــــــر مەکەنەوە

هـــــــەرچی برینــە لە پڕیَکا دیَتن
زۆرییشی دەویَ کەســـــاڕیَژ بیێتن

خۆتان بەختکەن لە ڕیَگـەی وەلات
کیَ خاک پەروەربیَ دەبــیَ وابکات

گەر نوسەرکیَ بیَ بو گەل نەنوسیَ

سـودێ نابەخشێ ئەوەی دەنووسێ

ئەگەر خوێنـــەریش بێت و بنوسێ
گەلێ چاکترە کە هیـــــچ نەنوسێ

ئیهانەی کەسێ مەکـــەن چاو تێرە
قەتمەگرن ڕێزی کێ کەخراپ فێرە

قەتبێبەش مەکەن ئەوەی کە ژیرە
هەمیشـــــــە بگرن ڕێزی کێ پیرە

قەتگالتەش مەکەن لەگەل کەرەپیاو
چونکە بۆو دێنێ ژان و گریەی چـو

لە ڕێی نیشتمان گەر سەرنەکەوتن
قەت لە یاد مەکەن ئامانج بـــڕواتن

مەکەن لە بیـــرتان ئامانجی خۆتان
باوەڕتان هەبێ بە ســـەرکەوتنتان

هەردەم بزانن هــــــۆی نەزانینتان
هەولدەن لە ڕێی هیـــــوای ژیانتان

کارێکتان بوێ داهـــــــاتووی هەیە
ئەو ژیانەو بوێ ســـەربەرزی هەیە

گوێ بگرن هـــەردەم لە ئامۆژگاری
گەروابن هـــــەردەم بۆو دێتن یاری

کەسێ خـــــاوەنی بیرو سامان بێ
گەر چـاکە بکات بەختـــــیار دەبێ

تەنیا چـــــاکەیە لە خـــوا نەزیکە
جگە لە چاکە گشـــــت فاک و فیکە

بایی بوون هـــەردەم سوکی مرۆیە
ترزلیش بۆ خۆی هەر ژان و سـۆیە

بایی بوون دەردی گەوج کەم دەکا
گێـــــل و نەزانان بۆ خــۆ جەلبەکا

شــــادی و بەرزیەتی لە چاکەدایە
کێ کەخراپەی‌کردهەردەم ڕیسوایە

بەتەنهـــــا بژین گــــــەلێ چاترە
هاوڕێتی خراپە لە گشــــت بەدترە

بزانن کەواپەند هەمووی ڕاســـــتن
دیارە پەندیش گشت دژ بە پەستن

بەدناوی و ســـــوکی چەکی نامەردە
یاری خـــــــراپە مەکەن هـر دەردە

وەک‌ئەندامی‌لەش‌هاوکاری‌یەک بن
دل پڕ لە هەستی مرۆڤ دۆستی بن

جیهان بۆ شـــــادی هاتۆتە کایە
ناشـــــــادی ژیان مرۆڤ داینایە

لە هەر ڕۆژێ کە تیـــــادا نەخەنن
ئەو ڕۆژە دەڕواو قەتیش نابیـــنن

لە خـــــــۆ ڕازی بوون ژیرانە نیە
گومانیش لە خــــۆ گەلێ باش نیە

دۆســــــــتان بناسن لە تەنگانەدا
نەک لەشادیی‌وخۆشی وسەیران دا

گەر بتـــــانەوێ باش ناوتان ببەن
هەتا بۆو دەکـــرێ چاکە زۆر بکەن

بە بێ زانینی هێـــــزی هیـــچ وشە
قەت دیارمەکەن هیچ ڕاستی وفشە

هەڤالی ڕاســـتی هەرگیز بەرمەدەن
بەمکارەچارەی ژان لەدەست نادەن

لەماوەی ژیانتان‌ڕاستی پەرست بن
بنچینەی ژیان‌لە هەندوڕ دەست بن

زۆر بخوێنــــــنەوە چـــاوی جیهانە
پەڕتوک گەنجینەی ژیـــری و ژیانە

ئەگەر دیـــــرۆکی ڕۆژگار دەنوسن

بێ لایەن و ڕاست زۆر پاک بنوسن

لە هـــەڵەکاری چاکەدروست کەن
خراپتر لە جێی هـــەڵەکان مەکەن

سەربەستومەردبنچاوترساومەبن
ئەوســـــا ئازانە ترســـنۆک نەبن

هەر میللەتێ کە قـــــــــوربانی بدا
هەر ڕزگار دەبێ لە ژێر دەستان دا

گەر ئیمڕۆ ژیــــر و زۆر مەردانە بن
دوا ڕۆژ ئێوە ســــــــــەربەرزدەبن

مەچوونە ڕێـزی دوو ڕوو ونامەردان
ببنە هـــاودەمی پاک و بێ گەردان

نیشـــانە بگرن لە گشت مەبەستێ
هەروا مل مەنێن لە چیاوو بەســـتێ

دل مەڕەنجێـــنن توشی قین مەبن
قەت مـرۆ کوژو هۆی گرین  مەبن

منالتان خۆش بوێ بە نەرم و نیانی
مەیان ترســـــێنن  ببنە بیــــانی

هەمیشە قســـەو خۆش بێ لە ژیان
بە پەیڤی شادە ماردەردی لە کونان

له دەریای هـــەله خۆ دوور کەنەوە
بەختەوەر دەبن گەر هەلســـــنەوە

زمان مەگێڕن له هیـــچ کات بە درۆ
قەت وەدی مێنن بۆکەس جەفاوسۆ

کارو پەیڤی‌چاک چەند پات کەنەوە
لەکـــــارو پەیڤی چـــاکە مەچنەوە

مەبن بە دۆســـتی دوژمنانی دۆست
قەت‌زامدارمەکەن‌هەستی‌جوانیدۆست

گەورەیێ نیە دوور لە ڕاســـــتی بێ
بدرۆزن هەردەم ژیان نا شـاد نابێ

بـــــناغەی ماقـــــول بــۆ خراپە نیە
ژیری و چاکەییش بێ بـــــناغە نیە

هـــــەلۆیێ نیە مێشێ ڕاو بکـــــات
هیچ‌مەردێ نیەکاکاری‌خراپ بـکات

هونەر گــــــــەورەیە بۆتان دەمینێ
هونەرپەروەربن نــــــاوتان دەمینێ

هەق زۆر بە هێزە هەر سەردەکەوێ
ئالای هـــەق بەرزە هەرگیزنانەوێ

کێ ئەقل ودل ولەش ساغی لا بێ
ئەو کەســـە هەرگیز نشەستی نابێ

زانســـت جوانترین شتە بۆ جیهان
زانیـــــن نەبێتن فـــەنایە ژیـان

ســـەختە گشت کارێ لەسەرەتاوە
کە دەستت پێ کرد سەختی نەماوە

ژینیشــــتان ئەگەر بەختەوەربێتن
وەڕسی لە ژیان هــەرگیز نابێـــتن

هـــــەرچی کردەوەی باش و جوانە
خۆشـــــــتان بوێتن بەرزی ژیانە

هەول دەن ناوی بلنـــد پەیدا کەن
پاشـــانیش دەبێ پارێزی لێ بکەن

ژیریەتی هەموو شــــــتێ دەبینێ
ژیرتر کەســــــێکە کەچاکە دێنێ

مەچنە ســـەر کەلی هیچ شەیتانەوە
گەرچونیشن مەردبن وەرنەخوارەوە

گەورەیێ نیـــە لەم جیهـــــانەدا
کەسێ داد نادا بێجگەلە خــــــودا

باوەڕ بە هێزو هەســــتان پتەو بێ

بەرامبەر یەزدان گومـــانتان نـەبێ

هۆکاری ئاشتی و خۆشەویستی بن
یاری دلسۆزو ڕێی سەربەستی  بن

بە قسەی نەزان و دوژمنان مەکەن
هەرگیزدوو ڕوویی‌وفەسادی مەکەن

هیـــــــواو بەرز بێت لە تەنگانەدا
چاولەدەست مەبن لە هیچ ڕۆژگاردا

دەنگی ژن بە ســــەرپیاو بەرز بێ
ئەو ماڵە داخە هـــــــەروەکو نەبێ

بە بەشی خۆتان هـەردەم ڕازی بن
هەمیشـــــــە خاوەن بیر و باوەڕ بن

هـــــــەردەم وریابن نەو خەڵەتێنن
ناکەس وحەســـود ڕیشەو دەرنێنن

بۆ  زانستوهۆش هەردەم بخوێنن
خۆتان زانا کەن ســـەربەرزی بێنن

چاوتێربن‌هەردەم‌ئازادو سەربەست
وەک‌مەردان‌بژین‌هەتان‌بێ‌مەبەست

لە ســـەر وادەی خۆ هەردەم بمێنن
ســــەر و ماڵ بدەن وادە مەشکێنن

نەکەن ئێمرۆکە لەدەست خۆ بدەن
سبەی پەشیمان لەچۆک خۆ بدەن

نان بدەن بە سەگ نەک  بە پشپلە
دل پڕ وەفا بن و دوور بن لە حیــلە

لوت بەرز مەبن و مەچونە  سەردار
شـــانازی بکەن بە قەوم و هەوار

خۆتان کە ژانی دەرزی و پێ گرانە
شوژن بەخەلکانقەت مەکەن گیانە

بە ـــچاکە دلی خەلکان ڕا بگرن
خراپە مەکەن ئێوەش هـەر دەمرن

هەتاکو هوون هەن کار بکەن خێرە
دەستی ماندوو بوولەسەر زگی تێرە

هەرگیزدل ڕەش و بێ ئەمەل مەبن
ئەگەرگولیش نیندڕک و پەل مەبن

بە فێــــڕۆ مەدەن مـال بەبێ پایە
برا برایە کیســـــــــەجودایە

بـــــزانن ژیانی  دووری خەمگینە
بەرد تەنیـــا لە جێی خۆیاسەنگینە

هۆشتان بێ کەوا ژیر هیچ سەرناکا
نـــــەزان خۆیەتی کــەوا دەرناکا

بێ پەروامەبن قەت لە هیـچ کارێ
با تێ نەکـــــــەون تەنیا بۆ جارێ

ئەگەر مردنتان هــەر لە بەر چاو بێ
ژیانتان پڕ ترســــە وتامیشی نا بێ

ئەوەش بــــزانن مەرگ هەر دێتن
ژیان تاکو ســـــەر بۆ کەس نابێتن

ســـــــرۆشتی ژیان هەموو ئەوهایە
کێ لە دایک بوو مەرگی نوســرایە

کەسێ نازانیتن ســــبەی ژیان چیە
هاتن و چوون و ســـەرەنجام چیە

دەبێ تاکو هەن هەر خەبات بکەن
بۆ ئازادی ژیان خۆتان بەخت کەن

بۆ مــــــەرامێ چاک کەوا هــەتانە
تەنیا تێکۆشـــــــان چارەو هەتوانە

هەول دەن مالتان زۆربێ حـــەلالە
تەبەق کەپڕبوو خۆ ئاشـــــتی مالە

ئــازاد ڕابوێرن سەرشۆڕی مەکەن

نە بێـــــگاریی و نە زۆری مەکـەن

ئەوکەسەی مافتان بخواو هەلواسێ
توند قوڕگی بگرن هەتا دەتاســـێ

لە گەل یەکتـــری بە خۆشی بژین
لە جەستەی کەسێ مەچێنن برین

گەرچوونە شاری کوێران چاو بگرن
سەرچۆپی و شایی بۆ نەیار مەگرن

ئاوێنەی بەرزی و بەختــەوەری بن
دلپیس و ڕەش و بێ هیـــوا مەبن

لە هەموو کـــــارێ دوایی بڕوانن
بیر بکەنەوە بە زانیـــــن جــوانن

بێ هـــــۆ مەخەنن چونکە بەلایە
پیکەنین گەلێ گـــریەی لە دوایە

خەندەی بەبێ هــۆ خراپەو نەباشە
ڕەوشـــــــتی ئاوا هەمیشە شاشە

قەت لە پشت زۆرو زۆرداران مەبن
یاری هـــــەژار و بێ نەوایان بن

کـــــاری وامەکەن پێتان بلەنگێ
تاس بشــکێ نەوەک ناوی بزرنگێ

هەمیشـــــــــە دژی خراپەکار بن
دوور لە گومڕاهی و نـــــاتەبایی بن

لە دەرگا هـــەرگیز مەچوونە ژووریٚ
ڕوخســەت وەرگرن بۆ ژوورو دەریٚ

بە مالی هیچ کەس پیاوەتی مەکەن
بەقســـەی نەیار و نەفامان مەکەن

هاونشینی بەد مەکەن بە پیشــــــە
پیسی دەربێنن لە ڕەگ و ڕیشــــــە

چاکەو خــــــــراپە بۆ لاو دێتـــەوە
هەرچی بیچێنن دەدوورێتـــــــــەوە

دەســــــــــتیٚ نەتوانن کەوا بیبڕن
بە گژیا مەچوون،دەستی خۆ مەبڕن

ئەو کارە بکەن کە پێی شــــــانازن
دایک ببێنن دۆتیٚ بخـــــــــــوازن

قەت تەفرەمەخۆن بەقسەیپڕو پووچ
گوناە بارمەکەن لەکەسبەبیٚ سوچ

گەلیٚ شەڕلەسەرکورسی دووکەسە
قوربانی مەدەن بۆ ئەو دوو کەســە

قـــەت درۆ مەکـــــەن درۆ بەلایە
چونکـــە درۆزن دوژمنی خـــوایە

کەلەک و ســـــــاختە تەمەنی نیە
کێ کەدوور بین بێ پەشــیمان نیە

کـار بکەن هەتا دلتان هەر گەنجە
سەرەنجامی ڕەنج هەربۆخۆی گەنجە

قــەت باوەڕ مەکەن ئێوە بە زۆردار
چونکە گوتیانە شـــەرعی مار بە دار

کارێ نەتوانن قەتلە دووی مەڕۆن
بەدوای کلاوی با بردە مـــــەڕۆن

ژیرو وردبین بن لە گشـت مەیدانێ
بۆنی زەعفـــــەران کەر پێی نازانێ

وەلات پارێـز و دلســۆزی گەل بن
قوربانی خاک و ســـەربەخۆیی بن

دوژمن بناسن لە گشـــــت هەوارێ
یاری خۆ مەدەن بە هیچ غـــەوارێ

دلۆڤـــــان مەبن قەت بۆ نەیاران
بەزەیی ناکـــــــرێ بە بۆرە ماران

هەموو هەورازێ کەلە پێشـــتان بێ

بزانن نشـــــێوی هەر لەدوایا دێ

ناوی ســـەروەران هەرگیز بەد نابێ
دەراش بەدەمی سەگان پیس نابێ

ڕێزی ماموســـــتا و زانایان بگرن
پاشقولیهیچ کەس لەپاشڕامەگرن

فیتەیشەڕخوازیهەرگیز لێمەدەن
وەکئاگری بنکا قەتڕەفتارمەکەن

دلتانخۆش مەکەنبەخەندەیناکەس
خەتایهیچکەسێ مەکەنبەهیچکەس

هەقتان بســــــێنن هەتا دەتوانن
ماف دەســــەندرێتن دەبێ بیزانن

جنێو و پەیڤی نـــــــاڕەوا مەلێن
باسی هیچ کەسێ لایکەسێمەلێن

قــەت مەدرکێنن پەیڤێ کە ڕاز بێ
خۆتانسوکمەکەنڕازتانپەنهانبێ

بەزۆرە ملێ هیـــچ کـــارێ مەکەن
بە قسەبرینێ بۆ کەس چێ مەکەن

بە خزم و کەســـان شانازی بکەن
خۆتان بە قوربان سەربەرزی بکەن

بـــــڕۆنە كـــۆڕی ژیــــرو زانایان
ببنە هـــــــــەڤالی پیـــــرو دانایان

هیچ بوونەوەرێ نەكەن جـەفا دەن
ژیانی هیچ كەسێ تێكو لێک مەدەن

ڕازتان لای یەكێ وپرس ولای هەزار
ژیرو وریا بن نەكەونە ســـــــەر زار

كێ كـــــــەوا ڕازێ لاتان بلـــێتن
نەزانە بـــــــزانن بۆێــــــە دەیلێتن

ڕاز مەدركێنن هـــــــــەروا بەربەیار
كە كەوتە زارێ دەكەوتە یەكشـــار

پشتی یەک بگرن بۆ یەكتر پرد بن
چاوتێروهەردەم چاپووک و مەردبن

ئاقلانە هـــــــەردەم بڕیار دەربكەن
بەبێ بەراورد هیـــــچ كارێ مەكەن

چیتـــان لا باشـەو بۆ خۆتان دەوێ
بۆ خەلكیش پێـتان وابێ دەیان وێ

ئێرەیی بە كەس مەبەن هەمیشـــە
ڕازی بن هەردەم هەرچیەكتان بەشە

خــــــواكارێ ناكاو هـــەروا ناوداتێ

تا کێـو نەبینێ بەفـــــــری ناوێتێ

هەلەوکاری چەوت مەکەن بە پیشە
کار کـــــــردەوەیە نەوەک بە ڕیشە

هـــــەردەم بخوێنن بۆ زانایی بوون
گـــــەر زانا نەبن وابزانن خەوتوون

دەبێ بــــــزانن دوژمن لە نـاو بەن
گـــــەر ژیـــرو زانا نەبن  دەرنابەن

بۆ لە ناوچـــــــوونی دوژمن زانـایی
باشـــــــــترین ڕێیە کەوا دەتوانی

زانایی بەرەو پێشــــــــەوەو دەبات
نادانی ژەهـــــرەو لە ناوتان دەبات

ڕوو لە خوێنـدن و خوێندنەوە بکەن
تابە زانابوون دوژمـــن ڕاو بکـــەن

زانین لە هەســـــت و بیرو مێشکایە
نەک وا لە جەستەو قیافەی زل دایە

قەت مەکەن ڕۆژێ گالتە بەپیـــری
ئێـــوەش بۆتان دێ زامەکەی پیری

تونـــد ڕۆیی مەکەن لەهیچ کردارێ
میـــــــانە ڕۆبن لە گشت هەوارێ

گەر جـــاریّ هەڵەو هـاتە پێشەوە
بیکەنە پەنـــــدو دووبار نەبتـــەوە

بەرامبەر هـــەڵە داوای بوردن کەن
عوزری قەباحتر لە گوناهــا نەکەن

قســـە بێژیگنـــدەن بیکێشن بێـژن
بێ لێکدانەوە قەت قســـە مەبێژن

قسـەی بە توانج و تۆکلدار مەکەن
سەرئێشەبۆکەس قەتپەیدامەکەن

هەرپەیڤێدەیکەنلەجێیخۆی بێتن
هەمیشە قسـەو نەخشی بەرد بێتن

کە قولفی کەعبەش بگـرن مەنازن
زۆرپشـت بەهێزیشدەڕۆندەترازن

هەرگیز قســـەتان مەدەن بە منداڵ
زۆر قســـە هەنە پێ دەکەونە چاڵ

هـەرگیز خزمەتی ناڕەسەن مەکەن
بە قـــاڵ و قیلی بەد بـڕوا مەکەن

هەر کاریّ باشەدەست وبرد بیکەن
کاریخراپەشقەت ڕوو تێ مەکەن

هەگگیز هەلچوون‌بەگیڤەگیڤ مەبن
نەرم و حەلێم و لەســەر خۆتان بن

هەر شتێ کەوا بەهـــرەو لێی هەیە
ســـودی لێ وەگرن تا تواناو هەیە

لە گشت ڕووداوێ دەرسێ وەرگرن
تروسکەی‌شادی‌قەت‌لە قوڕ مەگرن

نێوانی‌دووکەس‌هەرگیز تێک مەدەن
هەمیشە ئاشـــــتی لە نێوان بکەن

لەوەرام دانەوە هیـــچ پەلە مەکەن
لەخوت وخـــــۆڕا خۆ ماندومەکەن

چـــاوتان لە ژیان و وتە بـــەرزبن
هێچ‌کارێ مەکەن‌ڕوو لە نـــزمی بن

کەســـێ لە پەیڤی خۆیــا وریـابێ
سەری ڕاحەتەو ئاســـــودە دەبێ

زۆر مەلێن چونکەزۆرگـــۆیی ژارە
قســـــە هەزارەو یـــەکی بەکارە

زمان‌پیس‌مەبن پڕوشــکان ماوێن
خراپە مەلێن، هــەردەم پاک داوێن

هەمــوو گوفتارتان بەڕاســتی بلێن

نیشـــــانه بگرن  کوێرانه مەڵێن

هەرپەیڤێ کەوا زەنــــــەندە بێتن
قەت مەی درکێنن با خـــەم نەیێتن

چاپلوسیمەکەن لەلای هیچ کەسێ
کێ کە دوو ڕوو بـــوو دلی ناحەسێ

گوناهی کەســــێ بۆ خۆ مەکێشن
بەقەد بــــــەڕەی خۆ پێ ڕابکێشن

قەت دزیمەکەن بە پیشەی خۆتان
ڕازی بە بەش ونانە جـــۆی خۆتان

بێ شەرمو دەمشڕ نەکەن بەهاوڕێ
قەتمەبنە بەکری لای مەرگەوەڕێ

دوورەپەرێز و ڕێـــی وەلات  مەبن
بەشـداری هەولی ڕزگاری خاک بن

باسیگەورەیێ بە ســـوکی مەکەن
گەورەسوک نابێ،بەدناوی مەکـــەن

هەرکێ کە ژیر بێ کەم هـــەلەدەکا
سەگیڕەشبەبزن قەتحیسابناکا

قەت یاخی مەبن لە کردەوەی چاک
هەرگیز گوێ مەگرن لەکسی ناپاک

چیتان دەست کەوت خڕسـەرف مەکەن
هەندێکی بخۆن پاشەکەوتیش کەن

لە خەو هەلبستن گشت بەیانی زوو
ڕۆژ بۆخەباتەو شـەویش بۆ پشوو

کێ کەنوستو بێ،لە ڕۆژگاری ژیان
هەربەجێمـاوەو ناگا بە کـاروان

هەول و خەبات و ڕەنج و تێکۆشان
وەدی دێنێتن بەختـەوەری ژیان

هەرکێ کەجێما دێم کێشێ لە خـەو
ڕزقی کەم دەبـێ بەبێ ئەم و ئەو

تەمەنی مرۆڤ ئەوەنـدەی هەیە
بۆ تێکۆشـانە نەوەک گەمەیە

ڕەمزی سەربەرزی هەول و خەباتە
مایەی سەربەرزیش شادی وەلاتە

کێ لە ڕەوڕەوەی خەبات بە جێـما
هەر پەشـیمانەو شادی بۆ نەما

هەر مەرامێ وا لە دەروونـتان بێ
تەنیا بە هەول و خـەبات وەدی دێ

پەیڤ وکاربکەن لە جێی و ڕێیی خۆ
ڕاستەکەماستو کەنگریش وەختیٚ خۆ

هەرکێ لەڕێی خراپ کە هانتان بدا
لێی دوور کەونەوە ژارتـان پێ دەدا

توندڕۆیی مەکەن لە هیـچ ڕەفتارێ
مام ناوەنجی بن لە هەمـــــو کارێ

زســـــتان کە دێتن بەهارتان مایە
قەت واش مەزانن بەهــار هەرمایە

هەولدەن هەتا شـــەنگ و تین ماوە
گەر تەمەن ڕۆیی ســوودی نەماوە

قەتپشکۆبە دەستمەگرندەســوتێن
مەقاش بۆ پەنگر هـــەردەم دابێن

بەخۆ هەڵمەلێن لە لای هیچ کەسێ
کێ وا بێ ڕۆژێ جـــەرگی  دەپسێ

هەمیشــــــــە خۆتان بە زۆر مەزانن
وابن دیگـــــــــەران بلێن  زۆرزانن

تا مەقاش بێ دەست مەســـوتێنن
لە هیچ شوێنێک دا خراپە مەچێنـن

گەشبینی بکەن بەهەســـتی پاکتان
دۆستان ڕێزدەبن بۆڕێگەی چاکتان

کلاوی خەلک قەت مەنێنەســــــەر
لەدەمشێرمەبنوڕیوی دەشتو دەر

لەگەلهیچ وپووچ قەتتێکەلمەبن
پوچ دەبن ئێوەش وەکو ئەو دەبــن

گویَ لە ئاوازی ســەربەرزی بگرن
بۆ مــــــردن مەژین بۆ ژیان بمرن

ڕێک و ئارام و هەر لە ســەر خۆبن
تووڕەو تۆسن وبیَ شەرمیش مەبن

دەرگاییَ کەوا بەـــــستراو نابتەوە
قەت گالەی مەدەن پێو ناکــرێتەوە

بەکەوتنی کەسیَ شادمەکەن دلتان
چونکە نازانن چی دێتـــــە ڕێـتان

بیرمەکـــەن لــەوەی پەیڤگۆ کێیە
بـــــزانن لە وتەو گوفتی چی پێیە

هەرکیَ خـــاوەنی بیرو هۆشی بێت
هەرگیز هـــــەژارو بیَ نەوا نابێت

پیس و پۆخـــــل و چلکنیش مەبن
چلێس و گـــرژ و قرچۆکیش مەبن

هەلوێسـتی پاک و مەردانەو هەبێت
خاوەنی هەلوێست  پەشمان نابێت

قەت مەدەن وادەو پەیشامانی درۆ
هەرکێ درۆ بکات ژیانی پڕ لە سـۆ

ماڵچلکیدەستەوزانینخۆی گەنجە
هەرکێ نەزان بێت خەسـارە ڕەنجە

بۆ تۆلە سـەندن زۆر پەلە مەکەن
جێگەیلێ بوردنقەت لەبیر مەکەن

کەسی خـۆقوربان هیچ کەسێمەکەن
بەتەمای جیران کاسـە پڕ مەکەن

دان بە هەڵەی خۆ دابنـێن هەردەم
تاهەلەیخەلک نەکەن بەسەر جەم

بزانن هـەرکێ کە خۆشی بوێن
بۆکاری خراپ  قەت ئێـوەی ناوێن

ڕوو لە کار بکەن مالتـان ئاوایە
کێ کەکار نەکا هـەر بێ مال مایە

بترسن لە خـوا باوەڕتان هەبێ
بەمکارە هەردەم سەروەری و دەبێ

هیواو هەر هەبێ لە گشت ڕۆژگارێ

قەتڕەشبین مەبن لە هیچ هەوارێ

ژیان بۆ مرۆ  هەمـــووی ئـــــاواتە
شادبوونیش بۆخۆیهەول و خەباتە

گەر ئاوارەشن  دوور لەنیشـــــتمان
لێو تێک نەچێتن کەلتووری خـۆمان

عادەتی بـــــــیانی بۆ مـــرۆ تەنگە
کێ لە خۆی گــــــۆڕی ژیانی نەنگە

کەلتـــــووری باوک و باپیرانی خۆ
قەتلەیادمەکەنڕەوشو پەیڤی خۆ

چاولە کەس مەکەن لێتـان نەگۆڕێ
ڕەوشی میللی خۆو قەتلێ نەتۆرێ

زانســــت بخوێنن هەتا سەرکەون
بە زانســــت لەڕێی نەزان دەرکەون

دانیش هەربەرەوسـەربەرزی و دەبات
کێدانیشمەندبوو لەژیان دەردەبات

زانین و زانست خۆی  دروسـتکەرە
هەرکێ زانا بێ خــــــاوەن گەوهەرە

چاکترین میـــــــــرات لە باوکانەوە
ڕەوشتی پاکە لـــــە ڕووی  ژیانەوە

هەرگیــــز یارمەتی خراپە مەدەن
زیان لەچاکەوڕەوشی پــاک نەدەن

هەرگیز ستەم و زۆرداری مــەکەن
تالەگەڵئێوەش هیچ کات وانەکەن

خۆییتان بویَ تا هــــەوبیَ نەفەس
هێچکەس کچی خۆی نادابە کوڕی کەس

مەشــــکێنن دلی کەسیَ بە ناهەق
قسەو لە جیَ بیَ نەک بێتام و ڕەق

بزانن کــــەوا پەیڤــــــتان چیە
بۆچی دەبێژن  و مەرامــــتان چیە

دلتان گەورەبیَ و بــــڕواو بەخۆبیَ
هەرکاریَدەیکەن سەربەرزی تیابیَ

قــەت باوەڕ مەکەن بە حەرام زادە
لە مزگەوتیش بیَ خـــۆتی لیَ لادە

قەت وەبا مەدەن پەیڤی ناتــــەواو
چونکە دەڕواتن وەک بلقی ســەرئاو

فەسـادی مەکەن ڕەگتان دەکێشیَ
هەویری فیتــــنە زۆر ئاو دەکێشیَ

یارمـەتی بدەن بەدەورربەرتـــــان
گەلی خێرترەلەچوونەحەجـــــتان

تا هــــەژار هەبێ لە نەزیک خۆتان
چاوتان لەوان بێ چاکتــــرە بۆتان

زەمیهیچ کەسێلای کەسێمەکەن
بە دوو زمــــانی ئابڕووی خۆمەبەن

دەستبازیوگالتەبەهیچکەسمەکەن
ڕێزداربن هەردەمکاری باش بکەن

ژیریوهۆشوفـامهەلسوکەوتو بێ
سوکی و بێ ڕێزی دوورە ڕێتان بێ

دوور بن لەوانەی فیتنەو فەســادی
دەکەن بە پیشـــــــە بۆ نامرادی

کینە خەجەرە لە دلی خـۆی مەدەن
بە تۆووڕەیی بون هیچکارێ مەکەن

هەرکاتێ ویســتتان قسەیێ بکەن
چاک بیر کەنەوە سا بەرەڵلای کەن

زانســـت ئەوەیەپ بـزانی و بیلێی
کە نەشـــــــت زانی دانی پێ بنێی

لە دوو وەی کەوا هـۆش دارە بڕون

له دوو بێ ئەقــڵ و نەزانان مەڕۆن

ڕق و کینـــــــەتان بۆ کەسێ نەبێ
خۆشەویســـتیتان هـەر له دل دابێ

مەردوم ئازاری نەکەن له ژیانـــتان
خۆ مەخەن دەست هیچ خـورافاتان

ســــــەرپێچی بکەن له ستەمکاران
پێــــــڕەوی مەکەن له گوناهـکاران

مەترســن لەوان خـــراپەو دەلــێن
له خوا بترســن کەخـــــراپە دەلێن

ڕاڕایی مـــــەبن لاوازی ژیـــــانە
هەرکێ کەوا بێت هەر پەشــیمانە

کەس نالێ ترشە قەت بەدۆیی خۆی
کەسێغتف ناکات قەت لەڕیشی خۆی

چرای ڕوناکی ســــــەربەخۆیی بن
دوور له خیانەت و خۆ فــرۆشی بن

کەس ناکەسیش بێ قەت لێت نابتەوە
تفی بەرەوبا بۆخــــــــۆت دێتەوە

له پەیڤ و ڕەفتــار خەلکان بناسن
له دوو زمان و حەســــــود بترسن

کەسێ نەتنـــــاسی کە کوڕی کێیە
مەبە هـــــــاودەمی لە هەموو جێیە

بە قیافە کەسێ مەکەن بە پێشڕەو
قەتمەڕۆن‌لەدووکەسانی تەک ڕەو

دووربن لە پیاوی ســـــپلەو بێ وەفا
بێ نمەک هــــەردەم بۆو دێنێ جەفا

تەمەنی ئەمــــــــڕۆ بە فیڕۆ مەدەن
دوێنێ ولەبیر بێ‌وسبەش‌قاو مەدەن

کەسێ دەیەوێ ببێ بە دۆســــتتان
تاقی کەنەوە بە زۆر مەبەســـــــتان

زۆرهەن دەمدەمی ودۆستی‌کارێکن
بۆ مەبەســــتێکەو دۆست ویارێکن

زۆرکەس دەبنەدۆست بۆ ژن یاپارە
وریابن لێیـــــــان دووربن لەوکارە

کاتێکی شـادی و سەربەرزی ژیان
مەدەن بەسەدکات ژیانی پڕ گریان

بەوتەی ناڕاستیش قەت تەفرەمەخۆن
نانی سەر سفرەی زورداران مەخۆن

لە خـــــــۆ بایی بوون کاری نەزانە

کێ کە بایی بوو نەزیک شـــەیتانە

چاو بڕکێ مەکەن تا چاوتان نەبڕن
پەردەی کەس مەدڕن تاپەردەونەدڕن

چاوتان لە مالی هیـــچ کەسێ نەبی
گەر هەژاریش بن دلتـان گەورەبی

کەشـــــــوژن لە چاو خۆتان نابینن
دەرزیش لە چـاوی خەلک مەبینن

گەر لە شوشـەیە خانوەکەی خۆتان
بەردان ماوێنە خانوی هیـــچ مالان

قەت چاو چنۆک و بێ ئەمەک مەبن
سپلەو ڕەزیل و هیـچ و پووچ مەبن

بەپەیڤ جەستەی کەس زامدارمەکەن
هەتا دەتوانن قســـەی باش بکەن

برینی خەنجــەر زوو هەتوان دەبێ
بەلام برینی زمـــــان چاک نابێ

بزانن چارەی ڕێ ڕۆیشـــــــــتنە
هەروەک تەنیـا چـــارەی خەوتنە

لەپەیڤوبۆچوون مەچونەســەر دار
لەقسەیڕاستیشداقەتمەهێنەخوار

چاولەدەستمەبن‌دەستتان دەبەستریٚ
چونکەگەروابن هیچتان بۆ ناکــریٚ

گەر هێزیشــتان بوو هەردادپەروەربن
تا نـــــیاز بەهــیچ  یارمەتی نەبن

هەردەم بناســـــن  خەلکی زەمانە
تا پێویســـــت  نەبن قەت نەزانانە

بە پوول و پارە خەلک مەناســــــن
زۆر دەولەمەـــند هەن،خوا نەناسن

هەرکەسیٚ کەوا ســیاسەت نەزانیٚ
ببتە ســـەرکردەش هەر دا دەمینیٚ

خۆتان کاری خۆچاک جیٚ بەجێکەن
بەتەمای کەسیٚ کارتان دوا مەخەن

کەس سەری کەسیٚ هەرگیزناخورێنیٚ
خــۆ و بۆ خۆ نەبن کار جیٚ دەمینیٚ

هەرگیز بە گەورە خــۆتان مەناسن
ئەگەرگەورەش‌بن چووک خۆبناسن

گەورەیی تەنیـــا بۆ یەزادن چاکە
هەســـتتان کەوابوو دلیشتان پاکە

هەرشتیٚ کەوا سەرنوشت دەیهێنیٚ
پێی ڕەزامەندبن چاکەو بـــۆ دێنیٚ

ڕەوشـــــــتێ کەوا نەزان دەیەوێ
خۆی‌لێ دووربکەن‌هەرگیزنەتان‌وێ

وەرامی زۆر شـــت بێ دەنگی تیایە
کەلێی بێ‌دەنگ‌بن‌چاکەی وەی‌تیایە

ئەدەب ســـەرچاوەو ڕەمزی بەرزیە
هیچ شـــشات جوانتر لە ئەدەب نیە

ڕازی بوون بەبەش گەنجـــی ژیانە
کێ کە قانع بوو هەر شـــــــادمانە

زۆر نـــەدار هەنە مەردی مەیـــدانن
پشـتیان پێ بەستن ڕۆلەی پیاوانن

کێش ســـمێلی سوربێ هەمزاغا نیە
چاکەو پیـــــــاوەتیش بە قیافە نیە

لە ئـــــاوی خوڕو تیـــژڕۆ مەترسن
لە گۆمی مەند و زەلکـــــاو بترسن

هەرکـــــــــارێ کەوا دێتە پێشەوە
خۆی لە بەر ڕاگـرن هەر دەبڕێتەوە

مەڕوخێن لە هیچ سات و ڕۆژگارێ
بە سەختی ڕووداو مەکەونە خوارێ

لە شادیبوونیشخۆتان پف مەدەن
هەڵوکەساتیشقەتلەدەستمەدن

زۆر گریان هەیە شـــادی لە دوایە
شــــــادیش هەمیشە نابێتە مایە

بەفرو بووران و سەهۆڵی زســـتان
دەڕەوێتـــەوە بە ڕۆژی ژیـــــان

گۆڕانی ســـــالیش پەنــدی ژیانە
وەرزی بەهـــــارو ساردی زستانە

دەوران دەورانە ئەم چـەرخە دوونە
هــــــەورازو لێژ و شادی و نەبوونە

لەسەرکەوتنداقەت مەغروور مەبن
لەژێر کەوتنیشدا هەر دل گەورە بن

هەر کارێ کەوا ئەنجـــامی دەدەن
چاک لێک دەنەوە بە فیرۆی نەدەن

بترســــن لەوەی بە ڕواڵەت ڕووتە
بە ڕواڵەت ڕووتە خۆی مەرگەمووتە

ســـــــروشت ئاکامی بۆیە ئەوهایە
گەر ئەوها نەبێ بوون بێ تـام مایە

نابێ هەمووشــت هەروەکو یەک بن

گەردوون ئاوایە شـــەوو ڕۆژ دەبن

هەتا هـەن نەکەن دوو زمانی بکەن
گیرە شـــێوێنی و نامەردی مەکەن

دیرۆکی‌جیهـــــان زۆر بخوێنـــنەوە
لە سیاسەت ناگەن گەر نەخوێێنەوە

خەم‌لەوە بخۆن کە کەس نەناسن
قەت‌مەخۆن‌خەفەت‌لەوەی ناوناسن

هەرکێ ئازادی ژیانی خـــۆش بوێ
بە هەول و خەبات دەستی دەکەوێ

بۆ بڕومەنـدی گیانتان قوربان کەن
ئابڕووی‌هیچ‌کەسێ‌لەککەدارمەکەن

هەر ئەوە بکەن کە پێتمان دەکرێ
مامروەک قازکات قوونی لێ دەدڕێ

پەیپی پڕو پووچ هەرکێ کاوێژ کات
گوێی لێ ڕا مەگمرن خراپە دەکات

هەرکێ دەیەوێ نەزیک بێ لێتمان
زوو مەبنە دۆسمتی پێ بزانێ ڕێتان

تاکو نـــــــەزانن کابرا چ کەســە
باسیشی مەکەن چاک یان ناکەسە

هـــەر کارێ دەکەن دوایی بڕوانن
قەت پێی هـەل مەلێن هەتا نەزانن

چاکبیرکەنەوەلەهامشۆیگشـــت کەس
مەچنە بەردەرگای کەسانی ناکەس

لەش ساغی هەردەم شـادی ژیانە
تەندروست نەبن بەشـــتان گریانە

وا مەبن لە گـــوێی گـــادا بخەون
گەر وابن ڕۆژیش بۆ ئێـوە شـەون

بە دەستی خۆتان گرفتـــــان مێنن
ســـــــــەرو نایشێ پەڕۆ ماڵێنن

لە گەل نا ئەســـلان مەچوونە کایە
تا ڕەنج و نـــــــەڕوا هەروا بەزایە

شەوانەش کـاتی خەوی خۆ بنوون
بەیانی بۆکار زوو هەلسن مەنـــوون

نانی نـەیاران خۆشیش بێ مەخۆن
ڕازی بە نانە جـــۆی خۆتان بیخۆن

هـەر چاکە بکەن کاری باش فەرزە
نانی مەردانیش بـــۆ مەردان قەرزە

نانی مەرد لە زگی نامـــەرد نامینێ
تەنیا چاکەیە بــــۆ مرۆ دەمیـــنێ

کە نمەکتان کـرد، نمەکدان مەدڕن
قەت سپلە مەبن خـــراپە مەچڕن

نە ئاگری بن کا نەهــاوڕێی گۆران
بەمدوانە باوەڕمەکەن وەک کوێران

هەند وشک مەبن کەوا بشکێندرێن
هەندەش تەڕمەبن کەوا بکوشرێن

شایی بە دەهۆل و زوڕناوە خۆشــە
کار لە وەختی خـۆی زۆرباوە خۆشە

شایی بۆکەرو کوێـــران مەڕدوودە
چونکە تێی ناگەن بێ بەهرەو سودە

بە خەندەی زالم و گەرمایی زستان
قەتباوەڕمەکەنهەردەمبێوەستان

خواردنی هەمیشە مەبەست نیە بـۆتێر
چونکەوەک جلکی جوانە لە بۆ کوێر

هەردەم بەو کەسـە مەڵێن مەرحەبا
کە ڕووی قایمەو دێتە ســـەر عەبا

نە ساتمە بکەن لە دڕک و لەمێـــخ

بۆتۆبەش هەرگیز مەچنە لایی شێخ

قەت ڕەنج مەکێشن لە بۆ ناکەسان
شینیش مەگێـــڕن قەت بۆمردوان

دڕدۆنگ وهەلبـاز مەکەن بە هەڤال
تاوەکو دووربن لە کەوتنی ناو چـال

یارو هەڤال و دۆســـــــی بە وەفا
مرۆ دوور دەکەن لە خــەم و جەفا

هەتا دلســـۆزو پاک و بێ گەرد بن
هەر خۆشــەویست و ئاسودە دەبن

دۆســـتی بێ وەفاو هەلباز و نامەرد
لێ و دور ببنەوە، دووردەبن لە دەرد

سەد دۆستی خراپ چاکێک ناهێنێ
هەڤالێکی باش سەدی خراپ دێنێ

دەردی نـــــەزانی گەلێ پـــڕ ژانە
کێ کە نەزان بوو ســـایەشی گرانە

گەر هۆش و توانـــاو زانینتان هەبێ
هـــــــەژاری لاتان ئەفسانە دەبێ

هونەر و زانین ســــەرچاوەی ژیانە
کێ کە هەیبێـــتن دوورە گـــریانە

چەوســـــــاوە نابن ئە گەر زانابن
ژێر دەســـتی زۆر و زۆرداری نابن

جیهان زانین و هوشـــــیاری دەوێ
کێ کە زانا بـــوو ناکەوتە خـــەوێ

ئەقل وهوشیاری خۆشبەختی دێنێ
نەزانی مەرگەو ژین  سەخت دێنێ

زۆرکەس دەبینیکەکورتەدەستیان(1)
لێیان دوورکەوە لەهۆش و هەســتیان

توانای گەنجی و هۆشی پیـــرانتان
یەک بخەن بەرزن لە ڕێی ژیانـتان

دووربن لەپیسی و هەســتی ناڕەوا
تێکۆشن هەردەم بۆ ڕاســتی و ڕەوا

تاهەنە لە ژیان خـــــیانەت مەکەن
بەپەیڤی نەیارخۆتانپەست مەکەن

هەرکێ لە کاتی نەبـــــوونی بۆتان
کە خراپەی کرد نابتە هەڤالـــــتان

خەلک بناســـن بە ڕابوردووی خۆی
کێ کەخائین بوو بخواڕەنجی خۆی

لەسەرکەوتناپشـــت لەدۆست مەکەن
دلسۆزان هەرگیز لە یادا مەبـــــەن

هەرکی کە یـاربوو لە کاتی نەبوون
بیکەن بە یـــــاری ڕۆژانی هەبوون

لە جێی دلســــــۆزو وەفادارانتان
هەرگیز دامەنێن دوژمنی خۆتـــــان

نەیار بۆ مـــــــرۆ هـــەر خراپکارە
کەینێ کەدۆست بو وەکسەگی هارە

زۆر شـــــەرمە کەسێ وەفادارنەبێ
لە گەل دۆستانی ڕاسـت و یارنەبێ

هەردەم هوشـیاربن لەکاری دوژمن
هاوکاریشـــــتان بن لە بن ڕادەبڕن

خۆتـــــان دوور بکەن لە کۆنە نەیار
پێتان وەدەدەن خـــــراپتر لە مـــــار

دەروونی خراپ هەرگـیز چاک نابێ
هەمیشە چاوی لەخیـــــانەت دەبێ

نەفرین کەن‌لەوەی کەوا خائین بوو
دوژمنی گەل و نەیاری کـــــورد بوو

هەر وەفاداربن بۆ دلســــــۆزانتان
قەت لە یاد مەکەن یــاری باوانتان

کێ لە تەنگـــــانەکە پاک داوێن بوو

ناپاکی ناکـــــــا تواناشی کەبوو

هـــــەرکێ کە بکا کـــــاری ناڕەوا
قەت ســـەرناکەوێ خۆی دەبێ ڕیسوا

لەتەنگانەدا کێ هەڤالـــــــتان بوو
بزانن کەوا یـــــــــاری پاکتان بوو

ڕۆژگار دەورانەو هـــەردەم دەگۆڕێ
کێ کەخراپەی کرد دوایی دەدۆڕێ

بەقسەی چاپلـــوس و نەیارانی خۆ
قەت بـــاوەڕمەکەن بە دوژمنی خۆ

ئەوکەســـەی دوێنێ یاری دوژمن بوو
نابێ بەدۆستتان کەشکەســتتان بوو

لە ژێر کەوتن دا خۆ لە دەست مەدەن
لە ســەرکەوتنیش مەغرووری مەکەن

قەت نەکەن کەسێ لە خشتە ببەن
بەرپێنەی‌ناهەق وەبەرکەس مەدەن

هەرگیزپەیڤی‌خۆ بە کەم مەفرۆشن
وتە زۆر بکرن بە گران بیفرۆشـــن

لە ترۆپکی بلنـــــدو بەرزایی بژین
هەموو بلنـــــــــدێ ئارامە بۆ ژین

بە قسەی گەورەتر لە خۆتان بکەن
وتەی دایک وباو لە یادتان مەکەن

کارێ نکـــارن قەت وەری مەگرن
بەردێ ناتوانن قەت هـەلی مەگرن

دادوەری بکەن لە هەمـــــوو کارێ
بێ دادی مەکەن قەت تەنیـا جارێ

یاساپەرست بن لە گشت ڕۆژگارێ
یاسایی نەبێ مەکەن هیــچ کارێ

ئەمـــــانەی گوتم پەنـــدی ژیانن
بۆ ژیـــــرو زانا هـــــــەتوانی ژانن

ڕۆژگاری ژیان سـەخت و پڕ دەردە
ڕێگەی سەربەرزی والەدەسـت مەردە

هــــەرکێ کە زاناو وریاو ئاقل بێ
لە ڕۆژگـــاری دوون ڕزگاری دەبێ

هەرکێ وەرنەگـــرێ پەندی زەمانە
لە ژیان دۆڕاوەو هەر پەشـــــێمانە

پەندو گوفـــتارو پەیڤی پڕ لەسود
گەر وەری نەگرن‌لە ژیانتان مەردود

هەموو مرۆڤـێک بۆ دووری لە دەرد

دەبێ وەربگرێ پەند و پەیڤی مەرد

هەردەم سەرکەوتن لە ڕاستی دایە
ڕێبـــازی ڕاستی خۆشبەختی تیایە

گەورەو شـــــامێرو زاناو دانیشمەند
دەڵێن سەربەرزە کێ وەرگرێ پەند

هەرگیز بەچەوتی وچـەوێلی مەژین
باوەڕو هەبێ بە خــــــوداوو بە دین

وا مەبن کەوا بێ هەســــــت و بڕوا
ژیان بەبێ  ســودە وەک گومڕا بڕوا

قەت مەڕۆن لەدوای سەرلێشێواوان
گوێ ڕایەڵی کەن لە گەورە پیـاوان

نیشـــتمانی خۆ قەت لە یاد مەکەن
بۆقەومی خۆتان گیان قوربان بکەن

بەرزی و ســـەروەری لە پاکی دایە
کێ خیانەت بکا هەردەم ڕیســـوایە

لە گشت خەسارێ پەندێ وەرگرن
گەر پەند وەرگرن سەربەرز دەمرن

مــــــەردو مەردانە هەنگاوان باوێن
نامەردیمەکەن لەگەڵ پیس داوێن

هەردەم بەسەربەرزی بۆ ژین بخوێنن
وا مەکـــــەن کەوا خـــۆ بدۆڕێنن

بۆ ژیان بمرە بە ســــــەر فیرازی
مەژی بۆ مــــردن دوور لە شانازی

کێکە ڕابوردووی پاک وبێ گەردبێ
ناوی لەلیســتەی سەربەرزان دەبێ

کێ وەفــاداربوو هەردەم لە گەڵتان
لە بیری مەکەن لە هەمـوو وەختان

دلسـۆزی و وەفاکاری گشت مەردە
بێ وەفایی بوون کـــاری نامەردە

نەفرین لە درۆزن وبێ وەفاونامەرد
خــوایە کێ وابێ ژیانی پڕ لە دەرد

پڕ لە ئاوات و هیوای ســــبەی بن
هـــەرگیز بێ ورە وبێ بـاوەڕ مەبن

من کەوا دەشــــتی ئەحمەدم ناوە
بۆ کوردســـــــتانم دلم ســوتاوە

پەیمانم داوە بۆ نیشـــــــــتمانم
پەند وەربگرم و گیـــان بەقوربانم

ئاواتم وایە کە هەمـــــــوو کوردێ
پەند وەربگرێتن لە هەمـــوو دەردێ

تائێمەش خاوەن ســەربەخۆیی بین
دورە ژێر دەســـــتی نەیاران نەبین

یەکگرین هەموو بۆ نیشـــــتمانتان
نەوەستین لە ڕێی ڕزگاری بوونمان

ڕامـــان و بیرو هەست وبۆ چونمان
یەک بکەین هەمووبۆ کوردستانمان

تا کوردیش لەژین ســەربەخۆ نەبێ
هەر پەرێشـــان و مال وێران دەبێ

باڕابوردوی تال‌گشت بکەینەپەنـــد
تا چیتر نەژین لە چـــال و خەرەند

هەر پەند ورگرن هەر پەند وەرگرن
بۆ سەربەخۆیی کوردســـــتان بمرن
*

# سەرنجێک

پەند سەرچاوەیەکی تا بلێی مەزن و گەورەیە بۆ ژیانی مرۆڤ،وەرگرتنی پەند بۆ هەر مرۆڤێک مانای دوور بوونە لەگەڵێ نەهامەتی و ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەو گیرو گرفتەکانی ڕۆژگارانە،ئەوانەی کە لە ژیان دا هەمیشە پەند و دەرس وەردەگرن و هەرگیز ڕوو لە چەوتی و نالەباری و ناڕەوایی کردن ناکەن و ئەوان لە هەموو ناخۆشی و تالی و شیرینی ئەم ژیانەدا سەرکەوتن و ژێر کەوتنەکان دەکەن بە پەندی تەواوی هەلس و کەوتێکیان لە ژیانیان دا،چی کە خراپەیە وەلای دەنێن و نەفرینی لێ دەکەن وچاکەش وەر دەگرن،ئەوا ئەاونە هەمیشە خۆش بەختن و هەرگیز توشیان بە ناخۆشی ژیان نایەت و تا دەمرن سەربەرزانە دەژین و دوور دەبن لە خەم و ئازارەکانی ئەم ڕۆژگارانەدا،چونکە دەروون و ویژدانیان ئارامەو بۆ خۆیان،هەمیشە لەوەی کە دوور بووینە لە کارە ناڕەواو خراپەکاری دلنیان یارام ێ ئاسودەیە،هەر بۆیەکەشەکەمن ئەم پەندانەم ئاوابەو شێوەیە هۆنیتەوەکە جێگەی سودی گشتی بێتن،سەرچاوەکانی تەواوی ئەم شیعرانەشم وتەی گەورە پیاوان وفەیلەسوفان و مەزنانی کورد و جیهان و پەندەکانی پیشینیانی کورد و [هانیانیشە کەوا سودم لێ وەرگرتون و بۆ ڕۆڵە ئازیزەکانم و تەواوی خۆشەویستانم و هەموو کوردێکی ژیرو مەردم نوسیوەتەوە کەبیان کەن بە پەندو هەموو ئەندەرزو ئامۆژگاری و کردەوەی باش وەربگرن و سەرکەوتووبن لە ڕۆژگارانی ژیانیان دا،کەئەم پەڕتوکەم پێشکەش دەکەم بە گیانی پاکی کاکە ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ ئەو سەرکردە نەمرەی کە لەشۆڕشی ئەیلول و یەکەم ڕۆژی ئاوارەییمان دا تا ئەو کاتەی کەسەری نایەوەو بەتایبەتی لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەریمان دا لە ئێران ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ یارمەتی دانی مال و مندالانم بەبێ ئەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ داوایەکی لێ بکەم هەرگیز تا ئەو کاتەی کە مابوو لە یادی نەکرووین و قەت درێغی بۆ نەکردووین، ئەونیشتمانپەروەرو ڕابەرە مەزنەم لە ژیانی ئاوارەیی دا هەمیشە دلی ئێمەی دەداوەو هەموو هاوکاری و یارمەتیەکی مادی و مەعنەوی ئێمەی داوەو لە دووری وەلات و غەریبی دا هەمیشە دلی شاد دەکردین و ورەی بەرز دەکردینەوەو هەر کاتێ کە چاومان بەو هێژایە دەکەوت و دەچومە خزمەتیەوە هەمیشە وام دەزانی کە تازە لە دایک بوویمە،کەئەمە بۆمن جێگەی شانازی و خۆشەویستی هەتا هەتایەو هەرگیز لە یادم ناچێتەوەو لە ناو دل و

دەروویننشم دا قەت نامرێت و هەرگیز لە یادی ناکەم،ئەو سەرکردەیەی کە نمونەی دلسۆزی و زانایی وسەرچاوەی گەورەیی و وەفاداری و خۆشەویستی بوو،ئاواتی هەمیشە ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستان بوو،مرۆیەکی تا بلێی لێ هاتوو و بە تواناو ورەبەرزو مەتین و دوژمن ناس بوو،بەرامبەر هەموو کارەسات و تالی و ناخۆشیەکانی ژیان بەوپەڕێ ورەی بەرزەوە هیوای سەرکەوتنی کوردو کوردستان بوو،لە دوای ئەو کارەساتە مەزنەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن کاکە ئیدریسی نەمر هەمیشە باوەڕی بە سەرکەوتن و شاد بوونەوەو گەڕانەوە بە سەربەرزی بۆ کوردستانی ئازیزو خۆشەویستەکەمانەوە هەبوو،من لە ژیانی ئاوارەی و دووری وەلاتەوە هەر چەند جارێ کە چاوم بەو جوانە مەرگە دەکەوت،وەک بلێی تازە پەیوەندیم بە شۆڕش و پێشمەرگایەتیوە کردبێ وابووم،ئەو هەمیشەدلی هەڤالانی خۆی دەدایەوەو ورەی ئاورەکانی بە هێز دەکردەوە، کە تا کورد مابێ ناوی هەر زیندووە و قەت نامرێت و هەزاران سلاو و خۆشەویستی بۆ ئەو سەروەرە نەمرەمان.

هەروەها ئەم پەندانەم پێشکەشە بەهاوسەری خۆشەویستم دایکی مندالان کە هەموو تالی و ناخۆشیەکی ژیانی سالەهای سالی ناو ئەشکەوت و ژێر بۆردومان و سەختی و نالەباری و ناشادی ڕۆژگارانی سالەهای سالی پێشمەرگایەتی ناو شۆڕش و ئەو هەموو ڕەنج و ئازارو ژیانی نەهامەتی و ئاوارەیی و دەربەدەری لە مێژینەمانی لە گەل من دا کێشاوەو هەمیشە بەهەموو جۆرە ژیانێکی من لەو هەمووکات و ڕۆژگارە سەخت و نالەبارو پڕ لە ناخۆشیەکان دا بە دل و گیان ڕازی بووە و وەک دایکێکی ئازاو دلسۆز و بە وەفا و دل گەورە مندالەکانی سەربەرزانە پێ گەیاندووەو هەردەم ورە بەرزو مەتین و خۆ ڕاگر بووەو بەرامبەر بە هەموو نەبوونی و تالی و کوێرەوەریەکی ئەم ڕۆژگارە سەخت و نالەبارانەمان چ لە ناو شۆڕشی ئەیلول و چ لە ناو شۆڕشی گولان دا و چ لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری سالەهای سالمان دا سەربەرزانە خۆی ڕا گرتووەو هەمیشە خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەشمانی لە ناودل و دەرون دا ماوەتەوەو شوکرانە بژێر بووەو قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ناشکوری نەکردوە، هەر لە دوای کارەساتە شومەکەی سالی1975دا کەڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران بە هاوکاری دوژمنانی کورد خەنجەرێکی ژەهراویان لە پشتەوەڕا لە شۆڕشی ئەیلولی مەزدن داو بە سەدان هەزار کورد ئاوارەو دەربەدەر بوون و منیش لە گەل هاوسەرو تەواوی مندالەکانم یەکێک بووم لەوئاوارانەی کە کەوتینە ئێرانەوەو ئەو هەموو ڕەنج و ئازارو نەبوونیەمان کێشاو جارێکی تریش لەشۆڕشی گولان داو ئەمجارەش دیسان

کە لە بەختی ڕەشی خۆمانەوە کەوتینەوە ژیانی سەختی ئاوارەیی و دەربەدەری لە دوورە وەلاتان و بێبەش بوون لە ژیانی ناو وەلاتە شیرینەکەمان و دوور لە سیمای کوردستانی ئازیز و کۆڕی هەڤال و یارانی خۆشەویت و دیمەنە ڕەنگین و نەشمیلەکانی کوردستانەوە،ئەمجارە لە ئەوڕوپاو تائیمرۆ وا سەختی ژیانی ئاوارەیی ونامۆیی دچێژین واتە 36 سال دەربەدەری و ئاوارە بوون تا نوسینی ئەم چەند دێرە لە گەل تەواوی مندالان و هاوسەری ئازیزم دا ئازارو ڕەنج و نەهامەتی دوورە نیشتمان و خزم و کەس و کاران لە نامۆیی دا دەکێشین،کەئەمەش جێگەی شانازی و خۆشەویستی منە کەوا دایکی مندالانم بەوپەڕی دلگوشادیەوە بەربەرەکانی لە هەموو ڕەنج وناخۆشی  لە ناو شۆڕش و نامۆیی و دووری و نەبوونیش دا هەمیشە لە گەل من دابووە و هەرگیز نارازع نەبووە،،هەروەها پێشکەشەبە هەموو ڕۆلە ئازیزەکانم (**خوناو** خان و **ڕوناک** خان و کاکە **هیواو** **هەتوان** خان و کاکە **هیمن** و **هێرۆ** خان و کاکە **هێدی** و کاکە **هەلێر**)ەخۆشەویستەکەم کە دەمێکی زۆرەو لەوەتی هاتونەتە جیهانەوە لە ناو شۆڕش و ژیانی ئاوارەیی دا وەدونیا هاتوون و تا ئێستاش دوورن لە ئازادی و ڕزگاری کوردو کوردستان و دوورن لە باوەشی خۆشەویستی کەس و کاران و دوورن لە ژیانی ناو خزم و نیشتمانی خۆشەویستمان و بێبەش بووینەلە ژیانی ئازادی و سەربەخۆیی خاک و نەتەوەکەمان و دوور بوینە لەو هەموو جوانیەی  نیشتمانی شیرینمان و خۆشەویستی خزم و کەسانمان و چاویان بە دیمەنە جوان و شیرینەکانی نیشتمان نەپشکوتوە،چونکە ئەوان لەوەتی هەن هەر لە غوربەت و نامۆیی دا دەژین،منیش هەمیشە کە ئەوان دەبینم وا دوورە کەس و کاران و واری ڕەنگینن هەمیشە ئەسرینی غوربەت و دووریم زیاتر لە چاوان دێتە خوارەوەو تەنیا بەوە دلی خۆم دەدەمەوەو دەلێم سەربەرزم بەوەی کە لە ڕێگەی خاک و نەتەوەکەم دا توشمان بەو دەربەدەریی و ئاوارەیی هەندەران هاتووەو سەرمان بۆ دوژمنانی داگیرکەر شۆڕ نەکردووە کە ئەمەش بە شانازی و سەربەرزی ژیان لە گەل ئەم هەموو ڕەنج و میحنەتانەی دووریماندا دەزانم،ئێستاش هەر دورن لە هەلمژینی ئاوو هەوای پاک و شیرینی کوردستانی ڕەنگین  بێ بەشن لە دیداری کۆساران و دیمەنە ڕەنگین وچیا سەربەرزەکانی کوردستان و دەشتە نەخشینەکان و شاری هەولێری دیرینی زێدی باوک و باپیرانمان و هەموو شادی و خۆشی وەلاتە ئازیزەکەمان،کە لەوەتی هەن لە گەل مندا ئاوارەو دەربەدەرن و لە دوورە وەلاتان دادەژین ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی خاک و نەتەوەکەمانەو لە پێناوی ژیانێکی سەربلند و سەربەخۆیی کوردو کوردستانەکەوا بوینەتە نامۆو بێگانەی هەندەرانی پڕ لە خەم و پەژارەی غەریبی و

دەربەدری دا لە ژیانێ دا دەژین کە هەمووی بیانیە و غوربەتە،ئاوو هەوا و دارو بەردو هاکاروچیاو دەشت و شارو گوندو پەیڤ هەمووی هەر نامۆیەو هەرچی کە دەیبیسین و دەیبینین بیگانەن و دوورە لە شوێن و هەواری باوو باپیرانمان،هەر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەشین کە هەموو لە هەموو بە کوردستانە ڕەنگینەکەمان زێدی خۆشەویست و شوێنی حەسانەوەو ئازادی هەمیشەییمان لە هەولێرە نەشمیلەکەمان تێر تێر بحەسێینەوەو ئازادو سەربەست لە کوردستانێکی سەربەخۆ دا بژین و بمرین، هەروەها پێشکەشەبە دایکی ئازیزم کە ئەویش سالەهای سالە هەناسەی سەردو حەسرەت وخەمی دووری ئێمەی بەوپەڕی دلسۆزی و خۆشەویستیەوە هەلدەکێشێت وتا ئێستاش هەرچاوەڕوانی شادبوون بە ڕۆلەی جگەرگۆشەوخۆشەویستی خۆی دەکاتن و لە ژێر چنگی دڕندەکان دا هەموو ئازارو میحنەتەکانی ئەنفال و وێرانی و بۆمبی کیمیاویی وشەهید کردنی شاری هەلەبجەی شەهیدی تەحەمول کردووەو سەربەرزانە دژی دوژمنانی دڕندە هەر ماوەتەوەو چاوی بڕیوەتە ڕۆژانی ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی وەلاتەکەمان،هەروەهابەخۆشکانی ئازیزو بەڕێزم زاهیدە خان وساکینەو نەعیمەو برایانم موحەممەد وکەریم دەشتی و کاکە موئمین دەشتی کە ئەوییش لە ئاوارەیی ودەربەدەری لە گەل مال و مندالەکانی دا دەژین هەروەها بە هەموو خزم و کەس و دۆست و هەڤال و یارانی خۆشەویستم و نەوە شیرینەکانم سەرمەند و کاکە عەزیز و تەلان و تەلار و هاناو کۆسارو ڕامان و تەواوی برازاو خوارزایانی ئازیزم کە بە هیوام لە داهاتوو دا ببن بە کەسایەتی مەزنی کورد و کوردستان و خزمەت گوزار و دلسۆزی خاک و نەتەوەکەیان بن و وەفا دار بە نیشتمانی دلگیر و ڕەنگینمان بن و بەم زوانە هەموومان بەیەکەوە شاد ببینەوەو کوردستان سەربەخۆو ئازاد ببێتن و بەرەو پێشەوە بڕواتن،هەموویان ئافرەتان و مرۆیانی گەورە و مەزنیان لێ دەربچێت و جیگەی شانازی هەموو کەس و کاران و نەتەوەکەمان بن و بە ئاواتەوەم کە کامەران و بەختەوەر و شادمان ببن و هەرگیز میللەتی خۆیان لە یاد نەکەن و لە ڕێبازی کوردایەتی ڕاستەقینە هەمیشەهەر سەرکەوتووبن و بخوێنن و هەرچی کاری باشە بۆ میللەتی کورد لە کوردستان و لەم دوور وەلاتەوە وەری بگرن و دور بن لە ڕێبازی چەوت و دژ بە گەل و وەلاتەکەمان،هەرگیز وەدوای هیچ لایەن و سیاسەتێکی چەوت و نالەبارو دژ بە کوردایەتی نەکەون وهەمیشە نەفرین لە هەموو کردەوەیەکی خراپ و ناشرین بکەن و تەواوی پەندەکان لە گوێ بگرن و ئەوانەی کە ئاوارەن شاد ببینەوەبەکوردو کوردستانی لە هەموو شتێک خۆشەویسترمان.

ئەمەشم بە یادی ڕۆژی لە دایک بوونی کاکە هەلێرو ئەو ئاهەنگە بچکۆلانەی کە لە 3/31 /1999لەبەرلین لە گەل گەلێ لە دۆستانی ئاوارە وبرای ئازیزم کاکە موئمن و منداڵەکان و دایکیان ئەمەل خان کە بۆکاکە هەلێرمان گێڕا تەواوم کرد، هەر چەندە کە لە ژیانی هایم و وەزعێکی نالەباردا بووین بەلام کەمێ دلمان بەو یادەوە خۆش بوو کە لە گەل کۆمەلێ لە دۆستان و برادەڕانی تری ئاوارەم کۆبوینەوە و چەند ساتێکی شادمان بردە سەرو منیش ئەو چەند پەندانەم لەو ڕۆژەوە تەواو کرد کە لە بەر دەستان دایە، بە هیوام کەلە کوردستانێکی ئازادو ڕزگار و سەر بەخۆ بەم زوانە چاپیان بکەم و بکەوێتە دەستی تەواوی زارۆکانی کورد و خوێنەران و هەموو ئەوانەی کە حەز لە پەندی ژیان دەکەن و پەند وەرگرتینان لە ژیان سەرچاوەی خۆشی و بەختەوەری هەمیشەییانەو وا لێرەش ئەم شیعرەم کە بە ناوی بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە نوسیوەتەوە پێشکەشی دەکەم بە هەموو کوردێک و بە تایبەتی ئەوانەی کە بیر لە هاتنە دەرەوە دەکەن،بە هیوام کە توانیبم کارێکی بچکۆلانە ئەنجام بدەم و خزمەتێکم بە کوردستانی ئازیزی خۆم کردبێ لە گەل ئەوپەڕی خۆشەویستی و ڕێز و سوپاسم بۆ هەموو کوردێکی دلسۆزو نیشتمانپەرو خوێنەرێکی ئازیز هەیە.

ئەحمەد دەشتی

بەرلین

## بەرد لە جێی خۆ سەنگینە

چوومە دەرێ بەیـــانێ
لە پارکێ دیتم جــوانێ

پەشـــــــۆکاو و خەمناکە
سیماى زۆر ترســـــناکە

کە زۆر لێی ورد بوومەوە
هەر زوو لاوەم ناسیەوە

هاوەدەمی یەکبووین لەزوو
هاوڕێ بووین پڕ ئارەزوو

لە مەکتەب و لــە حوجرە
دەمان خوێندلە یەک دەورە

لە شاروشاخوێکڕا بووین
سالها هەڤال و برا بووین

هەستی بلڵــند و پاک بوو
دلسۆزی خەڵکوخاک بوو

بە کوردی پەتی و ڕەســا
شیعری دەنوسین ئەوسـا

وره بەرز و گەش بین بوو
ڕۆشـــەنبیر و مەتین بوو

دەیگۆ مــــــرۆ بۆ ولات
دەبێ گیان بکا خـەلات

ئازاو نەتـــرس و ژیر بوو
چقلی چاوی دوژمـــن بوو

پڕ لە تواناو هوشـــیار بوو
خاوەن بیـــــرو باوەڕ بوو

پێشمەرگەی کوردستانبوو
نەترس و زۆر ئـــــازا بوو

چەند سـالێ وا لەمەو بەر
وێکڕابوین لەیەکسەنگەر

دییتم زۆر پەرێشـــــــانە
تەژی خـــــەم و گریانە

چاوم کە پێ کــەوت ئاوا
ڕەنگ گۆڕاو و بـــێ نەوا

دیار بوو لەم غـــوربەتە
دەروونی وا لەتلـــــەتە

دلم پڕ بوو لە گــــــریان

لە نامــۆیی و لە دووریان

چی بریـــــــنمە کولاوە
هەمـــــــوو ژانم بوژاوە

هاتەوە یـــــــادم جاران
بیری دۆســـتان و یاران

ئەو دەمەی کەئازاد بوین
لەئەشکەوتوشاخان بوین

دل ئاوێنـــەی بەرزی بوو
پڕ ئارەزووی شـــادی بوو

بە ئـــــــــاواتی ڕزگاری
دەژیاین بۆ کـــوردەواری

باکمـــان لە دوژمن نەبوو
گیانمان بۆ نیشـــتمان بوو

کەلاوەم دیت دل بەخەم
دەروونی پڕ بوو لە تـــەم

غوربەتم زۆر هەلســـتا
ئاو لە چاوم نەوەســـتا

پرســــــیم گوتم براله
ئەتۆو ئێـــرە و ئەم حالە

شێـــوەت دیارە ئاوارەی
نامۆوغەریب لەم شارەی

دیارە کە خەمبــــــاری
مەلول و لێــــو بە باری

ئاوڕێکی لـــــێ دامەوە
گشت زامی کولانـدمەوە

گۆتی برای دلســـــوزم
من لێرە دوورە هــــۆزم

بێ کەس و دل بریـــانم
غـــــەوارەی پڕ گریانم

کەوتویمــــە خاکی نامۆ
جەرگم پڕ پڕە لە ســـۆ

دەربەدەر و ئـــــاوارەم
دوورلەخزمان لەم شارەم

لەم گولخـەنەدوور دوورە
دەژیم دل وەک تەنوورە

چەرمەسەری وبەدبەختی
هاوڕێمە زۆر بە ســەختی

ئەوا وێـــــل و ئاوارەم
دوورلە خــزمان بێچارەم

جەســـتەم تەژی برینە
زۆر بێگـــانەم لەم ژینە

زمــــان لال و بێــزارم
زۆر دل پــڕم و بێ یارم

ئۆقـــــرەم نەمــاوە لێرە
گەر دلم شـادکەی خێرە

دێتــــــــەوە یادم جاران
لە گەل هەڤــال و یاران

چەنددلشادوبێ خەم بوم
کەلای خزموکەسان بوم

شادبووین لەچۆم و یالان
لە چیاو زورگ و قەدپالان

هیــوامان چەند بەرز بوو
کەژیان قـوربان ئەرز بوو

من و تۆ کە وێکـڕابووین
ئەوسا خاوەن هیوا بووین

لە ئەشکەوتی سەردیمان

چــەند بەرز بوو هیوامان

کە دەنگی زولالی کــورد
ببوە هیـوای دروشت ورد

دلمان تەژی شادی بوو
نیشـــتمانمان مەرام بوو

بۆسەربەرزی کوردستان
خڕگیانمان لەسەردەستان

خـــۆزیا ئەودەمە مردبام
نەم دیـــــبا لێرە وەبام

وا دەم بیـــنی کە چۆنم
مەلـــوول و مات و مۆنم

نە شــادیم ماوە نە ژیان
لێـــــرە چاوم پڕ گریان

هەموو شـــــتێ نامۆیە
بۆیە دل ڕەنجـــــەڕۆیە

ئەوا ئێســـــتا لێرانە
زامی دلم گـــــــرانە

نە شـادیم هەیە نە ژیان
ڕۆژگــــارم بویتە گریان

وەبیـــــرمە جاری جاران
لە دەشت وشاخ وسەران

ژینمان ســەرفیرازی بوو
دلمان پڕ لە شـــادی بوو

ئێستاش‌لەدوری وشاران
وەک مردومە بێ یــاران

دین و ڕەوشــــتی بیانی
قەت نابتە کامــــــەرانی

هەرچەند تانەیخۆم دەدەم
زیاتــــــر ورە بەردەدەم

وا لێرانە وەکو شـــــەم
دەتوێــمەوە من بە خەم

ســـەرگەردان و ئاوارەم
دلبــــــرین پارە پارەم

شـــێت و شەیدام لێرانە
ســــەیری دڵ پڕ گریانە

دیدەم‌هەروەک جەیحونە
دەریایێ گـــــریەو خوونە

چـــــاوم لە لانەی خۆمە
لێرە ژین ڕەنجــــــەڕۆمە

واری خۆم چەندە خۆشە
دلم بـــۆ وێ پەرۆ شـــە

هەرچەنددەکەم ناحەسێم
لەم غوربەتە ناوەســـــێم

پەشـــــێمانم کە هاتووم
وا لێرە وەکو مـــــــردووم

نازانم بــــــۆچی وام کرد
قوڕم وەسـەر سەرم کرد

دایکم چـەند گوتی مەڕۆ
دوایی دەبـــــی ڕەنجەڕۆ

بۆچی خـــاک بەجێ دێلی
وا دەڕۆی بــــــەرەو وێلی

غـوربەت گران و سەختە
کێ نەیبینێ خۆش بەختە

مردن لە گەل کەســـانت
بەرز ترە لــــــــەم ژیانت

باوکیشم گــــــوتی گیانە

مەڕۆ لەم کوردســــــتانە

هەوار بەهەشــــــتی ژینە
دووری خاک پــــڕ گرینە

مردنت لێـــــــــرە بوێ
ژینی نامۆییت نـــــــەوێ

هەرچی گوتیـان وەبام دا
ژیانم لە دەســـــتی خۆ دا

گوێم نەدانێ نەزان بووم
لاوێکی هــــەرزەکاربووم

هەرکێ دوورە کەسـی بێ
ڕاستە ئاســـــــودە نابێ

غوربەت زامی زۆرگـــرانە
بێگانە بوون گـــــــریانە

بەردلەجێیخۆی سەنگینە
ژیانی دووری خەمگـــینە

قسەیئەوانخرڕاست بو
هەمووی پەندی بەها بوو

هــــەرچی گوتیان خۆ وایە
پەشـــــــیمانیم لە دوایە

کێبەقسەی گەوران نەکا
هەر ئـــاوا زەرەر دەکا

پەند وەرگرتن شـــیرینە
بۆ مرۆ ئاوێـــــنەی ژینە

وا لــــــێرانە گرینـــم
بویتە هاوبەشی ژینـــم

هەرچەنددەکەم ناحەسێم
برا لـــێرە ناوەســێم

دەستم بە هیچ کوێ ناگا
مەرگـــم هاتووتە ڕێگا

زۆرسەهوومکرد لەم کارە
گرفـــــتارم ئەمجارە

هەرکێ نامۆی دووری بێ
برینی هــەتــوان نابێ

قەت ئۆخـەی لە خۆ ناکا
خەم وجـــەفا بار دەکا

منیش ئەوا لێـــــرانە
ژانی زامـــــم گرانە

ئێرەم بۆ بــــــــــیانیە
خاک و ڕەوشی خـۆم نیە

کەمن لە وەلاتم بـــــووم
بێ ژان وزام وخەم  بووم

دل ئاوێنەی شـادی بووم
کەقوربان‌خاکی‌خۆم بووم

ئارەزووی  بەرزی دڵـــــم
زۆر گەش‌بوو لەڕێی گوڵم

چەندە هیـــــوام بەرز بوو
چەندم شـــایی بە خۆ بوو

کەلەشاخ‌پێشمەرگە بـوم
ئای‌دلخۆش‌وبێ‌وەی بوم

سی‌مای جوانی‌خاکی‌خۆم
چەند دلگیرە  کاکی خۆم

کوردستان‌وەک‌بەهەشــتە
زەنورێرو چیاو دەشــــــتە

هەر زێــــــــدی باوکە مرۆ
لێی‌شاد دەبێ ژین‌بێ سۆ

وەبیرمە کە ئـــازاد بووین

لە کۆسارو شاخان بووین

چیمان دەگوت ئەوساکە
چۆن بیـن لە بۆ ئەو خاکە

دەمانگوت گەر ڕۆژێ بێ
کوردستان سەربە خۆ بێ

ئەوسا بەسەربەرزی ژیان
دەژین لە ناو کوردسـتان

کەچی ئێســتا لەم دوورە
جەرگ ودل وەک تەنوورە

ئاســـــۆم لێل و تاریکە
ژان و ڕەنجم شــــەریکە

پشـــــووی ژیانم نەماوە
خەســـــتەم دەنگم بڕاوە

لەم غوربەت و لەم خاکە
دل هەمیشــــە خەمناکە

نامۆیە هـــــەرچی هەیە
خەمخــۆری بەشی مەیە

نەخـــواردنم خـــواردنە
بیــــــانی بوونم مردنە

شادیم بە هیچ شت نایێ
ســـــــەبرم لێرانە نایێ

سـییمای دووری و جوانی
شــــــاد ناکا دلی بیانی

گشت تەلارو جوانی شـار
لێـــــرە بۆم بویتە هاوار

نە شــــارم شاری خۆیە
نە کەسم کەســـی خۆیە

بەزمانی شــــیرینی خۆم
ناکرێ بکەم داوای خۆم

شەوق‌وبریقەی‌پێشـکەوتن
لێرە بــــۆم بویتە مردن

چی دەبینــــــــم نامۆیە
بۆ من گشت زام و سۆیە

هــاکار و دانس و ستران
هەمووی بۆم بویتە گریان

کولبە قوڕەکەی جــاران
سەدکۆشکی‌بێ‌بە قوربان

بەستەو گۆوەندو حەیران
چەندشادبوم‌لەگەڵ‌یاران

ئێـــــرە بۆ من گولخەنە
هەرنیشـــتمانم گولشەنە

هـەرچەند چاوان دەگێڕم
نەفرین بۆ خــۆم دەنێرم

وەدی ناکـەم تاویَ ژین
وا دەمـــرم بە دلی برین

شاییم بە هیـچ شت نیە
دلم لێـــــــــرە مردیە

من کە هـــــاتوومە ئێرە
وا ڕووم بەرەو هـەلدێرە

گـــــــــەر چیتر لێرانە بم
هەپڕوون بە هەپڕوون دەبم

بە قسەی گەورانم نەکرد
بۆیێ تامی ژەهـرم کرد

هاتم بەرەو هەنــــدەران
بوومە غریب لە شــــاران

لێــــــــــرە ژیان بەلایە
هیـــچ بە کەلکی مە نایە

ئەم ڕەوش و ئەم عادەتە
بۆ ئێمە هـــــەر نەگبەتە

کەس بەدادی کەس نـایێ
شاییت بە هیچ شت نایێ

نـــەم دەزانی ئێــــرانە
زینـــــــدانی دوور یارانە

هــەرکێ کەوا هۆشی بێ
وێلی وەلاتان نابــــــێ

گەرچارەیەک من نەکەم
مەرگی خـۆم دابین دەکەم

شێت و شەیدای خزمانم
سەر شـــێواو دل بریانم

یــــارو یـــــاوەرم نیە
کار و کاســـــبیشم نیــە

ئیش‌کردنیش لە فلــۆ(1)
دڵی پڕ کردووم لە ســـۆ

دەبـێ زەوی گەسک دەم
دەستلە پیسایی وەردەم

ناخۆشــتر لە گشت شتێ
گوسەگ دەکەوتە مشتێ

دەبێ هەمووی بمـــارم
کارە ئاخـــــر ناچـارم!

گشت کارێ دەبێ بکەین
چی پیسە خاوێنی کەین

کەی لە لانەی خــۆم ئاوا
ڕەزیل و ســوک و ڕیسوا

لە گشت شتێ بێ بەشم
لە دووری سەر بە هەشم

کار هەشبێ لە بۆم ناکەن
هەمووخێسەم لێ دەکەن

والەم جەڕمەنســـتانە(2)
دلم ڕوو لە وەســـــتانە

لە ئیشی باو شـــتێلە(3)
چــــــاوانم لە تۆز لێلە

کارێکی ڕەش و(4)سەختە
کارگەر تیــــا بەدبەختە

قاپشوشتن لەچێشتخانە
یـــــان لە بارٍ و مەیخانە

خزمەتیش لە هـــوتێلان
کەمێ چێتـــرە لە مالان

دزگری(5)و پاســـــەوانی
کـــــارە لە بۆ بییــــــانی

ئەم کارەش زۆر خەتەرە
دز گری بەلای ســــــەرە

ئەوانەش دەست ناکەوێ
واسیتەو خـــەلکی دەوێ

پێمدەلێن ئاوسلەندەی(5)
دەبێ دەستلێرە بەردەی

من ئـــــاوا زێدی برینم
ســـەیری چاوی پڕ خینم

بۆخۆم ئەنـدازیارێ بووم
خاوەن ژین و کارێ بووم

لە هیچ شتێم کەم نەبـوو
ئەوەیکەنەم بووخەم بوو

خانوو قەسری زۆرجوان

بەجێم هێشت پڕئەرخەوان

لەگەل دایک وخوشک وبرا
دونیام ڕون بوو وەک چرا

لێرەش وا سـەر گەردانم
نا ئاشـــــــنا لە ژیانم

نە لانەو خـــــاکی خۆمە
نە هـــــەواو پارکی خۆمە

بیـــــــانیم و بیـــــانیم
من ئاشـــــــنا بێرە نیم

غەریبە چی دەبـــــــینم
بۆیەکە دل بریـــــــــنم

کـــــــارم نادەنێ بیکەم
ناچار بە ڕەش کار دەکەم

پێـــــم دەلێن مافت نیە
کاری ڕەسمیت بـــۆ نیە

ڕاوسڕاوسم(6)پێ دەلێن
واتێ بێـــــــگانە هەلێن

من دەژیم لە (7)لاگەرێ
هەر وەختـــە گیانم دەرێ

لەناوهایمی(8)پڕ نیگبەت
جەرگم وا بووە لەت لەت

شێفێکی(10) لێ یە نامـەرد
زۆرعەبووسە دل وەک بەرد

کابـــرایەکی مل چورچە
نوقمی خـــەناوکە و پرچە

ئەو دەست کوتراوەسیسـە
تا بلێی بلح و پیســـــــە

ســـــەر ژنانی قژ درێژ
دەبەنگ و پیس و قـڕێژ

گوارەی لە گوێیـــان دایە
لوت کونە ئەلقـەی تیایە

مێوانێــکم کە بــــۆدێ
شێف(11)چـاوەکانی دەردێ

وا دەزانـــــی مـــرۆ نین
چونکە ڕەگـەزی ئەو نین

دەلێتن ئاوســـــــلەندە
دەبێ بـــڕۆن لەم هەردە

سـوسالیش(12)زامی گرانە
شـــەرم دەکەم لەم ژیانە

کە دێتـــــــــەوە ترمینم
بۆ ســـــوسی‌ال دادەمینم

ژەهـــــرم بخەنە ناودەم
نەک سەر لەسوسیال بدەم

ژنێـــکی لێ یە دێـــــزە
هـــــــەتا بلێی بێ ڕێزە

ئافرەتێکی زۆرســــەیرە
موزەبزەب دەلێی تەیـــرە

بەهانەم پــڕ پێ دەگرێ
دەلێ هیـــچ بۆ تۆ ناکرێ

زۆر دژ بە بێگـــــــانەیە
هـــــــەر دەلێی ڕەبابەیە

تاکارێکـــــــــم بۆ دەکـا
جـــەرگ و دلم کون دەکا

دوێنێکە چوومە سوسیـال
لێم مـــۆڕ بۆوە پرچ کال

زۆربەسـوکی و چاوی بەد
وای پی گوتم کورتە قەد

هەستە زوو وەدەر کەوە
برۆ دەرێ وەرکـــــــەوە

زۆر زگم بە خۆ ســــوتا
غەریبیم زۆر هەلســـتا

چەند ســـعات چاوەڕوانی
ئەوســــــا گوتی بەیانی

گـــەر کارێ پەیدا نەکەی
ژیان لە خـــۆ تال دەکەی

گوتم من کەس ناناســـم
بچم لە کوێ بپرســـــم

گوتی پرۆبلێمی(12) خـــۆت
چارەســـەرکە تۆ بەخۆت

ئێمە ناتوانین چی بکەین
هیچ کارت بۆ پەیداکەین

گوتم ئاخـــــر غــــەوارەم
نامۆو بێکەس لەم شارەم

منیـــش مرۆم لێــرانەم
خاوەن هەست و بێگانەم

تۆ هـــــەولێکم بــــۆ بدە

جێیەکم نیشـــــان بدە

تا داوای کـــــاری بکەم
کەمێ ســـەر ئاسودەکەم

وا بکە کارێکم هـــــەبێ
تا کەمی خـــەمم کەم بێ

ئەوســـــا ببڕە سوسیالم
هەرگیز مەپرســـــە حالم

گەلێک لێی پـــــاڕامەوە
وەرامی نــــــەدامـــەوە

زۆر بەهـــــانە پێ گرتم
هیچ ڕێـــــزی لێ نەگرتم

زۆری قیژاند وەســـــەرما
هــــــەر واقم لەوێ وڕ ما

پێی خۆشە چاوی دەرچێ
غەریبە بـــــۆ لای نەچێ

لە ژوورەکەی هاتمە دەر
هەرگوێی نەدامێ دەغەر

گەلێ بیـــــــرم بۆ هاتن

زامم لێ وەژان هـــاتن

هـەزار دەرد وهەزار خەم
بەرچـــاوانم لێل و تەم

گەلێ دەردی باس کردن
هەمووی نەزێکی مـردن

ڕەنگی هـــەلبزرکاو بوو
فرمێسکی پڕ چـاوان بوو

دیاربوو گەلێ بێـــــزارە
هەناســـەی ژاری مارە

ئاهی ســـەرد و گریانی
دیار بوو لە چـــــاوانی

بە چاوێکی پڕ گـــریان
ڕووی تێ کردم گوتی گیان

دلم پڕپڕ حەســـــڕەتە
وا دەمرم لەم زیللـــەتە

چی بکەم ڕزگاربم لێـــرە
گەر چـــاکەم بلێی خێرە

منیش زام کـــــولامەوە
لە داخ خـــەم بوورامەوە

گوتم هەڤـــــالی دوورم
منیش وەک تۆ بێ نوورم

چی وەشـــــێرمەوەلێتان
دل کولتـــــرم لە ڕێتان

هــەزار دەردو بەلاو خەم
جیهـــانم لێ بووە بەتەم

دەردی من گـــــــرانترە
فرمێســـــکی من زێترە

خاوەن مال و منـــــدالم
لە تۆ بەد تــــــرە حالم

هـــــەزار ڕەنج و پەژارە
لە دلی منی هـــــەژارە

هەر گوتم زوو دەچــمەوە
لێـــــــــرانە نامینمەوە

ئەمڕۆ و ئێسـتاو سبەینێ
وا ژینـــــم لە بن دینێ

نەمـــــــالم ماوە نەحال
دێوانەم لە دەست مندال

لە ڕووم  نایێ بچــمەدەر
دل پڕ لە ژان و کەســەر

هاوســـــەرم لێ تۆراوە
ســەد مەرجی بۆم داناوە

ناوێـــرم فززەی بکەم
هیچ باسی ئابــڕوو بکەم

زۆر هەنجەتم پێ دەگرێ
گوێ لە قسـانم ڕا ناگرێ

دەڵێ دەبێ وا بکـــەی
دانس وسـەمام بۆ بکەی

ئەوهەستەی کەمن هەمە
پێــــیان وایە ســتەمە

دەبێ بچمە سـەر دینیان
هاودەم بم لە گەل ژینیان

بۆیە ئێــــرە دۆزەخە
مەرگ گـــرتوومی یەخە

کوڕم گــوارەی لە گێ دا
بەدبەختی وا لە ڕێـــی دا

ســـــەر ژنانی بێ بڕوا

بە لەنجـەو لاریش دەڕوا

قاقـــۆلی قیـــت و درێژ
هەردەم وڕەو سەری گێژ

نەخوێنـــدن تەواو دەکا
نە دوا ڕۆژ ڕەچـــاو دەکا

هیچیان بەگوێی من ناکەن
هەرچی بلێـــم ڕا دەکەن

دەچنە لای یوگنـد ئەمت
دەبنە پەژارەو خــــەمت

لەوێش دەیان شـێرنەوە
نامەرد نایان هێـــننەوە

بێ دەست و دەســەلاتم
مەرگ بوویتە خــــەلاتم

کــچ ڕۆیـــــیوە بەلایێ
کوڕ لەمـــال دەنگی نایێ

گشت وا مالی خۆ دەکەن
منی باوک دەردەکــــەن

هاوســــــەرم زۆرگۆڕاوە
وەکـــو جــاران نەماوە

دەڵێت منیش دەچمەدەر
بۆسەماو دانس و وســەفەر

بۆ خۆم دەژیم بە تەنـــیا
لێرە لێت دەبم جــــــیا

هــــــەڵۆ هەڵۆ دەکاتن
پۆلیســـــان بانگ دەکاتن

کلێلی مـــــالم دەگۆڕن
لە قســـەی خانم دەنۆڕن

خۆ هیـــچ ویژدانیان نیە
کار کـــــاری ئەجنەبیە

واڵێـــــــــرانە ژین تاڵم
بــــــرا ئەمەیە حـــالم

کەلتور و فەرهەنگی خۆم
لێم بویتە دوژمنی خــۆم

هەموو ڕەو ش و عادەتم
گـــــۆڕاوە پڕ نیگـبەتم

کـــورم بە لایـــێ دەڕوا
کچیش ژیـانی بێ پەروا

شـــــەوان  هەتا بەیانی
خـــــەو لە چاوم ناڕوانی

چـــاوەڕێی دەرگا دەکەم
تا مــــندالێ وەدی بکەم

نە ئاوازی شـــــادی دێ
نە دەنـگی  دوا ڕۆژم دێ

منــــــدالم  بە هیچ نابن
ڕێگە نـــــادەن کە چابن

لێـــــــرە خەلکی بێگانە
ســــووکە لە لای ئەمانە

دێتــــــــــەوە یادم ژیان
لەوســــەردەمی نیشتمان

چەندشادبوملەواری خۆم
لەگەلخزم و کەسی خۆم

شـاییم بەگشت شتێ بوو
مندالم لێ جیـا نەبـــوو

لە گەل هاوســـەرو مندال
سەربەرزوشادبوین لەمال

هەمو هاودەمی یەکبووین

قەت وەکو ئێستا نەبووین

شادان وخەندان دەژیاین
نەوەک ئێستا پڕ خۆزیاین

مندال گوێ ڕایەلم بوون
ئای بەحەیاو شەرم بوون

وێکڕان‌لەسەریەکسیفرە
نانمـــان دەخوارد بێ قڕە

ژینمان ژیانی شادان بوو
ئەوســـــا دەلێم ژیان بوو

لە ژێـــــــــر بۆمبای ناپالم
گەلێ خۆشـــــتر بوو حالم

بن بەردو ئەشـکەوتی خۆم
دلشـادتر بوو برای خۆم

ئەشکەوتەڕەشەی جاران
بە هەشتێ بوو ئەی یاران

لەوێ‌شادوخەندان‌بووین
سەربەست‌وکامەران بووین

مامە ڕووت و ســــــورەبان
وەک بە هەشتن بـۆ ژیان

دیمەنی چـــیای سەفین
ڕەنگینە لە گەل حەمـرین

کوردســــــــتانی برینم
زێدی کەســـــان و ژینم

چەند دلگیرو نەخشـــینە
هەردەم دلم بۆی دینـــە

تا دوور نەبی لە هـــەوار
تۆ هەست ناکەی بەهاوار

ئێمەش ڕۆژی ڕەش ودوون
هاتە پێشمان بووین زەبون

من نەمدەویست کەوا بێ
ژینم هـــەردەم بریا بێ

ڕۆژێ فـاتەی خال حاجی
هاتە مێوانمـــــــان باجی

هەردەتگوت جنــــۆکەیە
ئەو فــــاتە عەنتـێکەیە

کراســـــێکی لە بەر بوو
وەک بوکۆکە ســـەیر بوو

دەیگوت مۆدیلە ئەمـــە

درێـــــــژتر لەمە کەمە

هەرامەیهەموی دیار بوو
وەک فاتەی جاران نەبوو

ئەوکات گۆتمە خێــزانم
بۆچ وایە فاتە خـــــانم

شـــەرم و حەیای نەماوە
گشت ئابـــــڕوی تکاوە

زۆر ڕوت وقوت بوو فـاتە
هەر دەتگــوت عاجیباتە

جەستەیهەموی دیار بوو
سەری کۆت وعوریان بوو

من ئەوسا دلم توند بوو
کە دیـــــم فاتە ئاوا بوو

ســـەیرم دەکرد گۆڕاوە
وەکو جـــــاران نەماوە

دەتگــــوت بزنە گوڕوە
عەیب و عـاری دەرچووە

دەیگوت من لە وێندەرێ
شەوانیش دەچمە دەرێ

ژیان لە وێندەر شــــادە
هەموو کەســـێک ئازادە

ئەورووپـــایە جێی ژیان
کێ نەیبینێ پەشــــیمان

ژنی نەعلەتی هاوســــەر
ئەورووپای کەوتە ناوسـەر

هەردەم پند و بۆرەی بوو
ئەورووپای لە ناو سەر بوو

هەستام‌بەقسەی‌ئەومکرد
قورم وەسەر سەرم کرد

هەموو ســەروەتی ژیانم
دانا لە ڕێی نەمـــــانم

هەرچی خانوو بەرەم بوو
فرۆشتم بەقسەی ئەو بوو

بە هـــەزار ڕەنج و ئازار
دوور کەوتمەوە لە هـەوار

لە قاچـاغی ورێی سەخت
زۆر نەمـا بوو بەد بەخت

لە دەریـــا ون و وێل بین
خۆراکی حوتی بۆر بیـــن

گەلێ لەوانـــــەی هاتن
خنکان گشـــتیان نەهاتن

خۆزیائێمەش وەک ئەوان
ونابین لەناو دەریای وان

قـــەت ئاوامان نەدیبا
ژیانی ئێســـــتامان وابا

هـــاتین زۆر ڕێمان بڕی
کەویە بەفـــرانمان دڕی

شەو لە چۆم و جەنگەلان
بڕیمـــــان دۆل و تەلان

قاچاغچی و کەلەکبـــازان
هـــاتن هەر وەک بەرازان

بردیانهەرچیهـــەم بوو
هێشتاندەیانگوتکەمبوو

قاچاغچیشـــــم دەناسی
ئێستاشهەردەکەم باسی

قســـەی زۆر زلی دەکرد

بەردی ڕەقی نەرمــە کرد

تەنیـــــا چاو لە پارە بوو
کەڕامەتی هــــــەرنەبوو

گەلێ فێــلی لێ کردین
نامـــەرد زێریشی بردین

دیـــــــار بوو کەلەکبازە
ئەو ســــــەگبابە بەرازە

ئەگــەر بێت و ڕۆژێ بێ
دەبێ سنگێک بۆ ئەو بێ

ئێمە لێرەولەوێش بـووین
بێچـارەو ڕەنجەڕۆ بووین

زۆر پەشـــێمانم هاتووم
هــــەروا دەزانم مردووم

بەلام هــــــەر دەڕۆمەوە
چارەیەک دبینـــــــــمەوە

ئەمڕەنج وئەم میحنەتەم
لادەبەم ئەم زیللـــەتەم

خانوەکلە قوڕساز دەکەم
خـۆم قوربانی وار دەکەم

قـــەدری عافیەت دەزانم
دەبمــــــە پەندی گریانم

لە ڕێگـــەی خاکی جوانم
تێ دەکۆشـــــــم تا مانم

هـــــەروەکو جاری جاران
دەبمە پێشمەرگەی یاران

بۆ خـزمەت بەخاکی خۆم
تێدەکۆشــــم برای خۆم

ژینـــــــــم لێرە برینە
هەمـــووی گریەو نەفرینە

دەڕۆمەوە نیشـــــــتمان
بە دلێکی پڕلە ئیـــــمان

خاکی خۆم دەلێســـمەوە
شـــــادی ژینم دێنمەوە

مردن لە گەل کەســـانم
خۆشـــــــترە لەمە ژیانم

بـــــــرا خـۆ تۆ جەوانی
هەرچی بکەی دەتـــوانی

تۆی ڕەبەن بێ مـــنالی
پێی نـــــاوێ ژیان تالی

هەســــــتە بڕۆوە وەلات
ژیان بۆخۆتکەخـــــەلات

لێرە گەسک وقاپ شۆری
دەت فەوتێنی خەمخۆری

بەمجۆرە سووک و چروک
بێگانەلێت دەکـەن تووک

هەر لەخاکی نیشـــتمان
شـــاد دەبێ دل و ئیمان

چەندخۆشەهـەواری خۆم
لەگەل قەوموکەسی خۆم

لە تاو هــــەولێری چاوم
لێرە مردووم نەمـــــاوم

ئای دوری چەندەسەختە
کێ لێی بژی بەدبەخــتە

نەفرین لە نامــۆیی ژین
لە ئەوڕوپای پــــڕ برین

هەرچەند لێرەبین سەختە

کێ بژی وا بەد بەخـــتە

کەلتوری ئەم  فەرهەنگـە
لە بـــۆ ئێمە زۆر  نەنگە

لێرە تـام ناکەین لە ژیان
هەروا دەبیـــن دل بریان

هەســـــتە ناوی خوا بێنە
خۆت ڕزگـارکە لەم ژینە

بڕۆوە  ناو نیشــــــتمان
پەند وەرگرە لە زیـــــان

بلێ بە هەمـــــــوو لاوێ
قەت نەکەن بکەونەداوێ

پەنـــــد وەرگرن لە ژیان
دووربن لە خـەم و گریان

وەلات گەلێ  ڕەنگینـــــە
هەوار بۆ مرۆ جێـــی ژینە

قەت  مەبە وێلی شـــاران
هەر بژی لە گەل یـــاران

مەرگ لە ناو خـاکی خۆت
چێتر لە ژیانی نامــــۆت

بەردلەجێیخۆی سەنگینە
بادەی ولات ڕەنگیـــنە

هەرکێ ژیـــرو ئاقل بێ
قــەت وێلی دووری نابێ

بلێ نەفــــرەت لە دووری
لە ژیانی بێ ســـەبووری

ئەمە پەندی ژیــــان بێ
با ســـەروەریت لەدوا بێ

بمرە لە واری شــــیرین
مەژی لە دووری بـــرین

غــــەوارەیی نەمـــــانە
بۆخـــــۆی مەرگی ژیانە

مانای چەند وشەیەک.

(1)فلۆ:کورت کراوەی فلۆ مارکێتە،ئەم شوێنە وەک دەرارخانەی لای خۆمانە بەلام بە شێوەیەکی گەورەتر و لە بارتر لە هەموو ڕویەکەوە،شتومەکی نوێ و دەستی دووی لێ دەفرۆشن و هەمو ڕۆژانی شەموو و یەکشەمە لە شوێنی تایبەتی خۆی دەکرێتەوە.
(2)جەرمەنستان: مەبەست وەلاتی ئەلمانیایە.(3) باو شتێلە:مەبەست کارگەریە لە خانو دروست کردن و پاک کردنەوەی کەل و پەلێ خانوو لە کاتی تێکدان و دروست کردن دا کە کارێکی زۆر سەخت و ناخۆشەئەمەش بە ڕەش واتە بەبێ ڕوخسەتی دەولەت کاری تیا دەکەن واتە نا یاساییە کە زۆر جار پۆلیس دەیان گرن و جەزاشیان زۆرە.(4)کاری ڕەش :بەو کارە دەلێن کە بەبێ ئیجازەو ڕوخسەتی دەولەت دەیکەن و قاچاغەو مافی ئەو

کار کردنەیان نیە،کەسێ لە سەر ئەم جۆرە کارە ڕەشانە بگیرێت جەزای زۆرە و توشی بەلای یاسایی دەبێت.(5)دزگری: پاسەوانیە لە کەل و پەلی دوکانە گەورەکان دژی دزان ،چونکە دز یەکجار زۆرە و ئەوەی ئەم کارە دەکات زۆر جارتوشی گیرو گرفت دەبێت لە گەل دزە نوقۆراکن و چەقۆیان بەردەکەوێت .(6) ئاوس لەندە:واتە بێگانە بە هەموو کەسێکی کە بێگانە بێت دەلێن ئاوسلەندەو ناوێکی ڕەزا قورسە لەلای زۆربەی ئەلمانەکان و زۆریان ڕق لە ئاوسلەندە واتە بیانی دەبێتەوە.

(7)ڕاوس ڕاوس:بە زمانی ئەلمانی واتە بۆ دەرەوە ئەی بێگانەکان،ئەم وشەیە لە لایەن هەموو ئاوارەیەک و بێگانەیەک بیستراوە،کە نازیەکانی ئەلمان دەیلێن ئاوسلەندە ڕاوس:واتە بێگانە بۆ دەرەوە.

(8)هایم: ئوردوگای پەناهەندانە کە ژیانی تیا زۆر ناخۆش و سەختەو هەموو پەناهەندەیەک دەیبینێ و تیادا ئازادیەکی تەواوی نیەو ژیانێکی نالەباری تیایە. (9) لاگەر:ئەمەش هەر هایمە و شوێنی پەناهەندە و بێ خانوو بێ دەرەتانانە.(10) شێف:واتە مەسؤول،بەڕێوەبەر،سەرکار هەمیشە کەسانی دل ڕەق و خراپ دەبنە لێپرسراوی هایمەکان ئەوەی کە من بە خۆم دیمە وابووە.

(11)سوسیال:شارەوانی،ئەو شوێنەیە کەپەناهەندەو بێ دەرەتانان پارەی نەژی و نەمری لێ وەر دەگرن و کاروباریان لەوشوێنەبۆجێ بەجێ دەکرێت لەبارەی ژیانەوە .

(12) پرۆبلێم:گیرو گرفت،مەشاکیل.

بەلای منەوە ناخۆشترین ژیان ژیانی ئاوارەیی و دوورە وەلاتانە جا بە هەر شێوەیەک بێت هەر سەخت و پڕ لە ڕەنج و نەهامەتیە ئەوەی کە تووشی بە دەربەدەری دەبێت ئەوا دەکەوێتە ناو خەم و ئازاران و هەمیشە نامۆیی بەخت ڕەشی و جەفایە،خۆ گەلێ ڕاستیان گوتووە کەدەلێن: بەرد هەر لە جێگەی خۆی سەنگینە و مرۆش هەر لە شوێنی خۆی سەنگ و وەزنی تایبەت بە خۆیەوە هەیە، دەنگی دەهۆلێ لە دوورەوە خۆشە،هەتا نەکەویتە ئاوارەیی نازانی چۆنە.

*

## ئاســـــۆی بەتەم

ئاوی چاوی پڕ گرین و شاری دڵ
بونەتە ژانی هەمیشــەو زامی کوڵ
نیمەتیشکێ بێ بدا لەوباغی گـوڵ
ڕون بکاتن ئەم ژیانەو هـیوای دڵ
بێکەس و بێدەرغەریبم پرلەخـەم
چی هەمەواحەسرەتەوئاخ وئەلەم
زۆرلەمێژە والە دووری بویمە شەم
سەیری نیمەبێجگەئاسۆیپڕلەتەم
ئەمهەمووڕەنج وجەفایەومیحنەتم
بۆ وەلات و ســەربەخۆیی میللەتم
تا نەمینێ و لا نەچێتن نیگبـــەتم
نیمە شادی  پڕ لە زاری و زیللەتم
تا وەلاتم ســەربەخۆ و ئازاد نەبێ
هەرغەوارەم ئـەم ژیانەم وا دەبێ
تاوەلات وسەربەخۆیی خۆم نەبێ
من ژیانم هەربەقوربانخاک دەبێ
*

## ســـــەربەخۆیی

ئیمسالیش ڕۆیی هـــەر ئاوارەمام
دل پڕ گرین و هەر بێـــــچارەمام
جەستەی برینم هەرخوێنی لێ دێ
هەر پەرێشانم و ئەسرینی چاودێ
ڕۆژی ڕوناکم هـــــــەر لێ گیراوە
لەم دوور غوربەتە ژیانم نەمـــاوە
دەڕوانم بەرەو ئاسـۆی تارو ڕوون
دەلێم کەی دەڕوا ڕۆژانـی وادوون
منیش بەخاکی کوردەستان شادبم
لە واری خـۆم دا ڕەهــاو ئازدا بم
هەستی ناپاک و شەڕی خۆکوژی
نەمینێ و بڕوا هەموو خۆێن مژی
ئاوازی بەرزی ســـەربەخۆییمان
بێتن لە هەموو خاکی نیشـــتمان
منیش خـاونی وەلاتی خــۆم بم
دوورلەژێردەستی داگیرکەران بم
ئالای ڕەنگینم بشــــــەکێتەوە
ناوی کوردســــــتان بەرز بێتەوە
تاو بدەم ئەسپی زانست و هونەر
شاد بێتن گیانی پاکی کوردپەروەر
وەک گەلان منیش خاکی جوانی خۆم
لەدەست خۆمابێ چارەنوسی خـۆم
ئەوسا سەربەرز و خەندان و شادم
کەسەربەخۆبێت خاکی جێی مرادم
*

نەورۆزی 1988 بەرلین

## بەرهەمە چاپ کراوەکان

1-بیرەوەری وەفاتی بارزانی نەمر.
2-خوێنی خاک دیوانی شیعر.چەند دانەیەکی کەم چاپ کراو بەکەم و کورپیەوە.
3-پێشمەرگەی ون دیوانی شیعر چەند دانەیەک چاپ کراو بە کەم و کورپیەوە.
4-هەڵەبجەی شەهید چەند نوسخەیەکی لێ چاپ کراوە.
5-دیوانی دەشتی بە شێ کردنەوە

## بەرهەمە چاپ نەکراوەکان

1-ئاژەلانی پەیڤگۆ.لە سەر شێوەی شیعرە.
2-چەند کورتە چیرۆکێک وەرگێڕدراو لە فارسیەوە.
3-چاو بە ناز.وەرگێڕدراو لە فارسیەوە.
4-بزەی گریان دیوانی شیعر.
5-قەلای ئاژەلان.وەرگێڕداراو لە فارسی‌یەوەو بەراورد کراو لە گەل ئەلمانی دا.
6-نامۆ نوسینی ئەلبێرکامۆ.وەرگێڕدراو لە فارسییەوە.
7-بیرەوەریەکانم.
8-یادێک لە دەنگی کوردستانی عێراق لە سالی 1963 تا 1980
9-بە یادی گیانی پاکی شەهیدی نەمر پرۆفیسۆر عەبدوالخالیق مارف.